# ژنان ٥٣

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ**

جۆزەردانی ١٤٠٠ - June 2021

- **هەڵبژاردنەکانی ئێران و چەند سەرەنجێك**
- **هەڵوێستێك لەسەر هەڵبژاردنی ئێران...**
- **ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان**
- **ژنان یەکەم قوربانیی نیزامی کۆماری ئیسلامی**
- **ژنکوژی وەك ترۆپکی توندوتیژی دژ بە ژنان**







WOMEN
Democratic Women Union of Kurdistan
No : 53 Date: June 2021
ژنان ٥٣
کۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ
جۆزەردانی ١٤٠٠ - June 2021
هەڵبژاردنەکانی ئێران و چەند سەرەنجێك
هەڵوێستێك لەسەر هەڵبژاردنی ئێران...
ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان
ژنان یەکەم قوربانیی ئیزامی کۆماری ئیسلامی
ژنکوژی وەك ترۆپکی توندوتیژی دژ بە ژنان
پوورە نەجیب
شۆڕەسواری مێژوویەك

# پێرست


ل ۴ – هەڵبژاردەکانی ئێران و چەند سەرنجێک

ل ۶– ژنکوژی وەک ترۆپکی توندوتیژی دژ بە ژنان

ل ۸– حەکیمی دەردان، باخەوانی ژیان

ل. ۱۰– هەڵوێستێک لەسەر هەڵبژاردنی ئێران وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان

ل. ۱۳– ژنان یەکەم قوربانی نیزامی کۆماری ئیسلامی

ل. ۱۴– لە فرۆشتنی گورچیلەوە تا بەکرێگرتنی منداڵدان وفرۆشی سپێرمی پیاوان و توو(هێلکە)ی ژنان لە ئێرانی ئیسلامیدا

ل. ۱۵– ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاری ژنانی کوردستان بە بۆنەی سەرکەوتنی ڕەوای ویستی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردن

ل. ۱۶– ڕێچکەی شەهیدان بەرنادەین

ل. ۱۷– ژن و ژینگە

ل. ۱۹– ڕاگەیاندراوی «ناوەبدی هاوکاری ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات» سەبارەت بە بایکۆتی شانۆگەری هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی

ل. ۲۰– هۆکارەکانی ژێردەستەیی ژنان و ڕێگای دەرچوون لە ڕوانگەی سیمۆن دوبوارەوە

ل. ۲۴ کاتێک دزێوی بێناموسی دزێوتر لە کوشتنی نامووسییە

ل. ۲۶– کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی ژیلا حسێنی و چەند هۆندراوەیەکی

ل.۲۷– لەناو وشەکانیا هەمیشە من

ل.۲۸– حومێڕا

ل. ۳۶– بەڕ\ێوەچوونی وێبیناری موژگان حەلیپوور و خالید محەممەدزادە لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئێران

ل ۳۷– تجاوز در بستر زناشویی



دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٥٣ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان

بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093

دیزاینی گۆڤار:
نەسرین یوسفزادە
بەرگ:
ئەیوب شەهابیڕاد

# هەڵبژاردنەکانی ئێران و چەند سەرنجێک



مۆژگان عەلیپوور



شێوازی دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمە ناگۆڕێ و دەرفەتی هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا نییە.

بۆ ئەو خولەش زۆربەی زۆری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان هەڵبژاردنی ئەم جارەیان بایکۆت کرد.هاوکات ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش شانۆی هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کرد. ئەو کۆدەنگییە و بەر بڵاوییە لە بایکۆتەکانی ئەم جارە و بەشداری نەکردنی خەڵک و بایکۆتی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە شانۆکانی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە بۆ ڕاکێشانی خەڵک و سیاسەتی سەرکوتی زیاتر لە چوار دەیە بۆ مانەوەی دیکتاتۆری لە ئێران چیدی ناتوانێت وڵامدەر بێت وئەو هەڵبژاردنەش نیشانیدا کە بەرەو نەمانی مەشرووعیەت لەو ڕێژیمە گەندەڵەین بەرەو پتەو تر بوونی سەنگەری یەکگرتووی و ئازادیخوازی خەڵک لە ئێران بە گشتیی و لە کوردستان بە تایبەتین.

بەڕێوەچوونی سێزدەهەمین خولی شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی لە ئێران .

هەڵبژاردنێک کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی تەمەنی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی ئەو نیزامە، هیچ کات دێموکراتیک نەبووە.بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەش ڕێژیمی ئێران بە کۆڵێک سناریۆی جیاواز و نیشاندانی سیماییەکی درۆیین لەو دەسەڵاتە دەیهەوێ نیشانی بدات کە سیستمێکی سیاسیی دێموکراتە کە ئاڵوگۆڕیی دەسەڵات دەکا.بەڵام پاش ڕاگەیاندنی ناوی ئەو ٧کەسەی لەلایەن شۆرای نیگابانەوە کە بە شیاوی بەربژێری بۆ پۆستی سەرۆککۆماری پەسەند کرابوون، دەرکەوت کە ئەو ڕێژیمە بازنەی بەڕێوەبەری هەر دێ و تەسکتر دەکاتەوە، تەنانەت نە هیچ کاندیدێکی ڕیفۆرمخواز و نە ئەو کەسانەی تا دوێنێ مۆرەی خۆیان بوون و سەرۆککۆماری پێشووی ئێران بوون، لەلایەن شۆرای نیگابانەوە لێهاتوویی و لێوەشاوەبوونیان پەسەند نەکرا و جێگای متمانەی ڕێژیم نەمابوون.

هەمووکات دەسەڵاتتدارانی ڕێژیم لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا و بۆ گڕ وتین بەخشین بە شانۆی هەڵبژاردنەکان بوارێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی یا چینێکی کۆمەڵگە بۆ بانگەشە بەکار دێنن.لە ٣دانیشتنی پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆککۆماریدا گوێبیستی کۆمەڵێک وادەو بەڵێنی درۆ بووین کە لە نێوانیاندا بەڵێنی درۆ بە ژنان و پێراگەیشتنی زیاتر بە بارودۆخی ئەوانیش لەو مژارانە بوو، جێی سەرەنجە کە لە هەموو هەڵبژردنەکانی ئێراندا ئەو بەڵێنانە دووپات دەبنەوە و دەبن بە وادەیەکی پوچەڵ.هەر وەک پێشوو ڕووحانی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا زۆر بەڵێنی بە ژناندا کە هیچیان نەچوونە بواری جێبەجێ کردنەوە.

هەڵبژاردنی ئازاد هەڵبژاردنێکە کە خەڵک بێ ترس بتوانێ تێیدا چ وەک بەربژێر چ وەک دەنگدەر بەشدار بێ. بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئۆپۆزسیۆن و دەنگێکی جیاواز مافی بەشداری لەو کێبرکێیە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات نییە و هەموو ئەو کەسانەی کە دەگەنە قۆناغی کۆتایی بۆ بەربژێر بوون بۆ پۆستی سەرۆککۆماری ئەو کەسانەن کە پەسەندکراوی شۆرای نیگابان و بەیتی ڕەهبەرین.

ئەو کەسانەی کە خۆبۆ پاڵاوتن بەربژێر دەکەن دەبێ لە فیلتەرەکانی شۆرای نیگابان تێپەرن کە کۆمەڵێک مەرج تێیدا هاتووە

کە هەموو کەمینە نەتەوەیی و ئایینەکان لە ئێران بێبەش دەکا لە خۆ بەربژێرکردن. بە تایبەتی تر ژنان کە بە هێنانی وشەی 'رجالی سیاسی' کە ئێستاش خوێندنەوەیەکی روونی بۆ نەکراوە، لەو کێبڕکێیە دەخاتە دەرێ و بەم جۆرە بە دانانی کۆمەڵێک میکانیزم مۆرەکانی خۆی بۆ مانەوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەی دەهێڵێتەوە.

ژنان کە نیوەی کۆمەڵگەن، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ پاش ٤٢ساڵ دەسەڵاتداری حکومەتی ئیسلامی لە زۆربەی مافە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانیان بێ بەشن ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە کۆنوانسیۆنی لابردنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک دژ بە ژنان هاتووە کە ژنان دەبێ لە هەموو راپرسییەکاندا چ وەک دەنگدەر و یان وەک بەربژێر بتوانن لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵات بەشدار بن و لە هەموو وڵاتێک دەبێ ژنان بە دوور لە هەرچەشنەهەڵاواردنێک بە شێوەیەکی یەکسان، لە بەڕێوەبردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی وڵاتەکەیاندا بەشدار بن.

لە حکومەتێکی وەک ئێراندا کە هیچ جۆرە ئازادیی رادەربڕین بوونی نییە و هەموو مافەکانی مرۆڤ تێیدا پێشێل دەکرێ و دەرفەت بە سیستمی سیاسیی ئازاد نادرێ، ناتواندرێ هەنگاو بۆ بەرەوپێشچوون هەڵبگیردرێ بەتایبەت ئەم کارە بۆ ژنان دوو هێندە قورستر دەبێ. چون ئەوان دەبێ کاتێک بۆجێگیر کردنی مافی یەکسانی تێدەکۆشن لەهەمانکاتدا دەبێ هەوڵ بۆ دابینکردنی مافە سیاسییەکانیان وەک بەشدارکردن لە سیستمی سیاسیی دەوڵەتدا بدەن.ئەو ژنانەی کە دەتوانن بە جۆرێک خۆ کاندید بکەن بۆ پۆستەحکومەتییەکان تەنیا دەرفەتێکی رەواڵەتییە بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکان وئەوان رۆڵی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە زاڵە دەگێڕن و مافی هیچ شتێکی دیکەیان نیە.هەر وەک دیتوومانە بە هەمووی ئەو هەڵبژاردنانەی لە ئێران بەڕێوەچوون نەیانتوانیوە ببنە ئاسۆیەکی روون بۆ گەیشتن بە مافەکانی ژنان و جگە لە مانۆڕێک هیچ دەسکەوتێکی سیاسیی ژنانی لێنەکەوتۆتەوە. سەرەڕای هەمووی ئەوانەش بزوتنەوەی ژنان لە ئێران تێچووی زۆری داوە بەڵام کۆڵی نەداوە و تا ئێستاش بەردەوامە و چالاکانی ئەو بوارە رووبەرووی زیندان و ئەشکەنجە و بێشەشی دەبنەوە و تا بوونی حکومەتێکی ئاوا هیچ دەسکەوتێکی سیاسییان نابێ.

حکومەتێک کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە هەموبیروڕایەکی جیاوازی سەرکوت کردوە و بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام وڵامی ویست داخوازییەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی ناوکۆمەڵگەی داوەتەوە، چۆن دەتوانین لەو جۆرە سیستمەدا چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی ئازاد بین. بە هێنانی رەئیسی کە 'هەیئەتی مەرگ' لە ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی بووە و دەستی بە خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی ناڕازیی ئێران سوورە، جارێکی دیکە مێژوو دوبارە دەبێتەوە وپێمان دەڵێ کە بە هەڵبژاردنی رەواڵەتی هیچ لە شێوازی دەسەڵاتداریی ئەو رێژیمە ناگۆڕێ و دەرفەتی هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا نییە.


بۆ ئەو خولەش زۆربەی زۆی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان هەڵبژاردنی ئەم جارەیان بایکۆت کرد.هاوکات ناوەندی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵاتیش شانۆی هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کرد. ئەو کۆدەنگییە و بەر بڵاوییە لە بایکۆتەکانی ئەم جارە و بەشداری نەکردنی خەڵک و بایکۆتی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان، سەلمێنەری ئەو راستییە بوو کە شانۆکانی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی ئەو رێژیمە بۆ راکێشانی خەڵک و سیاسەتی سەرکوتی زیاتر لە چوار دەیە بۆ مانەوەی دیکتاتۆری لە ئێران چیدی ناتوانێت وڵامدەر بێت وئەو هەڵبژاردنەش نیشانیدا کە بەرەو نەمانی مەشرووعیەت لەو رێژیمە گەندەڵەین بەرەو پتەو تر بوونی سەنگەری یەکگرتووی و ئازادیخوازی خەڵک لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتین.



# ژن‌کوژی وه‌ک ترۆپکی توندوتیژی دژ به ژنان



شه‌ونم هه‌مزه‌یی



له ده‌سپێکی مانگی جۆزه‌ردانی ساڵی پێشوودا به شێوه‌یه‌کی زۆر دڕندانه و له درێژه‌ی "ژن‌کوژی"ـیه سڕیاڵییه‌کان‌دا خوێنی "ڕۆمینا ئه‌شره‌فی" ڕژا، له کۆتایی‌یه‌کانی هه‌ر ئه‌و مانگه نگریسه‌دا – مه‌به‌ست له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ژن‌کوژی‌دایه – دوا به دوای یه‌ک دوو که‌سی تر به ناوه‌کانی "فاتمه به‌رحی" و "ڕه‌یحانه عامری" به له‌ت‌وکوت کراوی و ده‌ست‌وپێ شکاوییه‌وه ژیانیان لێ ستێندرا و بوونه قوربانیی سیستمی پیاوسالارییه‌کی گشتی له کۆمه‌ڵگه‌ی ئێران‌دا. ئه‌م میراته بۆ مانگی جۆزه‌ردانی ئه‌مساڵیش گوازرایه‌وه و له تازه‌ترین حاڵه‌ته‌کان‌دا ٤ ژنی – ئه‌م جار – کوردستانی بوونه به‌رده‌بازی گه‌یشتن به لووتکه‌ی "غیره‌ت"ـی پیاوان/ پیاوانه! خاڵی وێکچووی ئه‌م حاڵه‌تانه ئه‌وه بوو که هه‌موویان به ده‌ستی نزیکانی خۆیان و به شێوه‌ی دڕندانه کوژران. مه‌رگ و هه‌ڵپڕووزانی "گوڵاڵه" دوایین ده‌رهاویشته‌ی ئه‌م سیستمه ڕق له سکه‌یه. ئه‌ڵبه‌ت نابێ ئه‌م ڕاستییه له بیر بکه‌ین که ئه‌مه ته‌نیا به‌شێکه له‌و کوشتنانه‌ی که به میدیایی ده‌کرێن، ده‌نا به پێی ئاماره نافه‌رمییه‌کان ساڵانه ٣٧٥ بۆ ٤٥٠ ژن له ئێران‌دا له ژێر بیانووی وه‌ک "پاراستنی حه‌یای بنه‌ماڵه" له بێ‌ده‌نگیی‌دا ده‌کوژرێن. بێجگه له‌مه چه‌نده‌ها ژنی تریش له سۆنگه‌ی ئه‌م ئه‌زیه‌ت و ئازارانه‌وه په‌نا ده‌به‌نه به‌ر خۆکوشتن. ئه‌مه خۆی ده‌رخه‌ری ڕاستییه‌کی تاڵه که نیشان ده‌دا ژن‌کوژی له کرده‌یه‌که‌وه بووه‌ته دیارده‌یه‌کی ڕۆژانه.

لێره‌دا پرسیاره‌که ئه‌مه‌یه له کاتێک‌دا که به له به‌رچاو گرتنی ئه‌م ڕاستییه وا تۆڕه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان و میدیا به‌ربڵاوه‌کان هه‌تا ڕاده‌یه‌ک توانیویانه ده‌نگی کپ‌کراو و خنکێندراوی به‌شێک له‌م ژنانه به گوێی زۆربه‌ی خه‌ڵک له ده‌ره‌وه و نێوخۆی وڵات بگه‌یه‌نن و، هه‌روه‌ها هه‌ستی هاوسۆزی و لایه‌نگری بۆ ئه‌وان ڕابکێشن و له نێو ڕای گشتییش‌دا بیکه‌نه بابه‌تێکی قێزه‌ون؛ ئه‌ی بۆچی ئێمه نه‌ک شایه‌دی دووپات بوونه‌وه‌یان به‌ڵکوو زیاتر بوونیان ده‌بین؟! هۆکاره ئابووری، سیاسی و کولتوورییه‌کانی ئه‌م ژن‌کوژییانه که ترۆپکی توندوتیژی دژ به ژنان دێته ئه‌ژمار، بۆ چی ده‌گه‌ڕێته‌وه؟ هه‌وڵ ده‌ده‌م له درێژه‌ی باسه‌که‌م له‌م وتاره‌دا به گرینگ‌ترینه‌کانیان ئاماژه بکه‌م.

له پێش‌دا با به کورتی باس له ئامارێک له سه‌ر ڕێژه‌ی به‌شداریی ئابووریی ژنان له ئێران بکه‌ین، ئێمه ده‌زانین که ڕێژه‌ی به‌شداریی ئابووری بریتییه له ڕێژه‌ی جه‌ماوه‌ری سه‌رقاڵ به کار و هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ی وا به شوێن کاره‌وه‌ن، دوایه ئاستی ئه‌م جه‌ماوه‌ره دابه‌ش ده‌کرێ به سه‌ر هه‌موو ئه‌و که‌سانه‌ی وا ته‌مه‌نیان بۆ کار ده‌شێ، به‌م جۆره ڕێژه‌ی به‌شداریی ئابووری به ده‌ست دێ. له ئێران‌دا ئه‌م ڕێژه‌یه بۆ ژنان له ساڵی ٢٠١٧دا ١٦.٨٪ بوو و به له به‌رچاو گرتنی ته‌شه‌نه‌ی قه‌یرانی ئابووری له‌م وڵاته‌دا، ئه‌م ڕێژه‌یه له ئێستادا که‌م‌تریش بووه‌ته‌وه. به دڵنیایی‌یه‌وه ئه‌و ژنه‌ی که له ده‌ره‌وه‌ی ماڵ کار ده‌کا و تێکه‌ڵ به کۆمه‌ڵگه ده‌بێ، ئاستی چاوکراوه‌یی‌یه‌که‌ی له سه‌رتره و به سانایی ناچه‌وسێته‌وه. بێجگه له‌مه سه‌ربه‌خۆیی ئابووری تای ته‌رازووی پێوه‌ندیی ژن و پیاو هه‌تا ڕاده‌یه‌ک به‌رامبه‌ر ڕا ده‌گرێ و ژن له ژێر هێژمۆنیی پیاو دێنێته ده‌رێ. به‌ڵام ئایا دۆخی باشی ئابووری و سه‌رقاڵ به کار بوونی ژنان به ته‌نیایی ده‌توانێ پێش به توندوتیژی یا باش‌تره بڵێم ژن‌کوژی بگرێ؟ بێ‌گومان کاریگه‌ریی ئه‌رێنیی ده‌بێ به‌ڵام به ته‌نیایی فاکتۆرێکی یه‌کلا که‌ره‌وه نییه؛ له‌م پێوه‌ندییه‌ش‌دا نموونه زۆرن و له نوێ‌ترین نموونه‌دا ده‌توانین ئاماژه به ناوی گوڵاڵه‌ی شێخی که کارمه‌ند بوو بکه‌ین! به داخه‌وه زۆر جار شوێنی کاری ژنان ده‌بێته نوێنگه‌ی گومانی پیاوان و ورده ورده کێشه‌کانی دوای ئه‌م گومانه. ئێمه حاڵه‌تی زۆرمان هه‌یه که نیشان ده‌دا ژنان له لایه‌ن مێرده‌کانیانه‌وه له کار کراون و ڕێگه‌یان پێ نه‌دراوه درێژه به کاره‌کانیان له ده‌ره‌وه‌ی چوارچێوه‌ی ماڵ‌دا بده‌ن. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش‌دا هه‌ر وه‌ک ئاماژه‌ی پێ کرا سه‌ربه‌خۆیی ئابووری ده‌توانێ مه‌ترسییه‌کانی سه‌ر ژنان که‌م‌تر بکاته‌وه.

له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ هۆکاره سیاسییه‌کان‌دا ده‌بێ بڵێین هه‌ر له بنه‌ڕه‌ته‌وه سیستمی حکوومه‌تیی کۆماری ئیسلامی دژ به ژنه، ده‌کرێ ئه‌و سیستمه له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ژنان و مافی ژنان‌دا که هه‌ر له یاسای بنه‌ڕه‌تییه‌که‌شی‌دا پێناسه‌یه‌کمان به ده‌سته‌وه ده‌دا، له یه‌ک ڕسته‌دا کورت بکه‌ینه‌وه: "ژنان پێویسته له ژێر فه‌رمانی پیاوان‌دا بن". به‌م پێیه ئێمه ده‌زانین له‌گه‌ڵ چ جۆره ده‌سه‌ڵاتێک به‌ره‌و ڕووین، به‌ڵام کۆماری ئیسلامی و له سه‌رووی هه‌موویانه‌وه خومه‌ینی وه‌ک ڕێبه‌ری ئه‌م ڕێژیمه، له کاتێک‌دا که له ساڵی ٤٢دا به‌رامبه‌ر به مافی ده‌نگ‌دانی ژنان – وه‌ک یه‌که‌م هه‌نگاوی به‌شداریی سیاسی – ناڕه‌زایه‌تیی ده‌ربڕی، به‌ڵام دوای سه‌رکه‌وتنی شۆڕشی ئێران ئه‌م مافه‌ی له ژنان نه‌ستانده‌وه، بۆچی؟ ڕه‌نگه یه‌که‌م هۆکاره‌که‌ی بۆ ئه‌وه بگه‌ڕێننه‌وه که

ژنان لەم ئاستە لە بەشداریی سیاسیی‌دا هاتبوونە مەیدانەوە و گەڕاندنەوەیان کارێکی پڕتێچوو دەبوو، بەڵام ئەم هۆکارە ناتوانێ تەواوی هۆکارەکە بێ. کۆماری ئیسلامی کە حیجابی سەپاند دەیتوانی ئەم مافەش بستێنێتەوە. هەر بۆیە هۆکارە سەرەکییەکە لەگەڵ دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە هەمان کاتدا پێویستیی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییش بوو، ئەمەش لە بنەماڵەوە دەست پێ دەکا. لێرەدایە کە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەوایی دان بە دەسەڵاتەکەی و داڕشتن و جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی بۆ دامەزراندنی بنەماڵە و کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی، پێویستی بە دەنگی ژنان هەبووە؛ ژنانێک کە خۆیان بە دەستی خۆیان دەنگ بە پرۆژەیەکی پیاوسالارانەی دژ بە خۆیان بدەن! ئەم ڕەوتە هەتا ئێستاش بەردەوام بووە. هەر لە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەی لە دەنگدانەکاندا هەڵدەبژێردرێن یاسای دژەژن گەڵاڵە و پەسەند و لە ئاکامدا جێبەجێ دەکرێن. بۆیە ژنێک لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا ئەگەر لە هەر ڕێگەیەکەوە لە "یاسا"کان لا بدا بەرەو ڕووی سێ فیلتێری سزادان دەبێتەوە کە یەکەمینیان بنەماڵەیەکی پشتئەستوور بە یاسای پیاوسالارانەیە و دواتر کۆمەڵگەیەکی هەر لەو چەشنە و پاشان دەسەڵاتێکی بە هەمان شێوە. عەلی خامنەیی جێگەی سەرەکیی ژنان لە بنەماڵەدا دەبینێتەوە و ئەرکیشیان بەرتەسک دەکاتەوە بە منداڵ خستنەوە و پەروەردەی ئەو منداڵانە. لە دڵی ئەم باوەڕەدا گەڵاڵەی "لاویی جەماوەر و پشتیوانیی بنەماڵە" لە لایەن مەجلیسەوە پەسەند دەکرێ، کە لەوێ‌دا ژنان نەک هان بدا بەڵکوو ناچار بکا ببنە دایک و ڕۆڵی دایکایەتی بگێڕن. هەر بە پێی ئەم یاسا نوێیە (١٣٩٩) دەس‌ڕاگەیشتن بە هەر جۆرە دەوایەکی پێشگیری لە دووگیان بوون قەدەغە و بەرتەسک کراوە و لەبار بردنی منداڵیش جیا لەوەی تاوانێکی یاسایی بە ئەژمار دێ، بەدواداچوونی ئیدارەی ئیتلاعاتی بە دواوە دەبێ! بەم جۆرەیە کە لەشی ژنان وەک دارایی حکوومەت سەیر دەکرێ، ئەم داراییەش لە لایەن خاوەنەکەیەوە دەکرێ هەر جۆرە بەڵایەکی بە سەر بێ.

ئایین و ئایین‌زاکان بەشی سەرەکیی پێکهێنەری کولتووری کۆمەڵگەیەکن، کە لەم بوارەشدا ژنان نەک تەنیا مافیان پارێزراو نییە بەڵکوو دەقی زۆر توندوتیژانەیان لە سەرە، هەر بۆیە ئەو یاسایانەش لە دڵ و هەناوی ئەم کولتوورەوە هەڵقوڵیون و هاتوونەتە سەر لاپەڕەی کتێبە یاسایی‌یەکان و دە کار دەکرێن. لە زانستە مرۆیی‌یەکان‌دا هەموو لقەکان لە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەتەک یەکدان، هەموو بەشەکان لە یەک سەرچاوە تێراو دەبن. ئەگەر حیجاب و جیاکاریی ڕەگەزی لە ئاستی گشتیی‌دا بۆ خەڵک ناسیاوتر بوو، کۆماری ئیسلامی بە کەلکوەرگرتن لە کولتووری ئایینی و کولتووری پیاوسالارانە و زەق کردنەوەی دەستەواژەگەلێکی وەک غیرەت و نامووس و ... لە ڕاستای کونترۆڵی سیاسیی بنەماڵەدا، یاسای ڕادیکاڵی جێگیر کرد و "ستادی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ فەساد و فەحشا"ی دامەزراند کە بازنەیەکی بەرفرەوان بوو و، زۆربەی جۆرەکانی مووسیقی، فیلم، کایە، خواردنەوە ئەلکولییەکان، پێوەندییە سێکسییەکان، لەشفرۆشی و هتدی لە خۆ دەگرت. ئەم ستادە بە مەبەستی نەهێشتنی بەناو ئاسەواری ڕۆژاوایی سەردەمی پەهلەوی دامەزرابوو. یەکێک لەوانە پێوەندیی سێکسیی دەرەوەی بازنەی ژیانی هاوبەش سزای یاسایی بخرێتە سەر و تەنانەت بکەری ئەو "تاوان"ـە لەگەڵ قامچی و بەردەباران و مەرگ ڕووبەڕوو بێتەوە. هەر وەک چۆن بنەماڵە بووەتە شوێنێکی سیاسی، لادان لە یاساکانی بنەماڵەش دەبێتە تاوانێکی سیاسی؛ لێرەدایە کە پیاوانی بنەماڵەش دەتوانن بۆ خۆیان و ڕاستەوخۆ ببنە بەڕێوەبەرانی




یاسا و سزادەرانی لادان لەو یاسایانە، چون دەسەڵاتێکی بەهێز بە ناوی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی لە پشتی ئەم بڕیارەدایە.

لە کۆتایی‌دا نەک لە بەرەی کارناس یا فیمینیستێکی ڕادیکاڵەوە بەڵکوو وەک بینەرێکی کۆمەڵگەی دەوروبەرمان نابێ ڕۆڵی پیاوانی کۆمەڵگە لە درێژەدان بە توندوتیژی دژ بە ژن کەم‌ڕەنگ بنوێنم یان باسی نەکەم. هەر وەک باس کرا ئەم دەسەڵاتە لە ناخی ئەم کۆمەڵگەیەوە سەری هەڵداوە و بە ناخیشی‌دا ڕۆ چووەتە خوارێ، پێوەندیی خەڵک و دەسەڵات هەتا ڕادەیەکی زۆر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و دوولایەنەیە. بەداخەوە ئێستاش ئێمە لەگەڵ بیستنی هەواڵێکی دڵتەزێن گوێ‌بیستی دەیان لێکدانەوەی بە دەیان قات دڵتەزێن‌تر لە ڕووداوەکە دەبین. ئێمە کەم‌تر شایەدی ئەوە دەبین کە پیاوێک وەک بکەری توندوتیژییەکە جا چ توندوتیژیی وتاری بێ یا فیزیکی بە تاوان‌باری سەرەکی بناسێندرێ، بەڵکوو زۆربەی کاتەکان وەک چۆن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بێ‌حیجابی و کەم‌حیجابی بە هۆکاری بنەڕەتیی ڕوودانی دەس‌درێژییەکان دەزانن، خەڵک (بەشێکی زۆر لە پیاوان و هەندێک لە ژنانیش) قوربانییەکە جارێکی تر قوربانی دەکەن. بەم شێوە لە ناداوەرییە باری سەر شانی ژنانی غەدر لێکراو قورس‌تر دەکەن و تووشی خەمۆکی و ئازاری ویژدانیان دەکەن. زۆر جار لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە سەد قات لە توندوتیژییەکە تەحەمولی ئەستەم‌ترە. بۆیە لەگەڵ لە مەیدان‌دا مانەوەی ژنان، سوور بوون لە سەر داوای مافەکانیان، نارەزایەتی‌دەربڕینەکانیان، ئەوەی پێویستە هەبێ ئەوەیە کە کولتوورەکان لە هەڵاوەردنی ڕەگەزی بسڕدرێتەوە؛ چون کولتوور یەکەم و گرینگترین نوێنگەی یاسایە؛ لەم بارەیەشەوە پیاوانی ئاگا و ڕووناکبیر ڕۆڵی گرینگیان هەیە.



# حەکیمی دەردان، باخەوانی ژیان

حەمەڕەسووڵ کەریمی



زۆر دەگمەنن ئەو کەسانەی کە بە هەڵوێست و ئاکار و کرداریان دەبنە سەر قافڵەی کاروانی ژیان و خەبات و وەک مۆمێک دەسووتێن بۆ ئەوەی ڕووناکی بە دەوربەری خۆیان ببخەشن. دەگمەنن ئەو کەسانەی خۆشی ژیانیان دەکەنە توێشووی ڕێگای پڕ لە کەندولەندی ژیان و بێ ئەوەی گلەیی لە نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ڕێگای ژیانیان بکەن، هەڵۆئاسا لە شەقەی باڵ دەدەن و هەورازی ژیان بە سەربەرزی و سەربەستی دەبڕن و لە لووتکەی ژیان سەردەکەون.

نەمر کاک مستەفا حەکیمزادە (حەکیم) یەکێک لەو کەڵە مرۆڤانەی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو کە زیاتر لە دوو لە سەر سێی ژیانی لە ڕیزی شۆڕش و خەبات لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە سەربەرزی تێپەڕ کرد. ژیانێکی پڕ لە سەرەوەری و شانازی هەڵبژارد و لە تەنیشت گەورە ڕێبەرانی شەهید و زیندووی حیزبی دێموکرات درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا.

لە ماوەی ٤٢ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حەکیم دا، زەحمەتە بتوانی ئاوڕ لە هەموو ژیانی ئەو ٤٢ ساڵ خەبات و تێکۆشانەی بدەیەوە، بەڵام دەکرێ لە چەند ڕەهەندێکەوە باس لە ژیانی پێشمەرگانەی ئەو مەزنە پیاوە شۆڕشگێڕە بدەیەوە.

حەکیم لە کاتێکدا لە گەڵ بنەماڵە و باوک و براکانی دەبنە پێشمەرگە کە ساحەب سەروەت و سامانێکی زۆری ماددی و ساحەب موڵک و دووکان و ماڵ بوون، ئەوان بە بنەماڵە ژیانی شار و خۆشییەکانی ژیانیان بۆ ئازادی گەلەکەیان وەلا نا و ڕوویان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان کرد و دواتر حەکیمی پێشەنگ بوو بە سیمبوولی خۆڕاگری و شۆڕش و کوردایەتی.

حەکیم بە مانای وشە پێشمەرگە بوو، ئەوەی پێشمەرگەی پێ ناسراوە لە ڕاستیدا بە زیادەوە لە حەکیم دا دەبیندرا. پێشمەرگەیەکی گورج و گۆڵ و حازر و بە بیروباوەڕ، پێشمەرگەیەکی ئەمانەتدار و نەهێنیکار، پێشمەرگەیەکی بە هەڵوێست و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، کادر و فەرماندەیەکی جێگای باوەڕی ڕێبەرانی شەهید و زیندووی حیزبەکەمان و نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب بوو. ساحەب کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی بوو، پێشمەرگەیەک کە سەری لە سەر ڕێگای ئامانجەکانی شەهیدان دانا و تا دوا هەناسە وەفادار و ئەمەگناسانە خزمەتی بە گەل و نیشتمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

لە ئەرکی پێشمەرگانەدا پێشەنگ و پێشڕەو بوو، لە ئەمانەتداری دا دەستپاک و لە نەهێنیکاری دا دڵ و مێشکی پڕ لە ڕەمز و ڕازی نەبیستراو بوو. حەکیم ساحەب دڵێکی ساف و بێگەرد بوو، ماڵ و ژیانی تەرخانی شۆڕش و تێکۆشان و خەبات کردبوو، دەرگای ماڵەکەی بە ڕووی هەموو لایەک دا کراوە بوو، سفرەی دڵی بۆ گشت لایەک ڕاخست بوو، لە لای ئەو ژن و کچ لە ژیاندا مانای ژیان و ژینی هەبوو.

حەکیم وێڕای ئەوە کە بە دڵەوە پێشمەرگایەتی دەکرد لە هەمانکاتیشدا، وەک باوکێک لە گەورە کردنی شاکیژەکانی کچی دا دریغی نەدەکرد و لەگەڵ هاوسەری بەوەفای، هاوژینی قەتاری نێو شۆڕش و ڕۆژە سەختەکانی خەبات، خاتوو عیسمەت حەسەنپوور، ژیانێکی پڕ لە سەروەری و پڕ مەترسییان لە نێو شۆڕشدا بەسەر برد و بە یەکەوە دڵیان کردە لانەی هەموو ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەبوو، لە ڕاستیدا حەکیم کەسی بێکەسەکان بوو، خەمخۆر و دەستگرەوە و دڵسۆز بوو، دەست ڕەنگین و بە مشوور و ڕاستبێژ بوو، قەڵایەکی ڕاوەستاوی لەگیران نەهاتووی نێو شۆڕش بوو و لەیەک قسەدا گەورە و خەمخۆری ژیانی گشت لایەک و بنەماڵەکەی بوو، ڕێزێکی زۆری بۆ دایک و بۆ ژن و بۆ ئەوین و خۆشەویستی هەبوو.

حەکیم مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و یەکسانیخواز و عادڵ و گەورە بوو، کە باس لە یەکسانیخوازی دەکرێ، حەکیم پشکی شێری پێدەبڕێ، حەکیم ڕێگای خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرامبەر لە کۆمەڵگەدا، لە نێوان ژن و پیاو دا بە کردەوە ئاواڵە دەکا و لەگەڵ خاتوو عیسمەت زۆر خەمخۆرانە شاکیژەکانی کچیان هان دەدەن کە ببنە پێشمەرگە و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات و یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستان دا ببنە ئەندام و کار بۆ دەسبەرکردنی ئامانجەکانیان بکەن و هەوڵ بۆ چەسپاندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بدەن، بێشک ئەو ڕێکخراوانە و حیزبی دێموکرات شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە ئەو بنەماڵە گەورەیە چەندە دڵسۆزانە لە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەیان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و شۆڕشدا بوون و هەن.

حەکیمی هەردەم زیندوو، وێڕای خاتوو عیسمەت وەک باخەوانێک چڵ و پۆپی نەونەمامەکانی باخی ژیانیان پاراست و لە پەروەردە کردن و پێگەیاندنیان دا بوونە سەرمەشقی کۆمەڵگە و ڕێگای ژیانێکی سەربەستانەیان بۆ واڵا کردن. حەکیم لە باخە ڕەنگینەکانی ژیاندا هەوڵی دا کە باشترین نەمامەکان بکاتە دیاری بۆ کۆمەڵگە و خۆی گووتەنی شانازییان پێوە بکا و جگەرگۆشەکانی فێری ئەوین و خۆشەویستی بە گەل و نیشتمان و بە نەتەوە بکا.

حەکیمی پێشمەرگە و یەکسانیخواز لە ژیانی ئاسایی و پێشمەرگایەتی دا، لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانی شۆڕشدا، لە ژێر تەوژمی ساردی و گەرمای ژیان و نەهامەتییەکانی ئاوارەیی دا ، لە ژێر هاڕەی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان و گرمە و ڕمبەی تۆپ و کاتیۆشادا، لە نێو گرە بەرد و شاخ و دۆڵەکانی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوە دا لەگەڵ ڕێژیمێک شەڕی دەکرد و لە بەرامبەر بێ ئیمکاناتی و نەداریی نێو شۆڕشدا، خەباتی دەکرد، هاوکات زۆر سەربەرزانە توانی بە سەر هەموو کەند و کۆسپەکان دا زاڵ بێ و خوێندن و پێگەیاندنی شاکیژەکانی بە هاوکاری خاتوو عیسمەت وەک ئەرکێکی باوکانە و مرۆڤدۆستانە بۆ خۆی دیاری بکا و لە هەموو قۆناخ و وەرزەکاندا ئەم ئەرکە وەک ئەرکێکی نیشتمانی و باوکانە فەرامۆش نەکا و بە پێی ئیمکاناتی نێو شۆڕش بە زیادەوە وەک باوک و هاوڕێیەکی باش هەڵسوکەوت بکا و خەمی ژیانیان بخوات و شان وەبەر ئەرکێکی قورسی ژیان بدا، ئەم ئەرکە قورسە بە بێ بوونی هاوپشتیی خاتوو عیسمەت گەلێک دژوار و سەخت دەبوو، هەر بۆیە منداڵەکانیش دەبێ شانازی بکەن کە وەها دایک و باوکێک سەرپەرەستیان کردن و ڕێگای ژیانی سەربەرزانەیان پێ نیشان دان و لە خەمیان ڕەخساندوون.

حەکیم ژیانی خۆی وەک پێشمەرگەیەک بە سەربەرزی بەڕێ کرد و بەشێک لە ژیانی تەرخانی پاراستنی ڕێبەرانی شەهید و مەزنە پیاوە شۆڕشگێڕەکەی کورد مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و دەستەی ڕێبەری و شانازی و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا یەکێک لە کۆڵەکە قایم و پتەوەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی حەکیم لە شۆڕشدا، خاتوو عیسمەت حەسەنپوور بوو کە لە نەبوونی حەکیم دا وەک دایکێکی دڵسۆز و وەک ژنە پێشمەرگەیەک، لە پێگەیاندن و پاراستنی یادگارەکانی حەکیم دا ڕۆڵی سەرەکی گێڕا و حەکیمی دڵنیا کرد بوو کە ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی بێ دوودڵی بەجێ بگەیێنێ. بوونی قەڵا و پشتیوانێکی وەک خاتوو عیسمەت و کچەکان بۆ حەکیم گەورەترین سەرمایە و پشتیوان بوو، هەر بۆیە نەمر حەکیم لە نەبوونی خۆیدا و لە کاتی مەئمووریەت و ئەرکی حیزبی دا ، بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەرکەکانی بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبردن.

لە ژیانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا کەم کەسم دیتن کە وەک حەکیم هەمیشە لە مەئمووریەت و ئەرکی حیزبی دابێ، ڕۆیشتن بۆ مەئمووریەت و گەڕانەوە بە سەرکەوتوویی نیشانەی نەهێنی پارێزی و باوەڕی قووڵی حەکیم بوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی. هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە نەمر حەکیمیان دەناسی و دەناسن، شاهیدی بۆ گەورەیی و دڵفراونی و خەمخۆری حەکیم دەدەن، ئەو لە کاری حیزبی دا پێشڕەو بوو، لە کاری هەرەوەزی دا پێشەنگ بوو، زیاتر لە سێ دەیە بوو خۆبەخشانە سەری گەورە و بچووکی نێو حیزب و دەرەوەی حیزبی بە کەرەسە و هیممەتی خۆی چاک دەکرد و زۆر گەورە پیاو و ڕێبەر سەریان خستە بەر دەستی حەکیم.

ماندوویی و شەکەتی لە ژیانی حەکیم دا هیچ مانای نەبوو، بەپێی توانا و زۆر زیاتر لە توانای خۆی یارمەتی بە گشت لایەک دەکرد و خەمی هەموو لایەکی لەبەر بوو، بە هۆی کاری بەردەوام و زۆر، مرۆڤێکی ڕووح سووک و خۆشەویستی لێ درووست ببوو، لە نێو هاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوخەباتیانی دا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا و هەر بۆیەش لە کاتی نەخۆشی و لە کۆچی نابەوەختی زیندەیاد حەکیم دا دەریای خەم و پەژارەی خەڵک شەپۆلی دەدا و خەمخۆری خەڵک و بەشداریان لە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی دا و لەو وەزعیەتە نالەبارەی پەتای کۆڕۆنا دا نیشانەی گەورەیی حەکیم و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیاری حەکیمی بە گشت لایەک نیشان دەدا.

بەداخەوە حەکیمی دەردان و باخەوانی ژیان بە هۆی تووشبوون بە پەتای ماڵوێرانکەری کۆڕۆنا، دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو نەخۆشییە نگریسە، چاوە پڕ لە هیوا و گەشەکانی بۆ هەمیشە لە سەریەک دانان و بە کۆچی یەکجاری هەموومانی خەفەتبار و تاسەبار کرد.

کۆچی حەکیم بۆ هەمووان و بە تایبەت بۆ بنەماڵەکەی و خاتوو عیسمەت و یادگارەکانی و حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ژان و بە ئازار بوو، بەڵام بنەماڵەیەک کە لە شۆڕشدا چەندین شەهیدی وەک شەهیدان حەمەساڵح حەسەنپوور، کاوە حەکیمزادە، نەسرین حەدداد ، محەممەد حەسەنپوور و نەمران حەمەرەسووڵ حەسەنپوور ، حاجی حوسێن حەدداد و کەریم حەدداد و چەند خزمی دیکەی پێشکەش بە بارەگای گەل و نیشتمان کردبێ، دڵنیاین بە سەر ئەم کۆستە گەورەشدا سەر دەکەون و یاد و ناوی حەکیم لە دڵان دا هەردەم بە زیندوویی دەهێڵنەوە و کار و ئەرکەکانی حەکیم دەکەنە وانەی لێ فێربوون و خۆڕاگری.

ڕوحت شاد گەورە پیاو و شۆڕشگێڕی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

یاد و ناوت دەبێتە ئیلهامی شۆڕش و دڵنیات دەکەینەوە هەموومان بە یەکەوە بەو ڕێگایەدا بڕۆین کە تا دوا هەناسە هەنگاوت بۆ هەڵێنایەوە.

# هەڵوێستێک لەسەر هەڵبژاردنی ئێران وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان



وەک دەزانن ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی ئاپریلی ٢٠٢١ی زایینی بەرانبەر بە ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی لە شۆرای ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە دەنگدان کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە ئەندامانی «کۆمیسیۆنی جێگە و پێگەی ژنان» و نەزارەت بە سەر جێگەوپێگەی ژنانی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی هێناوەتەوە و هەڵبژێردردراوە. ئەو دەورەیە لە ٢٠٢٢ی زایینی را هەتا ٢٠٢٦ی زایینی و لەو دەورە چوارساڵەیەدا لە کۆمیسیۆنی ناوچەیی خاوەرمیانەی ئاسیادا حوزووری دەبێ. لە کۆی دەنگەکانی وەرگیراون ژاپۆن ٥٢ دەنگ، لوبنان ٥١ دەنگ، پاکستان ٥٠ دەنگ، چین ٤٨دەنگ و ئێران ٤٣ دەنگی بە دەست هێنا، بە حیسابی ئێران ئەو ٤٣ دەنگەی بە دەستی هێناوە، بە هەموو حیسابێک لەوە دەچێ کە لە ١٥ وڵاتی ئوروپایی و ڕۆژئاوایی لانیکەم دەبێ ٤ وڵاتی ئوروپاییش دەنگیان بە ئێران دابێ. گرینگی ئەو تەوەرە لەوە دایە کە هەر لە ماوەی مانگی ڕابردوودا دوو ڕاپۆرت هاتۆتە دەرێ کە هەردووک ئەو دوو ڕاپۆرتانە ئاماژە بە بارودۆخی ژنان لە ئێران دەکەن. یەکێک لەو ڕاپۆرتانە باسی کەلێن (شکاف) یا جیاوازیی بەزیەتی ژنان، ژیانی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگە و وڵاتانی جۆراوجۆر دەکا کە پێی دەڵێن «دیگڵۆ باڵ جێندر گەپ» ڕاپۆرت یان « ئیندێکس» ئەو لە بەینی ١٥٦ وڵاتی دنیایەدا ئێران لە ڕیزبەندی ١٥٠ دادەنێن سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ ژنان. ئەو ڕاپۆرتە کە ڕاپۆرتێکی زۆر تازەیە لە مانگی ئاوریل دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە ئەوکۆمیسیۆنە، کۆمیسیۆنی نەزارەتە لەسەر دۆخی ژنان و یەکێک لەکۆمیسیۆنە لاوەکییەکانە لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەوێ ئەرکەکانی بۆ دابینکراوە. یەکێک لەو ئەرکانە کە بۆی دیاریکراوە ئەوەیە کە چاوەدێری بکا بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا و مەنتەقەی خاوەرمیانەی ئاسیادا سەبارەت بە دەستەبەرکردنی یەکسانی ڕەگەزی لە نێوان ژن و پیاودا، سەبارەت بە تەواناسازی و بەهەرحاڵ بردنە سەرێی توانای ژنان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و بەشداری لە ژیانی سیاسیی و ژیانی کۆمەڵایەتی دا کردووە و زۆر جێی سەرەنجە کە قەرار بێ دەوڵەتێک وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە کارنامەیەکیی قابلی قبوڵی نییە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ژناندا، وەها جێگەوپێگەیەکی پێ بدرێ.

هەر ئەوەش بووە بە هۆی نارەزایەتی و نارەحەتی نەک تەنیا ژنانی ئێران بەڵکوو هێندێک لە چاوەدێران و هێندێک لە چالاکانی

مافی ژنان لە کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیشدا. سەبارەت بەو بابەتە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە «هێلێل نۆئێرا» کە بۆخۆی لە سازمانی چاوەدێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا کار دەکا و دەڵێ ئەوە شۆخیی‌ەک نییە ئێران جێگای دراوەتێ لە کۆمیسیۆنی نەزارەت لەسەر دۆخی ژنان و و دەڵێ، جالب ئەوەیە بە کەسێکی ئاور دەکاتەوە ئەتۆ بیهێنی بیکەی بە بەرپرسی ئاورکوژێنەوە. ڕێک ئەو شتە ڕووی داوە و ئێرانێکی کە بۆخۆی بەودۆخە خراپەی کە هەیەتی و ژنان سەرکوت دەکا بە هەموو شێوەیەک قەرارە لە ئاوا سازمانێکدا و کۆمیسیۆنێکدا بەشدار بێ. ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە ئەوە یەکەم جار نییە کە ئێران ئەوە پێگەیەی بە دەست هێناوە، جاری یەکەم ئێران ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی ئەو کۆمیسیۆنە هەڵبژاردرابوو. هەر ئەو کاتیش بەشێک لە ژنان و چالاکان دژەکردەوەیان نیشان دابوو، بۆیە نارەزایەتیان دەربڕیبوو. بەهەرحاڵ وەک دەزانن تا سەر ئەو نارەزایەتیانە دەنگی زۆر لێکەوتەوە و «پێتێیشێن» ئیمزا کرا و ئێستا جارێکی دیکە دیسان ئێران ئەو داوایەی کردوە و بەو شێوەیە دەنگی هێناوەتەوە.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئێران لەو جێگایەی داندراوە یا دەنگی هێناوەتەوە سروشتییە کە لەو کۆمیسیۆنانەدا یا لەو جێگایانەدا بەشێک وڵاتن کە هەماهەنگییەک دەکەن دەڵێ ئەتۆ لە فڵان جێگای دەنگ بدە بە من ئەمن لە کۆمیسیۆنێکی دیکەدا دەنگ دەدەم بەتۆ، بە هەر حاڵ بمانەوێ و نەمانەوێ لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی حزووری هەیە لەو سازمانانە و نوێنەرایەتی دەکا و بە شێوەیەکیش کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان ئەو کورسیە دەدەن بە کۆماری ئیسلامی و وابیردەکەنەوە کە دانانی کۆماری ئیسلامی لە دانی ئەو ئیمکانە بە کۆماری ئیسلامی لەوانەی کاردانەوەی ببێ.

کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک فەزایەکی ئازادتر بە وجود بێنێ بۆ ژنان ئەو مەسایلەیە کاری لێ بکا کە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێتەوە لە خودی کۆمیسیۆنەکەدا و بتوانێ بە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و زۆر زوو دەبێ باشتر بوونی دۆخی ژنان.
بەڵام چ شتێک دەبێتە هۆکار کە ئێمە کاردانەوەمان هەبێ؟! هۆکار ئەوەیەکە باوەڕمان بەوە نییە کە بتوانێ بە هیچ شێوەیەک کاریگەری لەسەر دۆخی ژنان لە ئێران دابنێ یا کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ژنانی ئێران دابنێ، لە بیرمان نەچێتەوە ئەوە جاری یەکەم نییە کە ئێران ئەو جێگایە پێ دەدرێ. جاری یەکەم ٢٠١٠ ئەو جێگایەی پێ دراوە دوایی نە تەنیا بارودۆخی ژنان لە ئێران باشتر نەبوو بەڵکو بەپێی هەمان ڕاپۆرت دۆخی ژنانی ئێران لە دۆخێکی زۆرخراپ دایە و دەرەجەبەندی١٥٠ دایە لە ١٥٦ وڵات کە لە ساڵی ڕابردوو دا ٢ پلە هاتۆتە خوارێ. ئێران لەبری ئەوەی بچێتە سەرێ و دۆخی ژنان باشتر بێ، بە نسیبەتی ٢٠٠٦ لەڕاستیدا چەندین پلەی دیکە وەدوا کەوتوە، یانی دۆخی ژنان لە ئێران نەتەنیا لە بەربوونی کۆماری ئیسلامی لەو کۆڕ و کۆمەڵانە باشتر نەبووە بەڵکو خراپتر بووە. ڕۆژبەڕۆژ توندوتیژی نیسبەت بە ژنان زۆرتر بووە. ئێستا بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە «لێبووردنی نێونەتەوەیی» هەر بەم زووانە چاپی کردووە لەو ڕاپۆرتانەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا سەبارەت بە دۆخی ژنان ئاماژە بەوە دەکردرێ لە ئێرانێ ژنان ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە کە بەپێی یاسا لەگەڵیان دەکردرێ لە بابەتگەلی جۆراوجۆردا. ئەو ڕاپۆرتەی ئەمنیەتی کە تازە هاتۆتە دەرێ باسی «٢٠٢٠» شێوەی گشتی ڕاپۆرتی ئەمنیستی بۆ «٢٠ ٢٠» دەڵێ ئێران بالاترین نرخی ئێعدامی ژنان و منداڵانی لە تەواوی دنیادا هەیە. سەبارەت بەدۆخی ژنان لە جێگایەکی دیکە دیسان ڕاپۆرتی ئەمنیستی یان لێبوردنی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکا کە ژنان لە ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە تایبەتی کاری لە بواری میرات لە بواری تەڵاق لە بواری هاوسرگیری مێرمنداڵان، لە بواری سەرپەرەستی منداڵ یان بنەماڵەدا لە تەواوی ئەو بوارانەدا بە شێوەی تایبەت ڕووبەڕوو هەڵاواردن دەبنەوە. خاڵی جێی سەرەنج سەبارەت بەو ڕێژیم یا سیستەمەوە ئەوەی ک لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ڕاپۆڕتانە دراون، هەر بە بەو زووانە چاپ کراون، ئێستا جەوهەری ئەو ڕاپۆڕتانە وشک نەبۆتەوە و ئێران بۆ ئەو جێگەیە هەڵ دەبژێردرێ، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنانی چالاک بە شێوەی گشتی و ئەحزابی سیاسی لەو بوارەدا دژکردەوە نیشان بدەن یا داوا دەکەن لە کۆڕۆ کۆمەڵی نێو دەوڵەتی کە سەبارەت بەو بابەتە هەم هەڵویست بگرن، هەم بە جۆرێکی دەبێ لێپرسینەوە بکردرێ کە کامە وڵاتانەن کە دەنگیان بەو هەڵبژاردنە داوە. وەک باس کرا لەو چل و سێ دەنگەی کە هاتۆتەوە لانیکەم چوار وڵاتی ئوروپایی یا ڕۆژئاوایی ڕای داوە، نێوی ئەو چوار وڵاتەی دێتە دەرێ و جێی خۆیەتی ڕووبەڕووی ئەو وڵاتانە ببینەوە و لێیان لەقاو بدرێ و بە شێوەیەکی ناچار بە داوای لێبوردن بکردرێن، یا لە خوودی ئەو وڵاتانە لەسەر خەڵکی ئەو دەوڵەتانە بەهەرحاڵ سەرمایەگوزاری بکردرێ کە ئەوانە دەوڵەتەکانی خۆیان وڵامدەر بن کە بۆچی بە کۆماری ئیسلامی کە وەها کارنامەیەکی هەیە دەنگ دراوە؟!

بەسەر ئەوەشدا هێندیکیش چالاکی و جم وجۆڵی جۆراو جۆر خەریکە تەراحی دەکردرێ بە تایبەت کە پیتیشێنێک خەریکە ئامادە دەکردرێ چەندین ڕێکخراوی ژنان بەیەکەوە قەراریان داناوە ئەو پێتیشێنە ئەگەر ئامادە بکردرێ قەرارە هەم ژنان لە نێو خۆ هەم ژنان لە دنیای دەرەوە و هەم بەشێک لە ژنانی بیانی یا سیاسەتوانانی بیانی لەگەڵمان کەون. سەبارەت بە ئیمزا کردنی پێتیشێنەکە، کاردانەوە نیشان دان و هێندێکیش ڕێکخراو تەنانەت داوای ئەوە دەکەن کە ئێران دەر بکردرێ لەو کۆمیسیۆنە و بەجۆرێکی تەحەمول نەکردرێ ئەو ڕەفتارە دووگانەیە و دژ بەیەکەیە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی بە تایبەت ئێستا کە کۆماری ئیسلامی دروست لە قۆناغی ڕووخان دایە. یانی لە لاوازترین حاڵەتی خۆی دایە و بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدا کە تەمەنی درێژ کاتەوە تەمەنی دووبارە بۆخۆی بکڕێتەوە و ئەوە گەورەترین خیانەت بە خەڵکی ئێران بە ژنانی ئێرانە و زۆر گرینگە کە سەبارەت بەو بابەتە هەموو هەڵوێستمان هەبێ. ئەوە تەنیا کێشەی ژنان نییە و هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان بتوانن لەو بوادەدا بەیەکەوە هاوکاری بکەن.

هەڵبەت چەند نامەی ئێعترازیش نووسراون بۆ کۆڕ و کۆمەڵی نێو دەوڵەتی نێردراون و بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر ناردراون. مەبەستم ئەوەیە کە زۆر حەڕەکەتی ئیعترازی لە ئێستادا شکڵیان گرتووە کە کاری لەسەر دەکرێ.

بەدڵنیاییەوە هەموو نارەزایەتییەک کار و کارتێکەری خۆی دەبێ، بڕوام نییە کە کارتێکەری نابێ، بەڵام گرینگییەکەشی ئەوەیە کە تا چ ئەندازەیەک نارەزایەتی و ئەو هەڵوێست گرتنە چەندە دەتوانێ هەم بەردەوام بێ و هەم قووڵ بێتەوە هەم هەموومان لە یەک نیزیک کاتەوە نەک ئەوەی کە هەر کەسە لەلای خۆی بە تەنیا هاوار بکا، بەڵکو بتوانین بە شێوەیەکی




هەماهەنگ و مونسەجیم و ڕێکخراوەکانی جۆراوجۆری ژنان لە فەعالییەت و چالاکی جۆراوجۆر لەو مەیدانەدا فەعال بن و تەنیا بۆ دەورەیەک نەبێ و تەنیا کاری ژنان نەبێ، بەڵکو هەموومان بەیەکەوە لەو زەمینەیەدا لە هەموو دەرفەتێکی  کە دێتە گۆڕێ دەبێ کەڵک وەرگرین. نەتەنیا ئەو دەرفەتانەی کە دێنە پێش بەڵکو دەبێ دەرفەتی بۆ بخوڵقێنین و دەبێ بەرنامەڕیزی چڕ و پڕی بۆ بکەین، دەبێ لە هەموو بوارەکان حزوورمان هەبێ و بتوانین کاریگەری و کارتێکەریی خۆمان دابنێین کە جارێکی دیکە دەوڵەتێکی ئورووپایی نەوێرێ و نەتوانێ و جورئەت نەکا کە وەها دەنگێک بدا و تا ئەو جێگایەی بۆمان بکرێ داوای ئەوە بکەین ئەو ڕایە وەربگیرێتەوە و ئێران لەوێ دەر بکرێ.

ئەگەر ئێمە بتوانین لەسەر ئەو ویست و داخوازییەی خۆمان سوور بین و بە هەماهەنگی و بەرنامە، بە درووستی بچینە پێشێ، ئەمن پێموایە ڕەنگە بتوانین هەتا ئەو قۆناغەش بێین.  چەند نامەیەک نووسراوە داوا کردراوە کە داوای لێبوردن بکردرێ لە ژنانی ئێران و لە خەڵکی ئێران و نامەگەلێکیش نووسراوە و داوا کردراوە کە ئەو دەوڵەتانە کە دەنگیان داوە بە ئاشکرا مەعلووم بکردرێ و لەو نامانەدا هاتووە کە بەو جۆرە ئەنستیتۆهای کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئاست و متمانە و کارکەردی خۆیان لە دەست دەدەن و ژنانیش چی دیکە باوەڕ و بڕوایان نامێنێ بەو ئۆرگانیزاسیۆنە نێودەوڵەتییانە و گرینگە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی خۆیان بدەن کە متمانەی خەڵک و بە تایبەت متمانەی ژنان بە دەست بێتەوە.

ئەوە مامەڵەیەکی سیاسییە بەڵام زۆرتر مامەڵەیەکی سیاسییە لەگەڵ وڵاتانی کە حزووریان هەیە لە کۆمیسیۆنی جۆراوجۆری نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو مامەڵەیە دەکرێ ئەمن لە فڵان کۆمیسیۆنە مەسەلەن وڵاتێک دەڵێ لە فڵان کۆمیسیۆنە بە تۆ ڕای دەدەم بەڵام لە فڵان کۆمیسیۆنەی دیکە کارم بە تۆیە و تۆ ڕای بە من دەدەی. یانی بە جۆرێک ئەو هەماهەنگییانە دەکرێ دەنا ئێران لیاقەتی ئەندامبوون لەو کۆمیسیۆنەی نیە. ئێران خۆی کاندید کردبوو بۆ دوو کۆمیسیۆنی مادە هۆشبەرەکان و کۆمیسیۆنی ژنان کە لە کۆتاییدا بۆ ئەو دوو کۆمیسیۆنە کە بە قەولی مەعرووف دەنگی هێناوەتەوە بە هۆی هەر ئەو مامەڵانەدا بووە.

تەبیعیە معامەلە کردن لەسەر پووڵ ئەوە شتێکی درووستە ئەوەی کە زۆر کەس هێندێک متمانەی خۆیان لە دەست دەدەن سەبارەت بە عەرسەی سیاسی بەخاتری ئەوەی کە پووڵ و معامەلەی ئابووری ئەرجەعیەتی زۆرتری پێدەدرێ تا مافی مرۆڤ. بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە باوەڕمان وابێ کە ئەوە بە تەواوی بوەتە ئەرزش و پرەنسیپی  هەڵسوکەوت لە عەرسەی سیاسی دا ئێمە مادام کە بەهەر حاڵ ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامین و ئەوڕۆ کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین و خراپترین حاڵەتی خۆی دایە و لە سەر لێواری مەرگە ئێمە دەبێ کۆڕ و کۆمەڵی نێو دەوڵەتی ئاگادار بکەینەوە سەبارەت بەوەی کە ئەو مەعامەلەیە کاریگەریی خراپی دەبێ و سبەینێ ئێوە لەگەڵ خەڵکی ئێران ڕووبەڕوو دەبنەوە، دەبێ وەڵامدەری خەڵکی ئێران بن چۆن ئەو ڕێژیمە بە زوویی دەڕووخێ و چی لە عومری نەماوە و ئەو مەعامەلەیە مەعامەلەیەکی دروست نییە. سروشتییە معامەلە کردن لەسەر پووڵ ئەوە شتێکی دروستە ئەوەی کە زۆر کەس هێندێک متمانەی خۆیان لە دەست دەدەن  سەبارەت بە عەرسەی سیاسی بەخاتری ئەوەی کە پووڵ و معامەلەی ئابووری ئەرجەعیەتی زۆرتری پێدەدرێ تا مافی مرۆڤ، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە باوەرمان وابێ کە ئەوە بە گشتی ببێ بە ئەرزش و پرەنسیپ.

ئەوە بەشێک لە سمینارێکی تێلێگرامی بوو کە لە کۆڕی تێلێگرامی «ژنانی وڵاتی خۆر» لەگەڵ خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئێران ل وەک جێگە و پێگەی ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەچوو.

# ژنان یەکەم قوربانیی نیزامی کۆماری ئیسلامی



ئامینە خزری (ئاوین_م)

مێژووی ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا ساڵی ١٩٧٩( شۆڕشی گەلانی ئێران)، بە روونی نیشان دەدا کە هێڵی بنەڕەتیی سیاسەتی ڕوحانیەت و ئیسلامگەرایی لە ئێران دا، دژایەتی دەگەڵ نوێسازی ، چوونەپێشی وڵات و مافەکانی ژنان هەبوە. ئامانجی ڕوحانیەت لە دژایەتی دەگەڵ مافەکانی ژنان ئەوە بوە کە پێشی دێموکراسی، یەکسانی و مۆدێرنیتە بگرێ و کۆمەڵگەی ئێران لە چوارچێوەی سوننەتەکانی دینیدا بهێڵێتەوە. هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ژنان نیشان دەدا کە حیجابی زۆرەملی و سنووردارکردنی ژنان بە گشتی، بێجگە لەوەی کە بە مەبەستی پاراستنی سوننەتەکانی دینی بەڕێوە چوون و دەچن، لایەنێکی گرینگی دیکەش لەخۆ دەگرن کە، ئەویش داسەپاندنی یاساکانی هەڵاواردنە. بەپێی ئەو یاسا پاشکەوتوانەیە، ژنان بێجگە لەوەی کە دەبنە ئامرازی دەسەڵاتی نیزام، دەورێکی لاوازیشیان لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵات و کۆمەڵگە دا دەبێ. بە مانایەکی دیکە، پرسی ژنان لە پرسێکی سەربەخۆ دێتەدەر و وەک پرسێکی لاوەکی دەکەوێتە خزمەت سەقامگرتوویی نیزامی کۆماری ئیسلامیەوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا، بارودۆخی ژنان لە ژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامیدا، نە تەنیا هیچ جۆرە چوونە پێشێکی بەخۆیەوە نەدی، بەڵکوو لە زۆر بارەوە بۆ دوایەش گەڕایەوە. ژێردەستیی ژنانی ئێران لە لایەن حاکمیەتی نوێوە لە یاسای بنەڕەتی و لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا نەهادینە کرا. ستەمی جینسی کە سەرچاوەکەی عوورف و شەرعی ئیسلامە، شێوازی یاسایی بەخۆوە گرتوە و ژیانی ژنانی ئێرانی بەگشتی و کوردستانی بە تایبەتی خستۆتە ژێر کارتێکەری خۆیەوە. لە ڕاستیدا لە یەک ڕستەدا شۆڕشی ساڵی١٩٧٩ ی ئێران شۆڕشێکی مەزهەبی پیاوسالارانە بوو کە دژایەتی دەگەڵ پرسی ژنان و ئازادی و یەکسانی هەبوو و، پێوەندێکی توند وتۆڵی لە نێوان بایەخەکانی پیاوسالاری، نەتەوەپەرستی و نیزامی مەزهەبی پێکهێنا. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی کەسایەتی ڕاستەقینەی ژنان و مافی ئینسانی ئەوانی تەنیا لە چوارچێوەی بنکە و بنیادە ئیسلامیەکان بە ڕەوا دەزانێ کە، ئەو مافانەشی بەستۆتەوە بە پابەندی بە نیزامی عەقیدەتی و ئارەمانی کۆماری ئیسلامیەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوای دامەزرانی هێڵی بنەڕەتیی سیاسەتی سەرەکی خۆی لە پێوەندی دەگەڵ ژناندا، هەوڵیدا ئۆلگوی ئیسلامییان لەسەر پیادە بکا و بە سنووردار کردنی تێکۆشانی ژنان لەنێو کۆمەڵگە و بنەماڵە دا، دژایەتیەکی بەرینی لە نێو وتووێژی ژنان لە هەموو بەشەکانی ئێراندا بۆخۆی پێکهێنا . دەکرێ بڵێین ژنان یەکەم قوربانیی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بوون و هەر بەو هۆکارەش، ژنان یەکەم توێژی کۆمەڵایەتی بوون کە بناغەی دژایەتیان دەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی دەخۆیاندا پێکهێنا.

ئێستا زیاتر لە چوار دەیەیە کە ژنانی ئێران بۆ پاشەکشە کردن بە یاسا داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە




مافەکانی ژنان، دە خەبات و بەربەرەکانیەکی توندوتیژ و نابەرانبەر دان. خەباتی ژنان لە ئێراندا سەرباقی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر، سەرکوت و کوشت و کوشتار و ئێعدام و تەجاوز، بەشێوەیەکی مەدەنی بەردەوامە و هەنگاو بە هەنگاو لە زۆر بواردا توانیویانە هێندێک پاشەکشە بە نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەن.

کاتێک دێینە سەر بارودۆخی ژنانی کورد هەموو ئەو یاسا دواکەوتوانەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژن، ژنی کوردیش دەگرێتەوە، بەو جیاوازیەوە کە ژنانی کورد هەم لە لایەک وەک ئەندامی نەتەویەکی ژێردەست ستەمی چەند قاتی نەتەوایەتی دەچێژن و هەم وەک ژنیش لە هەموو ئەو زوڵم و نابەرابەریانەدا کە کۆماری ئیسلامی بەسەر ژنانی ئێراندا سەپاندوویەتی بەشدارن. بێجگە لە هەموو ئەوانە ژنانی تێکۆشەری کورد زۆر جار لەنێو کۆمەڵگەدا لە لایەن بنەماڵە و خزم و کەس و کاریشیانەوە بە هۆی تێکۆشانی سیاسی و یەکسانیخوازانەیان دەکەونە ژێر گوشارەوە کە لە هەموو جۆرە ستەمەکانی دیکە بۆ ژنان ناخۆشتر و قورسترە. بە هیوام هەوڵی سەرەتایی ژنان و پیاوانی چالاکی کورد کەمکردنەوەی ئەو گوشارە بنەماڵەییانە بێت تا ڕۆژێک خەڵکی ئێمە بەو ئاستە تێگەیشتنە بگەن کە تا ئەو ڕۆژە کە دەتوانین وەکوو نەتەوەی کورد خۆمان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەران و یاسا ئایینیەکان ڕزگار دەکەین، بنەماڵە و کۆمەڵگەی کوردەواری خۆمان پشتگیریی ژنان بۆ کار و تێکۆشانی سیاسی و بەرابەریخوازانەیان بن.

# له فرۆشتنی گورچیلەوە تا بەکرێگرتنی منداڵدان و فرۆشی سپرێمی پیاوان و توو(هێلکە)ی ژنان له ئێرانی ئیسلامیدا

بەشی لێکۆڵینەوەی دیاردە
کۆمەڵایەتییەکان



یەکێک لەو بابەتانەی کە بەردەوام لە شارە گەورە و چکۆلەکانی ئێران دێنە بەرچاو ڕیکلامی فرۆشتنی ئەندامانی جەستە وەک گورچیلە و چاو و ئەندامانی دیکەیە. ئەوە بۆتە کاسپییەکی ئاشکرا و خەڵک بۆ بژێوی ژیان کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆ نموونی هەزاران ژن و پیاو هەن کە بۆ ئەوەی بتوانن خەرجی بنەماڵەکەیان بدەن یەک لە دوو گورچیلەکانیان یان تەنانەت چاوێکیان دەفرۆشن. زۆر جاریش باس لە پەرەساندنی فرۆشی لە ڕادەبەدەری منداڵەکانیانە و تەنانەت ماوەیەک پێش لە سوشیاڵمیدیادا بە ئاشکرا ڕیکلامیان بۆ دەکرا و وێنە و بیوگرافی منداڵەکانیان بڵاو دەکردەوە. ئەوە ڕێگاخۆشکەرە بۆ قاچاخچیەکانی ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤ و مەترسیەکی زۆر ڕوو لەو منداڵانە دەکا.

ئەوەی لای من جێی سەرنجە و بەهیوانم لەو وتارەدا بیگونجێنم لەو ماوەیەدا بیری لێدەکەمەوە و بیستووە فرۆشتنی تۆو(هێلکە)ی ژن یان سپرێمی پیاوانە. هەڵبەت وادیارە ئەوە زۆریش تازە نییە و ئەوە منم کە هەتا ئێستا لێی بێخەبەر بووم.

دوای ئەوەی کە بیستم ژنان بۆ ئەوەی بتوانن خەرجی ماڵ و منداڵیان بدەن و بۆ دەرهێنانی بژیوی ژیان و کەمترین پێداویستییەکانیان کە زۆربەی جار تەنیا بەشی مان و نەمانی خۆیان و بنەماڵەکەیان هەموو مانگانە دەچنە ژێر دەستی دوکتور و بە چەند شێوە دەرزی و دەرمان و هۆرمۆناتی و بێهۆشی بەشێک لە تۆو (هێلکەکە)ی خۆیان دەفرۆشن بەو کەسانەی کە توانای منداڵ بوونیان نییە. و ئەوە بۆ پیاوانیش وایە و ئەوانیش بەو شێوەیە سپریمیان دەفرۆشن هەڵبەت ئەوان لەوانەیە بەو شێوەیەی ژنان ئازار نەکێشن و کڕین و فرۆشتنی سمێڕ لە ئێران وەک کڕین و فرۆشتن وایە، وەک کڕین و فرۆشتنی چەک و خواردنەوە کحولیەکان، کڕین و فرۆشتنی هێلکە، مامەڵەکردنی گورچیلە، مامەڵەکردن جگەر و سییەکان، بەکرێگرتنی هێلکەدان گەشتێکی بازرگانی نوێیە کە دێتە نێو خەڵک و بە تایبەت گەنجەکان لە بارودۆخی خراپی ئابووری یان نالەباری ژیان.

چەند یاسایەک بۆ ئەو ژنانەی کە دەیانهەوێ توو(هێلکە)کانیان بفرۆشن هەیە یەکیان ئەوەیە کە یان هاوسەرەکەی ڕازی بێ و نامەی ڕەزایەتی بۆ واژۆ کردبێ، یان ئەوەی کە تەڵاقنامە یان گەواهی فەوتی هاوسەرەکەی پێ بێ تا بەشێوەی فەرمی ئەو کارەی بۆ بکەن. ئەوە لە کلنیکە فەرمییەکان بە بڕێکی مام ناوەندی دەکڕێ و لەوانەیە زۆر کەمتر لەو ئازارە بێ کە ئەو ژنانە دەیچێژن، بەڵام لە ژێرزەمینە شاراوەکان و بە شێوەی قاچاغی ئەو کارە بۆ ئەو کەسانەی کە تەڵاقنامە یان گەواهی فەوتی هاوسەر یان ئیزنی هاوسەریان نییە دەکرێ و زۆر جار لەگەڵ ئەوەی کە لە مەترسییەکانی ئەو جۆرە شوێنانە ئاگادارن، نەبوونی و بێدەرەتانی ناچاریان دەکا ڕوو لەوێ بکەن و بە فرۆشتنی توو(هێلکە) پووڵێک بۆ پێداویستییەکانیان وەدەست بێنن.

لەلایەکی دیکە زەمانێک بوو خەڵک منداڵدانیان بە کرێ دەگرت یانی ئەوەی کە ژنێکی ساغ و سڵامەتیان کە حازر بوو ئەو کارە بکا (کە ئەویش لە ڕووی ناچاری و بێدەرەتانی بوو) هەڵدەبژارد و منداڵەکەی خۆیان لەنێو منداڵدانی ئەودا گەورە دەکرد و پووڵێکی زۆریان دەدایە و ئێستاش ئەوە هەر ماوە و زۆر لەو کەسانەی کە منداڵیان نابێ بەو شێوەیە توانیویانە دەنگی

پێکەنین و گریانی منداڵەوکەی خۆیان لە ماڵی خۆیان ببیستن.
ئەو شێوە منداڵبوونە کێشەیەکی زۆری ناوەتەوە و خەڵک بە تایبەت ژنانی ترساندووە بە شێوەیەک کە نازانن چی بکەن و هەر بۆیە ئەو شێوەی کڕینی تۆو(هێلکە)ی ژنێکی سڵامەت لەوە باشترە کە بیانهەوێ مێردەکەیان هەر تاو ناتاوێک بە بیانووی منداڵەکەیان سەر لە ماڵی ژنێکی دیکە دەرێنێ موحیبەتی پێ بکا جل و پیداویستی بۆ بکڕێ و نازی بکێشێ و زۆر جاریش بووە کە ئەو ژنانە پەیوەندییەکی سۆزداریان لەگەڵ منداڵەکە یان باوکی منداڵەکەدا دروست کردووە، کاتێکیش منداڵەکە لەدایک بووە، ئامادە نەبوون وازی لێبهێنن بۆیە ژیانی هاوسەرییان تێکچووە. لە کاتێکدا خێزانی منداڵەکە پارەیەکی زۆر دەدا، بۆیە ژنان حەزیان لە وەرگرتنی ڕەحیمی کرێ نییە، بەڵکو ئامادەن بۆ ئەوەی منداڵیان ببێ تۆوی ژنێکی دیکە بکڕن. زۆر جاریش ئەوە لە بواری پیزیشکی و بیولۆژیکی ناکرێ چونکە منداڵدانی دایکەکە توانای هەڵگتنی منداڵی نییە بۆیە تەنیا ڕێچارە دووبارە دەبێتە بەکرێگرتنی منداڵدانیکی ساغ و سڵامەت.
ئەوەی کە من لەو وتارەدا دەمهەوێ سەرنجی پێبدەم و پێموایە کێشەیەکی گرینگەکە ئەوەیە کە لە وڵاتێکی وەک ئێرانی کۆماری ئیسلامی دا سەدان و هەزاران، لەوانیە زیاتریش ژن هەن کە بۆ بژێوی ژیان و کەمترین خەرج و پێداویستی ڕوویان کردووەتە ئەو شێوە کارانە و بەڕێوەبەرانی حکوومەتی نە تەنیا پێشی پێ ناگرن بەڵکوو حوکمێکی ئیلاهیشیان لەسەری داوە و دەفەرموون لە ڕوانگەی شەرعی ئیسلامەوە ئەوە هیچ بەربەستێکی نییە تەنیا دەبێ ئەو ژنە گەواهی تەڵاق، فەوت یان ڕەزایەتی هاوسەری پێ بێ. بەڵام ناڵێن کە ئەگەر ژنێک ناچار بەوە بێ بۆ ئەوەی کە خەرجی منداڵی سەغیری بکێشێ هەموو مانگێک دەبێ ڕەنجی تەزریقی چەندین شێوە هۆڕمۆنی جۆراوجۆر بکێشێ یان نۆ مانگ ناچارە منداڵی کەسێکی دیکەی لە زگی خۆیدا هەڵگرێ زۆر کەس ئەو مامەڵانە لە کلینیکە ژێر زەوییەکان دا دەکەن چونکە گرێبەستی هاوسەرگیرییان نییە دەبێ بە قاچاخ ئەو کارە بکەن و لە سەرێ باسم کرد کە ئەوانیش لەگەڵ ئەوەی کە دەزانن مەترسیان هەیە خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێدەکا.
شتێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە کە لە کلینیکەکانی ژێر زەوی کاتێک تۆو (هێلکە)ی ژنێک بەخێو دەکرێن و دەبێ لە نێو منداڵدان دەربهێنرێ و دکتۆر نەشتەرگەرییەکەی هەڵوەشاوە(باز)ی بۆ بکا و ئەم تۆو (هێلکە)یەی کە بە دەرزی هۆڕمۆنات گەشەی کردووە ئەگەر لە لەشیدا بەجێنەهێڵێ دەبێتە هۆی مردنی ژنەکە. هەروەها دەرمانی هۆرمۆنی زۆر بەرزە و مەترسی توشبوون بە شێرپەنجە لە خەڵک زیاد دەکا. یان هێندێک جار ژنەکە لەوانەیە چیتر منداڵی نەبێ.
شتیکی دیکەش کە جێی ئاماژیە لەم مامەڵانەدا نرخی کۆرپەی نێو زگی دایکەکە ئەگەر کوڕ بێ: ٤٨٠ ملیۆن، ئەگەر کچ بێ: ٢٤٠ ملیۆن ئەگەر ناتوانن بڵێن کچ یان کوڕێک: ٣٦٠ ملیۆن!
ئەوە یانی ئەوەیکە، ئەگەر کۆرپەکە کوڕ بوو دوو هێندەی کچ نرخی دەبێ. تەنانەت ئەوەش یەکی دیکە لەو دەیان زوڵمەیە کە لەو دەوڵەتەدا لە ژنان کردراوە و دەکرێ لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بهێندرێتە بەر باس.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی ژنان کوردستانی بە بۆنەی سەرکەوتنی ڕەوایی ویستی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردنی ١٤٠٠




ئەوەی لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی روویدا نوسینەوەی سەر لە نوێی مێژوویەکە کە زیاتر لە چوار دەیە بە ناڕەوا بە سەر خەڵکدا داسەپاوە.
لە شانۆی هەڵبژاردنی ئەمرۆ، "نا"یەکی گەورە بە کۆماری ئیسلامی وترا؛ خەڵکی کوردستان بە بایکۆتی بە ناو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ریفراندۆمێکیان خستە ڕێ و "نا"یەکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلامی نیشان دا کە نیشاندەری لە ناوچوونی پێگەی کۆماری ئیسلامی و لە هەمانکاتدا رەوایی ویستی خەڵک بوو.
ناوەندی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات سەرکەوتنی گەورەی ئەمڕۆ کە بە سندوقە خاڵی و بنکە چۆڵەکانی هەڵبژاردنی ١٤٠٠ بە جیهان نیشان درا، لە خەڵک و بەتاییەت لە ژنان پیرۆزبایی دەکات و وێڕای سپاسی هەموو چالاکانی کەمپەینەکانی "نا" بە کۆماری ئیسلامی ئەو نارەزایەتییە بەهەند وەردەگرێ و وەک دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئەژمار دەکات.
لەم قۆناغە نوێیەدا هێزی دژبەری کۆماری ئیسلامی بەرین تر لە هەمیشەیە و کۆماری ئیسلامیش لە لاوازترین پێگەی خۆیدایە. گومان لەوە دانییە کە نەتەوەی کورد و لەم نێوانەشدا ژنان زۆرترین قازانج لە گۆڕان و روخانی کۆماری ئیسلامی دەبەن.
هەر بۆیە ناوەندی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات بە پێویستی دەزانێ وێڕای سپاسی هەموو چالاکان و خەڵکی کوردستان و بە تایبەت ژنان ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لە هەموو ژنانی کوردستان پیرۆزبایی بکات.

ناوەندی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات
٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی
١٨ی ژوئەنی ٢٠٢١ی زایینی


نەسرین یوسفزادە

# ڕێچکەی شەهیدان بەرنادەین



باوکی شەهیدی حیزبە، بۆیە هەر لەسەرەتای منداڵییەوە خۆشەویستی حیزبی دێموکرات هەر لە ڕوح و دەرونیدا چەکەرە دەکا دوای خوێندنی سرەتایی کە بە ناچاری دەستی پێ لە خوێندن هەڵدەگرن کە بە داخەوە ئەوە لە مێژ ساڵە بۆتە نەریتێک و دەبێ بە هیمەتی خەڵکانی زانا و دایکانی و باوکانی ژیر بە یەکجاری تەواو بێ وبێ و کاتێک بێ کە هیچ کچێک نەڵێ نەخوێندەوارم یان خوێنەدواریم کەمە. هەر زۆر بە تەمەنێکی کەم دێتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بەهۆی تەمەنی کەم و لەگەڵ ئەوەی لە ناخی دڵەوە خوازیاریب ئەوە دەبێ کە ببێتە پێشمەرگە و بتوانێ خزمەت بە خاک و خەڵکەکەی بکا بەڵام بە چەند هۆکاری دیکە نابێتە پێشمەرگە و دەورەی پێشمەرگایەتی نابینێ. هەر ئەو کاتە دەبێتە ئەندامی حیزب و ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان.

سنوور دوای ماوەیەک هاتنی بۆ نێو حیزب لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی بنەماڵەی حیزبی بە ناوی سمکۆ سولێمانی کە ئەویش برای شەهیدە ژیانی هاوبەش پێک دەهێنێ و بە دڵخۆشی لەگەڵ هاوسەر و دایک و باوکی هاوسەرەکەی دەست بە ژیان دەکا. بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە لە کار و ئەرکی حیزبی سڵ بکاتەوە و ئەرکەکانی وەک پێویست بە ئەنجام نەگەیەنێ. بەڵکوو بگرە زۆریش چاکتر و زیاتر و بەهیواتر کار دەکا. سنوور لە هیچ کام لە ئۆرگانەکانی حیزب کاری نەکردووە بەڵام وەک سەشانەی حیزبیش و ژنانیش لەگەڵ ئەوەی سێ کوڕی چاوگەشی بە دوای یەکدا دەبێ و بەداخەوە باوکی هاوسەرەکەشی بە هۆی نەخۆشی شەکرە (قند) ماوەیەکی زۆر لەسەر جێگا بوو و پێویستی بە ئاگاداری دەبێ ئەرکی ئاگاداری و پەرستاری ئەویش بە دڵ و گیان وەئەستۆ دەگرێ و تا ئەو جێیەی لە توانای دابوو تا ئەو کاتەی کە خەزووری فەوتی کرد، نەوەک وەکوو بووک بەڵکوو وەک کچی خۆی خزمەتی کرد، تەنانەت ئەو کاتییش لە بەجێهێنانی ئەرکی حیزبی نەوێستا.

ئەو هەمووکات هەم بۆ کاری ڕیکخراوەکان و هەم بۆ حیزب ئەندامێکی چالاک بووە، تا ئەو جێیەی توانیبێتی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشدار بووە، کار و چالاکی و ئەرکە پێسپێردراوەکانی بە پێی توانای بەجێ هێناوە، سەرشانەی حیزبی و یەکیەتیی ژنان بووە و بەردەوام کۆبوونەوەی بەسوود و جێی سەرنجی بۆ هاوڕێیانی وەڕێخستووە و خۆشی سوودی لەو بابەتانەی کە لە کۆبوونەوەکانی حیزبی و ژنان دا بەشداریان دەبوو وەردەگرت.

سنوور ژنێکی لایەنگری موتالا و خوێندنەوەی بابەتگەلی بەسوودە و هەموو کات ئەوەی خۆی لە خوێندنەوەی بابەتێک بەدەستی هێناوە بە دڵئاواڵەیی بە هاوڕێیانی بەخشیوە.

یەکێک لەو ئەرکانە ئەوە بوو کە ڕۆژێ دوو ئەندام سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنان بکەن، ڕۆژی ڕووداوەکە یانی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ لەگەڵ ئامینە مەحموودی(باسی ئامینە مەحموودی لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری ژناندا کراوە) سەردانی یەکیەتیی ژنان دەکەن.

ئەو ڕۆژە کاتژمێر ١٠ و ٤٥ی سەرلەبەیانی کۆماری ئیسلامی کە هەموو کات توونی خوێنی کوردە و هیچ کاتێک ئۆخەی نایا بە مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر قەڵای دێموکرات و بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی کە چەندین کەس لە کادر و پێشمەرگەی دڵسۆز و قارەمان شەهید بوون سنوور خزری و چەند خاتوونی دیکە کە لە بنکەی یەکیەتیی ژنان بوون بە توندی بریندار بوون.

ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەی وەرزانەی کومیتەی ناوەندی بوو و لە سکرتاریا ئەو کۆبوونەوەیە گیرابوو، یەکیەتیی ژنان ئەو کات لە قاتی سەرێی سکرتاریا بوو بۆیە کاتێک مووشەکەکان کەوتنە خوارێ لە ئەوێ دران ئەو کەسانەی لەوی بوون بە توندی بریندار بوون.

دیارە وەک باسمان کرد ئەو ڕۆژە لە قەڵا کۆمەڵێک لە باشترین کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری حیزب شەهید و بریندار بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەش چەند خاتوون کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆژانەی خۆیان لە قەڵا بوون لە بنکەی یەکیەتیی ژنان و کتێبخانەی حیزبی دێموکرات بە توندی بریندار بوون و بە باوەڕی زۆر کەس ئەوانە هەموو شەهیدی زیندوون. ئەوان زمدارانی خەرمانانی خوێنن کە هەتا هەتایە ئاسەواری برینی جەستەیان ناهێڵێ برینی ئەو ڕۆژە لە بیر هیچمان بچێتەوە و هەردەم سوورترمان دەکا بۆ ئەوەی باشتر و بە ورەتر درێژەدەری ڕێبازی بەشکۆی شەهیدانمان بین.

سنوور یەک لەو دەیان و سەدان ژنەی نێو کۆری خەباتە کە نەوەک بە مووشەکی بالستیکی کۆماری ئیسلامی و تانگ و تۆپ و نە بە هیچ شێوە ئازارێکی دیکە ورە بەرنادا و هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکەی کە ئامانجی ڕەوای گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنان بەرنادا و لە چالاکی ناوێستێ.

ئەگەر بڵێن نامووس بنەمای ژێرینەی، توندوتیژی، هەڵاواردن و زاڵێتی سێکسی لە وڵاتێکە کە پێکهاتە لە داب و نەریتە هیچ جێگای هووفەیەک نییە، هەرچەند کە کوشتنی نامووسی تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگا نەریتێکان و دواکەوتووکان نییە و لە وڵاتانی پێشکەوتووش دا بە دیمەنێکی لاوازتر بوونی هەیە بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە وڵاتانی دواکەوتوو کوشتنی نامووسی جگەلە بەرفراوانی زۆرتر لە بیر و ڕای گشتی ناحەزێکی کەمترێ هەیە و ئەو هەستیاری کولتووریە بەستێن بۆ بڕەو پێدانی کوشتنی نامووسی زۆرتر دابین دەکات بەم پێیە نامووس و کوشتنی نامووسی زۆرتر کێشەیەکی کۆمەڵگاییە کە ڕیشەی لە سانکای کولتووری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی دواکەوتوو دا هەیە.

بەڵام کوشتنی نامووسی چییە؟

ئێستاکەش پێناسەیەکی ڕوون و ورد لە کوشتنی نامووسی کە بە کوشتن بە بیانووی  پاراستنی شەڕەفیش نێو دەبردرێ نەخستراوەتە ڕوو و لە نموونەی وەکوو دامەزراندنی پێوەندی دڵدارانەی ناباو، خیانەت بە هاوژین، زیناح، هەڵاتن لە ماڵ و.... کە هەڵسوکەوتی دژ نامووسی، داوێن پیسی، بەدناوی و سووکی ئەژمێردرێ ڕوودەدات، زۆر جاریش بڵاوبوونەوەی دەنگۆیەکی بێ بنەما لە ئاستی گشتی دەبێتە هۆی بەدناوی بنەماڵەیەک و ودیهاتنی کوشتنی نامووسی، ئەو جۆرە کوشتنانە ئاکامی هەڵسوکەوتێکی توندوتیژانەیە کە بە پێی ئەو پیاوانی بنەماڵەیەک یەکێک لە خێزانی ماڵی بریتی لە ( خوشک، کچ، دایک، هاوسەر و کچی مام) بە هۆکاری هەبوونی پێوەندی حەرام دەکوژن تا بە گومانی خۆیان لککەی بەدناوی و سەرشۆڕی لە داوێنی بنەماڵە و کەسوکار خاوێن بکەنەوە و قوربانی ئەسلی ئەو کوشتنانە ژنان و کچانن. کوشتنی نامووسی ڕیشەی لە مێژوویی کۆنی ئێران داهەیە و ئێستاکەش بە تێپەڕ بوونی ڕۆژگاریکی دوور و درێژ لە ئەو سەردەمە بەردەوام کوشتن بە بیانووی پاراستنی شەڕەف لە ئێران لە سەر هێزی خۆی ماوەتەوە و هەموو ڕۆژێک زۆرتر لە ڕۆژانی تر شایەت و گوێ بیستی خەبەری ئەو جۆرە کوشتنانە دەبین سەبارەت بە چۆنێتی و هۆی ئەو کوشتنانە توێژەرەکان هۆکاری زۆریان ئاشکرا کردووە بەڵام بۆچوون وایە ڕۆڵی کولتوور لە پەرە پێدان بە کوشتنی نامووسی لە کۆمەڵگە بەرچاوترە، مەبەست لە ڕۆڵی کولتووری هەمان سانکایە کە ڕیسا و گرنگی کۆمەڵگایەک دیاری دەکات ئەو ڕیسایە کە بە پاراستنی نامووس و شەڕەف بەهایەکی زۆرتر لە گیانی مرۆڤەکان دەدات، سانکا کولتوورێکە کە بۆ خەڵک دابین دەکا کە بێ نامووسی، بێ بایەخییە و نامووس بە ژنانەوە گرێ دەدا، بەڵام لە ڕاستی دا بۆچی کەسێک دەبێ  نامووسی کەسێکی تر بێ؟ چ کەسێک پێناسە بە نامووس و بێ نامووسی دەکات؟ بێ گومان وەڵامی ئەو پرسیارانە تەنیا دەتوانین لە ناوەڕۆکی بنەمای کولتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی نەریتی دا بدۆزینەوە کە لەسەر بنەمای پیاوسالاری و بە هۆی هێزی پیاوانە بە

# ژن و ژینگە

**نەمام**

لە زۆربەی وڵاتانی لەحاڵی پێشکەوتندا شار و ناوچەکان ڕووبەڕوون لەگەڵ کێشەکانی ژینگە و نەبوونی ڕەوشتێکی باش بۆ کۆکردنەوەی پاشەڕۆ و زبڵ و خاشاک تا شار و وڵاتەکانیان بە وێنەی وڵاتە پێشکەوتووەکان پاک و خاوێن بێ. کێشەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی خاوێن و سلامەت، پیس کردنی هەوا بەهۆی بەکارهێنانی کەلوپەلی هاتوچۆ و کارگە و کارخانەکان ئەو وڵاتانەی لە بواری ڕۆحی و جەستەیی ژینگەوە خستوەتە مەترسییەکی زۆرەوە. بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە باشترین کار بە کارهێنانی هێزی هاوکاری خەڵکە. نیوەی حەشیمەتی وڵاتان لە ژنان پێک دێ کە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کەسانی دیکەی کۆمەڵگە (وەک: پیاوان و لاوان و منداڵان) هەیە. ژنان بەهۆی ئەوە کە نیزیکترن لە کێڵگەکان و هەبوونی غەریزەی پارێزەری و پەروەردە دەتوانن ژینگە و سروشتی دەورووبەری خۆیشیان بپارێزن. ئامێزی ژنان وەک دایک بە هۆی ئەوە کە یەکەم مەدرەسەیە کە منداڵ تێیدا باشی و خراپیەکانی ژیان فێر دەبێ توانای ئەوەیان هەیە بەرگری لە زۆر لە ڕەفتارە پڕ لە مەترسیەکانی دژ بە ژینگە بکەن. چۆن ئەو کارەی ئەوان کاردانەوەی لەسەر هەمووی کۆمەڵگە ببێ، هەر بۆ ئەو هۆکارەشە کە کارەکانی ئەوان بەرانبەر بە ژینگە و سروشت زۆر گرینگە و دەبێ زۆرتر بخرێتە بەر چاو. ژنان دەتوانن جگە لە پەروەردە کردنی منداڵ و کاروباری نێوماڵ ڕۆڵی» چاودێری «ژینگەش لە ئەستۆ بگرن. گرینگترین ڕۆڵی ژنان بەرانبەر بە ژینگە ئەوانەن: ژنان ڕۆڵی سەرەکییان لە گەیاندنی کولتور و فەرهەنگی ژینگە پارێزی بە نەوەکانی داهاتوو هەیە. ژنان واتا دایکان چۆن پەروەردەی منداڵانیان لە ئەستۆ دایە هەر لە سەردەمی منداڵیدا دەتوانن ڕێگە و ڕەوشتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژینگە فێری منداڵەکانیان بکەن. ئەگەر کولتوری ژینگەپارێزی بە ناوی ژنان بڵاو بێتەوە دەتوانین دڵخۆش بین بە تێکۆشانی زیاتری نەوەکانی داهاتوو بەرانبەر بە ژینگە. ژنان بە هۆی ئەوە کە لە ماڵدا مودێرنن دەتوانن بەرنامەی چاکسازیی ژینگە هەر لە ماڵ و ناوچەکانی خۆیان دەست پێ بکەن بۆ نموونە دەتوانن زبڵە تەڕ و وشکەکان هەر لە



ماڵی خۆیان جیا بکەنەوە. ئەم کارە زۆر گرینگە بۆ ژینگە.
هەروا ڕۆڵی ژنان لە کشتوکاڵ  کە دەتوانن بە کەم بەکار هێنانی سەم و کوود کە دەبێتە هۆی پیس بونی خۆڵ و ئاوەکانی ژێر زەوی و هەروەها لە نێوچوونی مێرووە بەکەڵکەکان گرینگ بێ.
ژنان دەتوانن یەکەمین کەسان بن بۆ چاکسازیی بەکارهێنان لە بنەماڵەی خۆیاندا وەک ئەوەی کە دەتوانن پێداویستیەکانی ژیانیان بە ئەندازە بکڕن و بە هیچ شێوەیەک ئیزن نەدەن کە خۆراکەکان بە فیڕۆ بڕۆن. هەروەها ئێجازە نەدەن کە ئاو لە ماڵ و دەرەوەی ماڵ هەروا بە خەساری بڕوا. کەم کار کردنی کارەبا لە ماڵ دەتوانێ دی ئۆکسیدی کەربۆن لە وزەخانەکان کەم کاتەوە.
کەم مەسرەف کردنی کاغەز و دەسماڵی کاغەزی کە بەرگری دەکەن لە بڕینی دار لە دارستانەکان.
پێشگرتن لە منداڵ و مێرمنداڵان بە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلەکان بۆ سەرقاڵکردنی خۆیان.

لە کاتی کۆرپە بوونی منداڵان کەمتر دایبی بە کار بێنن چۆن دایبی ڕێژەیکی زۆر لە پیس کردنی ژینگە لە خۆی دەگرێ.
ژنان دەتوانن تۆوی ئەو میوانە کە لە ماڵ دەیخۆن هەڵیگرن و کاتی بەهار لە گوڵدان بیچێنن دوای سەوز بوون و گەورە بوونیان بیانگوازنەوە بۆ سروشت. ئەو کارە هەم ڕێژەی دارەکان زیاد دەکا بۆ پاڵاوتنی هەوا بەرگری کردن لە گەرم بوونی کەش و هەوای زەوی و هەم بەرگری دەکا لە وەرێکەوتنی لافاو و دارمانی خۆڵ.
کەمتر بەکارهێنانی پاککەرەوەکان وگۆڕانیان بە پاککەرەوە سروشتیەکان کە بێمەترسی یا مەترسیان کەمتر بێ.
کەمتر بەکارهێنانی کەلوپەل و جلوبەرگی پلاستیکی وگۆڕینیان بە ئەو شتانە کە  زەرەریان کەمترە بۆ ژینگە.
لە پڕۆژەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جەهانی، فائۆ.. هتد ڕۆڵی ژنان لە پرۆسەی ئێجرا و هەڵوێستیان گرینگ دەبێ.
بە تایبەت لە وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتن کە ژنان زۆرتر پێوەندییان لەگەڵ ژینگە و سروشت هەیە پرۆژەکانی پاراستنی ژینگە وەک گرووپەکانی دیکە وەک ئامانج لە نەزەر دەگیرێ و سەرکەوتنی ئەو پرۆژانە بە هاوکاری ژنان بەسراوەتەوە.
لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە ڕۆڵی ژنان لە پاراستنی ژینگە زیاتر و گرینگتر لە پیاوانە. «ئێرن دانکمەن» نووسەرو ئێکۆلۆژیستی جوغرافیای کۆمەڵایەتی بڕوای وایە کە ئەگەرچی لە ڕوانگەی یەکەم وا دەردەکەوێت ڕۆڵی ڕەگەزی لە پاراستنی ژینگە نێرمۆکە و بە شێوەیەکی یەکسان ژنان و پیاوان دەگرێتە بەر بەس بە لێکۆلینەوەیەکی دەقیقتر ڕوون دەبێتەوە کە ئەم پێوەندییە بە هیچ جۆرێک نێرمۆک نییە. بینای کۆمەڵایەتی ـ کولتوری جیاوازی پێوەندیی ژنان و پیاوان ئاوایە کە پێوەندی هەر تاکێک لەگەڵ ژینگە و سروشت بە وێنەی یەک نییە و دوو ڕەگەز بە جۆری جیاواز کار دەکەن و ژنان زۆرتر بڕوایان بە مەترسییەکانی ژینگە بۆ خۆیان و ئەوانی تر (ئێکۆسیستم) هەیە و هەر ئەم ڕەفتاری لاینگرانی ژینگە لە نێو ژنان زیاد دەکا.
لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی ژنان تیژتر بووە و زۆرتر خراونەتە بەرچاو هەر بۆ ئەوە پێویستە ژنان لەلایەن سازمانە جەهانی و ناوچەیی و حکوومەتەوە زۆرتر ئاگادار بکرێن و بەرنامە و پەروەردەیان هاورێ لەگەڵ ئەو ناوچەیە کە تێیدا دەژین بۆ دیاری بکرێ تا ژینگە و گیانی هیچ تاکێک نەکەوێتە بەر مەترسی.

# ڕاگەیەندراوی "ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات" سەبارەت بە بایکۆتی شانۆگەریی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی

**هاونیشتمانانی تێکۆشەری کوردستان**
**ژنان ئازادیخواز و دژبەستەم**




کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ جارێکی دیکەو لە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ(٢٨ جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی) پەنا دەباتەوە بەر شانۆی هەڵبژاردن و فریودانی بیروڕای گشتیی خەڵک لە نێوخۆ و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان لە دەرەوەی وڵات بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتی و نیشاندانی سیمایەکی دیموکراتیک لە خۆی. وەڕێخستنی شانۆی هەڵبژاردن لە کاتێکدایە، دوای زیاتر لە ٤٢ ساڵ تەمەنی نگریسی ڕژیمی ئاخوندی، بەرهەمی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە بۆ خەڵکی ئێران جگە لە داڕمانی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەناوبردنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ هیچیتر نەبووە.

ڕژیمێکی ملهوڕ کە گیان و ماڵی خەڵک و سەرەوەت و سامانی وڵاتی قوربانی مانەوەی خۆی کردووەو لە بەرامبەریشدا چارەڕەشی، ئیعدام، گرتن، ئەشکەنجەو تۆقان بووە بە پشکی خەڵک و بگرە خەڵکی ناوچەو ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش بەهۆی دەستێوەردانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی وەزاڵە هاتوون.

ئاشکرایە لە دەسەڵاتێکی نۆرماڵدا خەڵک دەتوانن لە ڕێگەی دەنگدانەوە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن؛ بەڵام زیاتر لە چوار دەیە بەکارهێنانی هەڵبژاردن بۆ نیشاندانی دیموکراسی و کایەی باڵباڵێنی دوو لایەنی سەرەکی ڕژیم، کاتێکی زۆرە بۆ تێگەیشتن لەوەی گۆڕان لە پێکهاتەو ماهییەتی ڕژیم شتێکی مەحالەو ئەوەی کە دەبێت بگۆڕدرێت بوونی ئەو نیزامەیە.

هەربۆیە ٤٢ ساڵ سەرکوت و جینایەت دەبێت سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بێت کە ئەو ڕژیمە هیچکات ناتوانێ دەسەڵاتێکی خەڵکی و بۆ خەڵک بێتو سەرکوت و کوشتاری خۆپیشاندانی ساڵەکانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨، درۆ و فریوکاری لە هەمبەر خستنەخوارەوەی فڕۆکەی نەفەر هەڵگری ئۆکراینی تا پەرەسەندنی ڤایرۆسی کۆویدی ١٩ و زەرەر و زیانی گیانی و ماڵی و ئابوورییەکانی؛ ئەو ڕاستییەی یەکلایی کردەوە کە بەرزکردنەوەی هەر خواستێک لە لایەن ئەو ڕژیمە بە کوشتار و زیندان وەڵام دەدرێتەوەو هەر بەڵاو بارودۆخێکی نالەباری وەک کرۆناش، بۆ کۆماری ئیسلامی وەکوو بەرەکەتێک وایە تا خەڵکی پێ چارەڕەش و گیرۆدەتر بکات.

ئاشکرایەو بەڵگە مێژووییەکان سەلماندوویانە کە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست کە لەلایەن ڕژیمەوە ڕووبەڕووی زۆرترین ستەم و سەرکوت و کوشتار بووەتەوە، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی "نا"یەکی گەورەی بەو ڕژیمە وتووەو تا ئێستاش لە خەبات بۆ بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی بەردەوامەو باوەڕی وایە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا گەیشتن بە دیموکراسی و ئازادی مەسەلەیەکی مەحالە.

لە پەیوەندی لەگەڵ ژنانیشدا، کۆماری ئیسلامی بەو هۆیەی کە گەورەترین سیستەمی ئاپارتایدی ڕەگەزییەو ژنانی نەتەوە بندەستەکانی ڕووبەڕووی ستەمی چەندقات کردۆتەوە؛ ژنانی کورد هەر لە سەرەتاوەو بەهۆی هەبوونی بەستێنی موبارزاتی دژی کۆماری ئیسلامی، بەشداری و پێشەنگایەتیان لە بزوتنەوە سیاسیەکان کردووەو بە وشیاریەوە تێگەیشتوونە کە لە چوارچێوەی سیستەمی دژە ژن و ئازادی کوژی کۆماری ئیسلامی هیچ ئاسۆیەک بۆ وەدیهاتنی مافەکانیان نیەو بەشداری لە کایەی سیاسی شکستخواردووی ڕیفۆرم و هەڵبژاردن، تەنیا دەبێتە هۆی ڕەوایدان بە بێ مافی و سەرکوت و چەوسانەوەی خۆیان و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵک لە ئێران و کوردستاندا.

"ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات"، وێڕای بایکۆت کردنی شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، داوا دەکات هەموو ژنان و تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە ئەرکی نیشتمانی و مرۆیی خۆیان هەستن و چوون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدانی ڕژیم بایکۆت بکەن و بە بەشداری نەکردنی خۆیان و چۆڵ ڕاگرتنی سندوقەکانی دەنگدان، ئەم هەڵبژاردنە بکەنە ڕیفراندۆمی دەنگی "نا" بە کۆماری ئیسلامی و هەموو جەنایەت و گەندەڵیەکانی.

هەروەها ناوەندی ژنان باوەڕی وایە، دەنگ نەدان و بەشداری نەکردن لە شانۆی ڕەواییدان بە ڕژیم، نەتەنیا ڕیفراندۆمی "نا"وتن بە کۆماری ئیسلامی و ناڕەزایەتییەکی گەورەیە، بەڵکوو بەشداری نەکردن لە کایەی هەڵبژاردن ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر تاکێکە، بۆ هاوڕایی نەکردن و ڕەوایەتی نەدان بە جینایەت و سەرکوتەکانی ئەو ڕژیمە و بەردەوام بوونی.

هەربۆیە دەنگنەدان بە کۆماری ئیسلامی وشیارانەترین جۆری بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتییە بۆ ڕەوایی نەدان بە دیکتاتۆرترین و خوێن مژترین دەسەڵاتی سیاسی و لە قاودانی ڕەوایەتی و سیاسەتە دژە ئینسان و ئازادییەکانی.

"ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات"
٢٩ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی
١٩ی مەی ٢٠٢١ی زایینی



# هۆکارەکانی ژێردەستی ژنان و ڕێگای دەرچوون لە ڕوانگەی سیمۆن دوبۆڤارەوە


**نۆسین بە فارسی: سوهراب ڕەحمەتی**
**وەرگێڕان :ن. ی – موکریانی**

پوختە
سیمۆن دوبۆر یەکێک بوو لەو تیئۆریستانەی فەڕانسە کە لە سەدەی بیستەمدا بە ڕوانگەیەکی فەلسەفی لەسەر بنەمای ئیگزیستانسیالیسم (وجودی بوون)، پرسی یەکسانیی یاسایی ژن لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، دەدوا. تیئۆرییەکەی کە سەرەتا دەبێ ژنان لە هەموو ئەو بەندانەی دروستکراوی کۆمەڵگە ئازاد بن بۆ ئەوەی یەکسانی بەدەست بهێنن نەک هەر لە بارودۆخی ژنانی نەکۆڵیوتەوە، بەڵکوو هەموو ئەو فاکتەر و ئامرازانەی کە ئەم بارودۆخە نالەبارەی بۆ ژنان لێیکەوتبووە کۆڵییەوە. ئەو لە ڕووی کاتەوە لە ئەفسانەکانەوە دەست پێدەکات و هەموو وەسف و پێناسەکانی گوزارش لە ژن شی دەکاتەوە، هەروەها کاریگەری ئەو هۆکارانە لە منداڵییەوە بۆ پیری لە کۆمەڵگە نێرسالارییەکاندا باس دەکا و ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم قەیرانە یاساییە مێینەیە بۆ پیاو دەگەڕێنێتەوە. دوبۆڤار پێی وایە ئەو فاکتەرە بنەڕەتیانەی کە ژنان بەو دۆخەوە دەبەسێتەوە یەکیان بەندکردنی ژنان لە ماڵەوە و کۆسپ خستنە سەر چالاکییەکانی لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوی تریان هاوسەرگیری و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیە، کە ژنەکە لەم تەڵەیەدا گیری کردووە. بۆ ئەوەی ژنان لەو تەڵەیە ڕزگار بکا، دوبۆڤار تیئۆرییە فەلسەفییەکەی خۆی بۆ «نایەکسانی ڕەگەزی» و «ئەوی دی» پێشکەش کرد، کە لە کتێبی «ڕەگەزی دووهەم»دا بە شێوەیەکی ڕیشەدار ئاماژەی بۆ کردووە . ئەم بابەتەی هەوڵ دەدا بە میتۆدی تەحلیلی- شیکەرەوە مامەڵە لەگەڵ فاکتەرە بندەستەکانی ژناندا بکا و هەروەها لە ڕوانگەی سیمۆن دۆبۆڤارەوە باس لەو قەید و بەندانە بکا.
وشەی گرینگ: سیمۆن دۆبۆڤار، ئیگزیستانسیالیسم(وجودی)،
هاوسەرگیری، ئەوی تر، ڕەگەز، ژن

پێشەکی

لە ڕوانگەی فەلسەفی سیمۆن دوبۆڤار بۆ پرسی یەکسانی، یاسایی ژنان و بەکارهێنانی فەلسەفەی وجودی ئیگزیستانسیالیسم کە داوای ئازادی ڕەها و دەسەڵاتی ڕەها بۆ پیاو دەکات، ژن بە «ئەوی تر»ی پیاو دادەنێ. بێگومان ئەمە بیرکردنەوەی دوبۆڤار لە ژن و ژێردەستەیی ژن و ڕۆڵی بە درێژایی مێژووی کۆمەڵایەتی دایە. دوبۆڤار باوەڕی وایە ژن وەک پیاو مرۆڤە ئەو لە ڕوانگەی ژنەوە لە بوارە جیاجیاکاندا دۆخی ژنان دەپشکنێ. دوبۆڤار بارودۆخی ژنان لە پێش مێژووەوە بۆ جیهانی سەردەم شیدەکاتەوە بە شیکردنەوەی دۆخی ژنان ئەو ڕۆڵی پیاو لە مەیدان لە میتۆلۆژیدا و شوێنگەی لە مێژوودا و هەروەها پەنا بۆ فەلسەفە و دەروونشیکاری و لە کۆتاییدا لە ئایین و ئایینەکاندا دەخاتە بەرچاو و پێی وایە ژن لە کولتوری پیاوسالاریدا بە «نەرێنی» یان «ئەوی تر» دادەنرێت و ئینکاری ئەم ژنە بە بابەتێکی بنیاتنەر لە بەرچاو دەگیرێ بۆیە « بوون بەیەکێکی تر» ژن وەک کێشەیەکی بنەڕەتی لەفکری مرۆڤدا دەبینێ و ڕەخنەی لێدەگرێ. دوبۆڤار بڕوای بەو دۆخە هەیە کە لە کاتی دروستبوونیدا پێکهاتووە لە کاتێکی تردا دەتوانێ لەنێوبچێ. دوبۆڤار پێی وایە لەم دونیایە دا ژن بە بەندکران لە ماڵ سزا دراوە، پیاو کە خۆی لە ڕێگای کەل و پەلی بەردەستی خۆی بە کەسی باشتر دەزانێ و ڕێگا لەسەر هەر چالاکی و خەباتێکی ژن دادەخا و بەو بەها و نۆرمە کە بۆ ژنی داناوە و پێناسەی کردووە، لە ژێردەستەیی هەمیشەییدا ژنی گرتبێ و ڕێگری لە بابەتی بوونی بکا ئەم وتارە هەوڵ دەدا پشت بە نووسینەکانی سیمۆن دوبۆڤار و توێژینەوەکان ببەستێ، لەسەر بۆچی و فاکتەرەکانی ژێردەستی ژنان، هەروەها ئەو بنەمایانەی کە بۆ گواستنەوەی ژنان لە تەنگپێهەڵچنراوی بۆ یاساوە پێشکەش دەکرێ و مرۆڤ لە ڕوانگەی دوبۆڤارەوە ڕوون دەبێ. فەلسەفەی ئیگزیستانسیالیستی (وجودی) داوای ئازادی و دەسەڵاتی ڕەها بۆ مرۆڤ دەکا و بە مەرکەزیکردنی پێویستییە دنیاییەکان مرۆڤ بە ئازاد دەزانێ و نکۆڵی لە هەر دەسەڵاتێکی خودا بکا بە شێوەیەک کە مرۆڤ لە دەسەڵات بێبەش بکا، لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی مرۆڤ بۆ خۆی بەجێ دێڵێ. لەسەر ئەم بنەمایە دوبۆڤار بەنیازە هەموو ئەو باوەڕ و نۆرمە ئاشکرا بکا کە لەلایەن پیاوەوە سەبارەت بە ژنان دروست کراوە بە شێوەیەک کە ژنەکە لە قاوشی ماڵی پلە دووی خۆی بە قفڵ دراوە. سیمۆن دوبۆڤار تیۆری «ئەوی تر»ی ژنبوون، کە لەسەر بنەمای فەلسەفەی وجودی بوونی سەرتر لە سروشتی ناکۆک بە پەیوەندی مرۆڤەکاندا گونجاندووە، بە دیاردەیەکی دیکەی میتافیزیکی، ئەفسانەیەک کە پیاوان کۆمەڵگەی لەسەر بنیات دەنێن و گشتگیری ئەم چەمکە بە هۆی قبووڵکردنی خودی ژن دادەنێ. دوبڤوار پێی وایە کە چارەنووسی ژنان بە شێوەیەک باس کراوە کە ئەوان کەرێکی گوێرایەڵن و بوونیان تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ پیاو و لە ڕوانگەی پیاوەوە مانا دەگرێ. «ئەوەی کە ژن نایاتە دنیا بەڵکوو دەبێتە ژن» لەو باسەدا ماهیەتی بوونی ژن لە بەرهەمی کۆمەڵگە دەزانێ و ژنانەنگی بە شتێکی مێژوویی و فەرهەنگی دادەنێ. ئەو پێی وایە کە پیاو هەمیشە خواستی بوون بە بابەت بووە و هەموو ئامرازەکانی بە درێژایی مێژوو بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەم پێگەیە. پیاوان بۆ مانەوەی بابەتەکان تێدەکۆشن و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش کە ئەویش ژنە، پێویستیان بە «یەکی ترە». لە کتێبی ڕەگەزی دووەمدا دەڵێ: چۆن ئەم ناکۆکییەی نێوان ڕەگەزەکان ڕەنگە باسی لێوە نەکرابێ، کە یەکێک لە فاکتەرەکان خۆی وەک تاکە فاکتەری سەرەکی ئاشکرا دەکا و نکۆڵی لە هەر جۆرە پەیوەندییەک بە هەمان کەسەوە دەکا و فاکتەری دووهەم بەوی دیکە پێناسە ناکا. بەم پێیە دوبۆڤار لە تیۆرییەکەیدا ڕۆڵی ئەو پیاوە لە پێناسەیەکی تری دا بۆ ئەفسانە و دابونەریتی دێرین و ڕۆمان و هەموو ئەو پاساوانەی بەو شێوەیە گەڵاڵە کراوە دەدۆزێتەوە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە میتۆلۆژی دوانەیەکی لە فانتازیای مرۆڤدا بەرجەستە دەکا و باڵادەستییەک لە ڕەگەزێک بەسەر ڕەگەزێکی تردا بەخێو دەکا. بۆ ئەوەی ڕەخنە لەو بڕوایە بگرێ کە لەوەوە وەرگیراوە، تیۆرییەکەی لویس ئیستروس لە کتێبەکەیدا دەخاتە ڕوو: گواستنەوە لە سروشتەوە بۆ کولتوور بە توانای مرۆڤ پێناسە دەکرێ بۆ ئەوەی پەیوەندییە بایۆلۆژییەکان لە شێوەی سیستەمە ناکۆکەکاندا بهێنە پێش چاو: دوالیزم، لە دوای یەک دژایەتی و دەقاودەقی، جا بە چەند شێوەیەک یان لە شێوەی نادیاردا پێشکەش بکرێن، پێشتر ڕاستەوخۆ واقیعی کۆمەڵایەتی دروست دەکا. دوبۆڤار لە بیرکردنەوە قوڵەکەیدا کە زیاتر جەختی لەسەر

خستنەڕووی بەربەستەکانی بەردەم ژنان کردووەتەوە، ئاماژە بە ڕۆڵی بایۆلۆژی و شیکاری دەروونی و هەروەها ماتریالیزمی مێژوویی دەکا و ڕەخنەیان لێ دەگرێ لە بواری بایۆلۆژیدا ئەو پێی وایە کە زۆربوونی جۆری (پاراستنی بایۆلۆژی لە جۆر) یەکێکە لەو هۆکارانەی کە چارەنووسی ژنی تووشی ڕەخنە کردووە و پێی وایە پرۆسەی پەروەردەکردنی کوڕ ئاساییە و گەشەی نێر بە جۆرێک دروست دەبێ کە شانازییەکەی، لەگەڵ ئەو بەهادارانەی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆی دەدرووتەوە، هەروەها لەگەڵی بەرەو پێش دەچێ و بە ڕەسەن پەرە دەستێنێ. بەڵام ئەمە لە ژندا، سەرەڕای (هەستونەستی و هێلکەدان) ژنەکە بۆ ئەرکی ئەبەدی « دووبارە بەرهەمهێنانەوە» ئامادە دەکات، کە لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی ئەوەی ژنەکە منداڵ بوون بە ئەرکی ئەبەدی خۆی بزانێ. کە لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی گرفتاری ژن. دوبۆڤار لە سەر بابەتی سپێرمی پیاوان دەخوێنێ کە چۆن و دۆزینەوەی بیردۆزی تیورستەکانی جۆراوجۆرە، بە تایبەت ئەرستۆ کە هۆیەکەی لەگەڵ ئەوی تر بوونی ژن دەزانێ: کۆرپەلە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی سپێرم و پیرویدییە کە لە ڕاستیدا نێرە، کە بنەمای نێر هێز و جووڵە و چالاکی و ژیانە و ژن تەنیا ماددەیەکی پاسیڤ بەرهەم دەهێنێ و بەشداری سنوورداری ژنان بۆ ئەم بیردۆزیانە دابین دەکا کە تەنیا خاوەنی ڕەنسیپێکن. سیمۆن دوبۆڤار لە شیکاریی دەروونیدا پرسی ژن دەکۆڵێتەوە و بە تێوەگلانی لە «ئەویدی»ی پیاوەکە دا دەناسێ. دوبۆڤار نە ئەو تیوری مارانیون قبوڵ دەکا کە ژن بە «شوبەهپیاو» گەیشتووەتە ئۆرگانیزم، نە ئامادەنەبوونی ئەندامی نێرەنە کە فرۆید بە کەموکور یان بە کەم دادەنێ، باوەڕیشی وایە ئەوە نبوونە ئەندامی نێرینە نییە کە ئەو تەسەوور دروست دەکا، بەڵکو کۆی مەرجەکانە و کچەکە کاتێک خۆی لە بەرامبەر ئەو ئیمتیازاتە دەبینێتەوە کە کوڕەکە بە تەنها چێژی لێ دەبینێ چونکە کوڕێکە، لەوانە ئەو پێگەیەی کە باوک لە خێزاندا داگیری دەکا، باڵادەستی نێر و پەروەردە و پوختەی هەموو بابەت و ڕاستییەک، بیری ژن لە سەروەری پیاو دووپات دەکاتەوە. لە کاتی پەیوەندییە سێکسییەکان تەنانەت وەسفی ئەو مێشە نووستووەی کە ژنەکە دەخاتە ژێر پیاوانەوە ڕیسوایەکی نوێیە. دوبۆڤار باوەڕی وایە کە شیکاری دەروونی کاروبارە نارێک و دروستەکان وەک «قبوڵکراو وەک ڕاستی دەبینێت ئەو کچە بچووکە شەرم دایدەگرێ و شانازی بە کوڕەکەوە دەکا، بەڵام دەبێ پێش هەموو شتێک بە «شەرم لە کچەکە و شانازی لە کوڕەکەدا» وەسف بکرێ. بەڵام پێش هەموو ئەوانە دەبێ باسێک لەسەر شەرم بکرێ. ئەو دەڵێ، غەریزەی سێکسی نابێ بە ئینکار نەکراو دابنرێ. دوبۆڤار پێی وایە، کە شیکاری دەروونی، ئەندامی نێرینەی کردووە بە هێمایەک کە شانازی بە دامەزراوەیی پیاو دەکا، هەروەها هێمای دەسەڵاتە لە پیاودا، بەڵام ئەمە بنەمای حەقیقەت نییە و، شتهایەکی وەک ئەندامی نێرینەی پیاوان دروست دەکا، بووکەڵەیەک کە شکڵی منداڵ تێیدا بەرجەستە دەبێ، دەتوانرێ دەستبەرداریەکی بەهادارتر لە ئەندامی نێرینەی پیاوێک بێ. دوبۆڤار ڕووداوە ئێگزیستانسیالیسمی بۆ پاساو بۆ دەروونشیکاری ئەو بابەتە نەهێندراوەتەوە بەرابەرە لەگەڵ وەرگرتنی شتێکی وەک ڕاستی لێی دەڕوانێ کە شەرم لە کچ و غروور لە کوڕدا پەروەردە دەکا بەڵام پێش هەموو ئەوانە دەبێ باس لە تاریفی شەرم و غروور بکەین ئەو دەڵێ: «ئێمە مەسەلەی چارەنووسی ژن بە شێوەیەکی جیاواز بەرز دەکەینەوە. ژنێکمان خستە نێو جیهانێکی بەهاو قەبارەی ئازادییەوە ئێمە پێمان وایە کە ژن دەتوانێ لە نێوان جەختکردن لەسەر تەجاوسی خۆی یان نامۆکردنی خۆی لە ئامانجێک هەڵبژێرێ؛ ژن بووەتە داردەستی مەیلی لاوەکیی، دژ نییە، داهێنانی چارەسەرە کە لە نێویاندا پلەبەندییەکی ئەخلاقیی هەیە دروست دەکەن.




دوبۆڤار لەسەر شیکاری» ئارەزوو»ی فرۆید کەم دەکاتەوە کە بۆچی ئارەزووی کچە بچووکەکە بۆ باوک بەرەو پلەیەکی خواپەروەریی دەبا، بەڵام خواستی کوڕەکە بۆ دایک لە سەر ئاستی زۆر نزمتر بەجێی دەهێڵێ و بۆ پلەیەکی باڵاتر بەرز نابێ، دەرەنجامەکەی دوبۆڤاریش ئەوەیە کە «ئەوەندەی بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین ژن مادەیە، لەگەڵ زانیارییەک کۆدەبێتەوە کە خۆی لە ژنانەگی خۆی هەیەتی». پێناسە ناکرێ؛ ژنەکە ژنێتی خۆی لەنێو ئەو دەرچە کۆمەڵایەتیەی کە ئەندامیەتی دەناسێتەوە، و دەیبەستێتەوە بەو دەسەڵاتەی کە پیاو بە درێژایی مێژوو چێژی لێ بینیووە و سوودی لێوەرگرتووە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دوبۆڤار ئایین بە یەکێک لە فاکتەرە هەرە سەرەبەرزەکانی ژنان دادەنێ و دەڵێ « سەرەڕای ڕقوقینی لە ژن، مەریەمی پاکیزە پیرۆز دەکرێ و ڕێز لە ژنی داسەپاو گوێڕایەڵ دەگیرێ. کاتێک هاوبەشێک دەپەرستری، تەنانەت دەتوانێ ئەرکی ئاینی یگرنگ لە ئەستۆ بگرێ. دوبۆڤار لە قەبارەی دووهەمی ئەزموونە بابەتییەکانی کتێبەکەیدا هەموو قۆناغەکانی ژیان لە منداڵییەوە تا کۆتایی لەبەرچاو دەگرێ ئەو پێی وایە کە «ئەوە کۆکراوەی شارستانییە کە دووری نێوان نێر و یەختە دەهێنێ، کە پێی دەگوترێت مێ (مونث)»، ئەوەش تەنیا نێوەندکاری کەسێکی ترە کە دەتوانێ کەسێک بکاتە کەسێکی تر ئەو پێی وایە لە منداڵییەوە تا تەمەنی ١٢ ساڵ، کچەکە هەم لە باری جەستەیی و هەم لە باری فکرییەوە لە ئاستی کوڕەکەدایە، بەڵام ئەو دەستتێوەردانەی لەو دیوەوە دەچێتە ناو ژیانی منداڵەکەیەوە و دنیای دەرەوە ئەو کچە بچووکە بەرەو دۆخی نامۆبوون دەبا. بۆ پشتڕاست کردنەوەی نووسینەکانی، دوبۆڤار تیۆرییەکەی ڕوون دەکاتەوە: ڕووداوی دەرەکی، وەک چاودێری کردنی قەڵەمی پیاو، ناتوانێ گۆڕانێکی ناوەکی بکا. «ڕەنگە چاودێری کردن بتوانێ کاریگەری



سۆزداری توند دروست بکا، بەڵام تەنیا ئەگەر مەودایەکی تایبەتی ئەزموونی بەرەو پێشەوە دروست بێ» بۆیە خواستی ڕەزا لای ئەوانەی وەک دایک و باوکی سەرکوت دەکرێ و نەبوونی سۆزە کە سەرنجی کچەکە بۆ سەر ئەندامی نێرینەی کوڕەکە ڕادەکێشێ. هەر ئەمەشە وادەکا کە کچە بچووکەکە لە تەمەنێکی کەمدا وەک پاڵەوانێک سەیری کوڕەکە بکا و هەستی ئاسایشی لە باوەشدا ببینێ و کەچی کوڕەکە وەک یەک خانەدان هەڵبژێرێ، لە کاتێکدا بە بچوکی دەچێتە ژیانی مرۆڤەوە. دوبۆڤار پێی وایە کە پێگەی کچەکە هەمان پێگەی منداڵی پێش هاوسەرەگیرییە، بە شێوەیەک کە تەنیا مامۆستاکانی کچە ساواکە لە دایک و باوکەوە بۆ مێرد گۆڕاون بەڵام دوبۆڤار ئەو کچە گەنجەی هاوسەرگیری نەکردووە لە شوێنێکی گونجاوتر وێنە دەکا ئەو پێی وایە کە کچێکی گەنج دەتوانێ تەختەی بەهاربۆرد بۆ خۆی دروست بکا لە نکولیکردن لە چاوەڕوانییە نیگەرانەکانی، پاشان کۆتایی بە گۆشەگیری و ئازادی دێ دوبۆڤار پێی وایە ژیانی کچە گەنجەکە لە نێوان ئەم هەموو بەریەککەتن و ئازار و دووڕوویی سیستماتیکانەدا ژیانێکی ناوەکی دەوڵەمەندتر لە ژیانی براکانی بەدەست دەهێنێ. جیاواز لە کوڕان کە ڕوویان لە لایەنە بیانییەکان کردووە، کچە گەنجەکە زیاتر گرینگی بەو گۆڕانکارییە جیاوازانەی نێو دڵی دەدا و توانای ئەوەی هەیە کێش و بەقای زیاتر ببەخشێتە ئەو تەقواو تۆقاوانەی کە ئەویان خستبووە بەردەم جیهان و خۆیان لە تەڵەکانی جیدییەت و نەریتی بەدوور بگرن .

دوبۆڤار پێی وایە لەم خاڵەدا کچە گەنجەکە دەتوانێ ڕۆڵ ببینێ لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا و دەڵێت: «کچێک ئەگەر لە خوێندن و وەرزش و ڕاهێنانی پیشەیی یان چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بن، خۆیان لە بیری نەگۆڕ و بەردەوام بۆ پیاوەکە ئازاد دەکەن و هەڵوێستە سۆزدار و سێکسییەکان زۆر کەمتر بیر لە ئەو دەکاتەوە» و دوبۆڤار لەو بڕوایە دایە کە نە خێزان و نە دابونەریتی کۆمەڵایەتی یارمەتی کچەکە و هەوڵەکانی لەم وەرچەخانەیەدا نادەن دوبۆڤار پێی وایە کە ڕوانگەی ژن و پیاو جیاوازە لە هاوسەرگیری و هیچ کاتێک ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوانیاندا نەبووە. بە وتەیەکی تر بەرپرسیاریێتی و مافی لایەنەکان بۆ هاوسەرگیری یەکسان نییە چونکە لە کۆمەڵگەدا پیاو کەسێکی سەربەخۆ و تەواوە. پیاو وەکیلی بەرهەمهێنان و بوونی خۆی بەو کار و کردەوەی کە دەیکا بۆ کۆمەڵگە دەهێڵێتەوە. بەڵام ژن هەمیشە بۆ یەکێکی دیکە وەک کۆیلە لەلایەن چەند پیاوەوە (باوک و برا) بەجێدەهێلرێ و ژنیش یەکێکە لەو سەرانە کە لە نێوان پیاواندا دەگۆڕدرێتەوە. لێرەدا ژن هەموو ڕابردووی خۆی و پاکیزەیی و خۆشەویستی بۆ پیاوەکە دەبەخشێ و ئەو مافە لە دەست دەدا کە تاکە ژنێک چێژی لێ وەردەگرێ و کاری ئەو تەنیا بەرهەم دێنەوە و هێشتنەوەیانە و پاراستنی ماڵە. دوبۆڤار ئەو بیرکردنەوانە لەبەرچاو دەگیرێن کە جیاواز لە جیهانی پیاوان لە تەوەری «جیهانی بیری ژنانە»دا، یانی باس لە دنیای ژنانە وەک « پێشبینییە بوێرانەکان «دەکا و باس لەوە دەکا کە هێشتا ژن خۆی لە ڕێڕەوی دنیای نێرەوە دەزانێ، ژن بوونیش ئەگەرێکە پێویستە دەرکی پێ بکرێ، پاشان ژن دەبێتە واقیع، بۆ ئەوەی ئەوە دیاری بکا کە ئەم گەردوونە هێشتا ناستەمکار، کە پێی دەگوترێ ژن، جیهانێکی جیاوازی مێیینە هەیە. و دەڵێ بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سنورداری ژنەکە، پێویستە داوا لە دۆخی ئەو بکا نەک جەوهەرە نادیارەکە: دەرگاکانی داهاتوو فراوانن لە تیۆریی ئەودا لە «ڕەگەزی دووهەم»دا چەمکی «ئەویدی» ژن وشەی سەرەکییە، دوبۆڤار فاکتەری ژێردەستبوونی مێینە بە کۆمەڵگەی نۆرمەکان لە لایەن پیاوەوە بە دروستکراوی دەزانن. لەگەڵ ڕەخنەیەکی ژناندا کە هەرگیز ویستویان لە بەرامبەر نایەکسانییەکانی ئێستا بگەنە یەکبوون، چارەسەری پێشکەش دەکا دوبۆڤار پێی وایە کە نابێت ژن ڕاستەوخۆ شەڕی پیاو بکا چونکە ئەگەر «ئەو ژنەی خۆی زیندانی کراوە هەوڵ بدا پیاوەکەش لە زینداندا بهێڵێتەوە. لەم حاڵەتەدا جیهان و زیندان ئەوی دیکەن و ژنیش نایهەوێ لەم زیندانەدا بێ. چارەسەری بنەڕەتی دوبۆڤار «بابەتیبوونی مێینە»یە و دەڵێ : «ئەمرۆ شەڕ سیمایەکی دیکەی گرتووە و لە جیاتی ئەوەی لەم ژیانەدا هەوڵی زیندانی کردنی پیاوێک بدا، دەیەوێ خۆی لەم زیندانە ڕزگار بکا

ژنەکە نایهەوێ پیاوەکە لەگەڵ خۆیدا ڕاکێشێ بۆ هەرێمەکان، بەڵکو بەدوای ئەوەدایە خۆی بگۆڕێ، ئینجا پیاوەکە بەبێ ڕەزایی ژنێک بەجێی دەهێڵێ و پاشان دوو تەجاوەز بەرامبەر بە یەکتر دەکرێ. دوبۆڤار ئازادی و ئازادبوون وەک یەکەم هەنگاو لە گواستنەوە لە ژێردەستبوونی ژناندا دەبینێ. ئەو پێی وایە ئازادی لە بارەی ژنەوە پوختە و ژن تەنیا لە شێوەی تەقینەوەی گروپدا دەتوانێ بە دەستی بهێنێ ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ ئەوانەی کە ماف و ئازادییەکانیان بەدەست نەهێناوە. ئەو گوتی کە ئەم ئازادبوونە بە کۆمەڵ دەکرێ و پێویستی بەوەیە کە سەرەتا بارودۆخی ئابووری ژنان بگۆڕدرێ. هۆکاری کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ، سەرەتا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دارایی و دواتر چەسپاندنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و لە دەرەوەی بۆ ژنان تیوریست لەو بڕوایەدایە کە هەنگاوی یەکەم بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ئەم دوو هەنگاوەیە. بە بۆچوونی ئەو «ڕزگاری» یەکەم هەنگاوە بەرەو ئازادی دەنێ. دوبۆڤار دەیهەوێ ژن لە فاکتەرە بندەستەکانی خۆی بەوە بزانێ و «ئەرکی یەکتاپەرەستی ئەو ژنەی کە دوبۆڤار لە ماڵداریدا ئەنجامی داوە، ئەو دایکەی کە لە بەرامبەر ئازادی دا گەنجینە دیلەکانی ژنایەتی پێ دیاری کرد. کەواتە لێرەدایە کە دوبۆڤار کۆمەڵگەی ژنان «هاوسەرگیری» بەهۆکاری بنەڕەتی بۆ ماڵگرتن و دایکایەتی بیردخاتەوە، کە هۆکاری سەرەکی ژێردەستبوون و بەندبوونیان لەماڵەوەیە. هەروەها قەدەغەکردنی هاوسەرگیری سیمۆن دوبۆڤار بە جۆرێک لە جۆری «ڕزگاری» جێبەجێ کراوە دوبۆڤار لە «ڕەگەزی دووهەم» باس لە چۆنیەتی بە موڵک کردنی نێر و چۆن ناچار بە کاری بێگاری لە هاوسەرگیریدا دەکا هەندێک ژن چیتر خاوەنی موڵک و ماڵی یاسایی نین دوای هاوسەرگیری چونکە دوای هاوسەرگیریی هەموو موڵک و ماڵیان ڕادەستی هاوسەرەکانیان دەکرێت. ئەو پێی وایە لەم دۆخەی ئێستادا «ژنان بۆ خۆیان هەراسان و کێش و ئازاریان هەیە، چونکە چارەنوسێکی مشۆرخۆریان هەیە کە ژیانێکی ئۆرگانیکی تر دەشێوێنێ. ژنان دەبێ شیاو بن بۆ ئۆرگانیزمی سەربەخۆ دەبێت بتوانن دژی جیهان بجەنگن و بوونی خۆیانی لێ بەدەست بهێنن و ئەوجا پاشکۆیی بوونیان دەبێتە پاشکۆیی و نێرایەتی. لەو حاڵەتەدا هەم ژن و پیاو بە بێ دوودوویی لە شێوەی باشتردا دەبن» دەرەنجام

دوبۆڤار لەتیئۆریزە کردنیدا گرنگترین فاکتەرەکانی نایەکسانی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی دژ بە ژنان دەدۆزێتەوە، دوبۆڤار دەنووسێ: کاتێک کۆیلەکردنی نیوەی مرۆڤەکان و تەواوی سیستمی سالوسی کە ئەم کۆیلەکردنە لەباوەش دەگرێ، لەبنەوە دەبێ، «بڕ»ی مرۆڤایەتی مانای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە و جووتی مرۆڤ وێنەی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە. بەم شێوەیە «یەکسانی» و «جووتی مرۆڤ» لە فیکری دوبۆڤاردا ڕێک دەکەن. ئەو پێی وایە جیاوازی بایۆلۆژی، میتۆلۆژیای کولتوری، بە کۆمەڵکردنی ڕۆڵی جێندەری، پیاوسالاری و تێنەکۆشینەکانی ژنان، فاکتەرن کە لە هەموو ڕووەکانی ڕۆڵی پیاوەوە گرینگن، ئامانجی سەرەکییان ئەوەیە کە ببێتە چالاکوان، کەسێکی خۆبەڕێوەبەر کە لە ڕێگەی هزرییەوە خۆی پێناسە دەکا و هەوڵی داوە ئەو ژنەی دیکە بەجێبهێڵێ دوبۆڤار پێی وایە کە جیهانی ژن لەلایەن پیاوانەوە پێناسە دەکرێ و هەموو ئامێرەکانی بەکارهێنانیان بۆ پاراستنی دۆخی ئێستا زۆربەی ژنان هەمیشە لە جووڵە لە سەرتاسەری جیهان دووریان خستەوە و لە ژیانێکی پاسیڤدا بەند بوون. هێزی ئەفسانە کولتوورییەکان (ئەفسانەی زەرافەت و ژنێتی ژن) بە شێوەیەک لە خزمەتی پیاواندا جێیان کردەوە کە بە سەرداسەپاوی و پێوەگیریی ژنان بووە. ڕۆڵی هاوسەرگیری و ناوەندی خێزان، کە بۆتە جێگای چەوساندنەوەی ئەبەدی ژنان. دوبۆڤار دەیهەوێ لە»بابەتیبوون»ی ژن تێبگا و لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕێگای خۆی پێشکەش کردووە. ڕۆڵی ژنان کە لەلایەن پیاوانەوە دەسەپێنرێن (دایکایەتی، ژنایەتی) بە هۆکاری ژێردەست کردن دادەندرێن و هانی ژنان دەدەن بۆ کارکردن و بەرەو کارکردن یان لە کارگەدا ڕایاندێنن و لە جیاتی کاری ناورماڵ لە بەرهەمهێناندا بەشدار بن. ئەگەرچی ڕەخنە لە فێمینیزمی وجودی، کە بە پێشەکی فێمینیزمی ڕادیکاڵ دەناسێن، بەڵام بە ڕوونی دیارە، بەڵام تیۆری دوبۆڤار بۆ سەربەخۆیی دارایی و دەرکەوتنی ژنان لە ژینگەیەکی داخراوەوە کە تا ئێستا شاهیدی بووین، یەکێکە لە ستراتیژە بنەڕەتییەکانی هەر شەبەنگ و کۆمەڵگەیەک کە کۆت و بەندی بۆ دەکرێ. دوبۆڤار ئاماژەیەکی ورد و قوڵ بۆ ئەو ستەمە دەکا کە دەوری ژنی دا لاوازی جەستەیی ژن (بە جەختکردنەوە لەسەر تیۆری دوبۆڤار) ڕێگای بۆ پیاو کردەوە تا ئەوەندەی دەکرێ ژن ژێردەست بکا. ئەم پرۆسەیە لە لوتکەی خۆیدا لە هەموو ئاینەکاندا چڕتر دەبێ، کە هاوکات مۆرکەی پەسەندکردن و چەسپاندنی ئەم ژێردەستە بوونەیە. لە هەموو ئەو مێژووەی کە دوبۆڤار ئاماژەی پێدەکا ژنان لە سەربەخۆیی دارایی بێبەشن و ئەمەش کۆسپی لە پێشەوەبردن و گۆڕینی ژناندا هەیە. هاوسەرگیریەکە کە وەک یەکێک لە ڕێگاکانی ڕزگار بوون لە قۆرخکاری ژنان پێشکەش کراوە، هەنگاوێکی کاتییە لە زۆربەی کۆمەڵگە تەقلیدییەکانی ئێستادا، ژنانیش بەدەست پرۆسەکانی زاوزێی لاوەکییەوە دەچێژن، نەخۆشی بێ چارەسەری ژنان و کچانی گەنجی شیواندوە و تەنانەت ڕێگری لە ژنان کردووە بیر لە ژیانی ستاندارد بکەنەوە و مافی مرۆڤیان پێ نەناسینی جگە لە گرنگی دان بە منداڵ و ماڵداری نەبێ کە تەنیا بەرپرسیاریەتی قورسن. دەربڕینی ئەم ستراتیژانە لە تیۆری سیمۆن دوبۆڤار نییە لە خەباتی بێ مەرج دا لە دژی پیاوان، بەڵکو هاندانی ژنانە بۆ بەدەستهێنانی کەسایەتی ئینسانی خۆیان. ژن « بابەتیبوون « ئامانجی سەرەکی فەلسەفەی دوبۆڤارە. لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا دوبۆڤار باس لە بناغەکانی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە دەکا لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەش و ئازادی ئەو ڕۆژەی کە دەکرێ ژن بۆ ڕەزامەندی خۆی ببێتە سەرچاوەی ژیان و خۆی لە خۆی دوور نەخرێتەوە و بە هەموو توانایەک خۆی دەرباز بکا، دەبێتە سەرچاوەی ژیان نەک مەترسی کوشندە، وەک پیاوی خۆشەویستی دەبێتە سەرچارەیەک بۆ ژیان.

سەرچاوەکان

دوبۆڤار، سیمۆن ١٣٧١ ) ، ڕەگەزی دووهەم ، وەرگێڕانی قاسم سەنعەوی، تاران، بڵاوکراوەی چاپەمەنی تووس ) .
چاوشی و سارا و حوسێن بۆستان نەجەفی پێداچوونەوە بە « سروشت و سروشتی ژن لە فەلسەفەی وجودی سیمۆن دوبۆڤار»دا. زانستی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، ساڵی دەیەم، ژمارەی چوارەمی، پاییزی ١٣٩٨، ل. ٢٧-٤٠

یەزد داوای کرد، بەهجەت چاوخشاندنێک بە بیرکردنەوەکانی سیمۆن دوبۆڤار - لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ژنان ، ساڵی هەشتەم، ژمارە ٢٩ ، پاییزی ١٣٨٤ .
خەزەیی، حامید ژنی سەربەخۆ! شیکاری بیرەکانی سیمۆن دوبۆڤار، خێرەدنامە، ژمارە ١٠، ١٣٧٣ .
وەحدەت، فەرزین ڤیدیۆئەکادیمییەکانی ئێران، دانیشتنی دە و یازدەهەم ویکیپیدیا، بڕوانامەی ئازاد



وەنەوشە کەریمزدە

# کاتێک دزێوی بێناموسی دزێوتر لە کوشتنی نامووسییە

ئەگەر بڵێین نامووس بنەمای ژێرینەی، توندوتیژی، هەڵاواردن و زاڵێتی سێکسی لە وڵاتێکە کە پێکهاتە لە داب و نەریتە هیچ جێگای هووفەیەک نییە، هەرچەند کە کوشتنی نامووسی تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگا نەریتێکان و دواکەوتووکان نییە و لە وڵاتانی پێشکەوتووش دا بە دیمەنێکی لاوازتر بوونی هەیە بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە وڵاتانی دواکەوتوو کوشتنی نامووسی جگەلە بەرفراوانی زۆرتر لە بیر و ڕای گشتی ناحەزێکی کەمترێ هەیە و ئەو هەستیاری کولتووریە بەستێن بۆ برەو پێدانی کوشتنی نامووسی زۆرتر دابین دەکات بەم پێیە نامووس و کوشتنی نامووسی زۆرتر کێشەیەکی کۆمەڵگاییە کە ڕیشەی لە سانکای کولتووری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی دواکەوتوو دا هەیە.

بەڵام کوشتنی نامووسی چییە؟

ئێستاکەش پێناسەیەکی ڕوون و ورد لە کوشتنی نامووسی کە بە کوشتن بە بیانووی پاراستنی شەڕەفیش نێو دەبردرێ نەخستراوەتە ڕوو و لە نموونەی وەکوو دامەزراندنی پێوەندی دڵدارانەی ناباو، خیانەت بە هاوژین، زیناح، هەڵاتن لە ماڵ و.... کە هەڵسوکەوتی دژ نامووسی، داوێن پیسی، بەدناوی و سووکی دەژمێردرێ ڕوودەدات، زۆر جاریش بڵاوبوونەوەی دەنگۆیەکی بێ بنەما لە ئاستی گشتی دەبێتە هۆی بەدناوی بنەماڵەیەک و ودیهاتنی کوشتنی نامووسی، ئەو جۆرە کوشتنانە ئاکامی هەڵسوکەوتێکی توندوتیژانەیە کە بە پێی ئەو پیاوانی بنەماڵەیەک یەکێک لە خێزانی ماڵی بریتی لە ( خوشک، کچ، دایک، هاوسەر و کچی مام) بە هۆکاری هەبوونی پێوەندی حەرام دەکوژن تا بە گومانی خۆیان لکەی بەدناوی و سەرشۆڕی لە داوێنی بنەماڵە و کەسوکار خاوێن بکەنەوە و قوربانی ئەسلی ئەو کوشتنانە ژنان و کچانن.

کوشتنی نامووسی ڕیشەی لە مێژوویی کۆنی ئێران داهەیە و ئێستاکەش بە تێپەڕ بوونی ڕۆژگاریکی دوور و درێژ لە ئەو سەردەمە بەردەوام کوشتن بە بیانووی پاراستنی شەڕەف لە ئێران لە سەر هێزی خۆی ماوەتەوە و هەموو ڕۆژێک زۆرتر لە ڕۆژانی تر شایەت و گوێ بیستی خەبەری ئەو جۆرە کوشتنانە دەبین سەبارەت بە چۆنێتی و هۆی ئەو کوشتنانە توێژەرەکان هۆکاری زۆریان ئاشکرا کردووە بەڵام بۆچوون وایە ڕۆلی کولتوور لە پەرە پێدان بە کوشتنی نامووسی لە کۆمەڵگە بەرچاوترە، مەبەست لە ڕۆڵی کولتووری هەمان سانکایە کە ڕیسا و گرنگی کۆمەڵگایەک دیاری دەکات ئەو ڕیسایە کە بە پاراستنی نامووس و شەڕەف بەهایەکی زۆرتر لە گیانی مرۆڤەکان دەدات، سانکا کولتووریکە کە بۆ خەڵک دابین دەکا کە بێ نامووسی، بێ بایەخییە و نامووس بە ژنانەوە گرێ دەدا،

بەڵام لە ڕاستی دا بۆچی کەسێک دەبێ نامووسی کەسێکی تر بێ؟

چ کەسێک پێناسە بە نامووس و بێ نامووسی دەکات؟

بێ گومان وەڵامی ئەو پرسیارانە تەنیا دەتوانین لە ناوەڕۆکی بنەمای کولتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی نەریتی دا بدۆزینەوە کە لەسەر بنەمای پیاوسالاری و بە هۆی هێزی پیاوانە بە نامووس و بێ نامووسی پێناسە دەکرێت، ئاشکرایە کە لە ئەو جۆرە بنەمایانە یا بنەمای پیاوسالاری و نەبوونی بەرامبەری و دادپەروەری سێکسی ژنان لە هەر لایەک تووشی لاوازی و بێ هێزی دەبن، پیاوان لەو بارودۆخە بە قازانجی خۆیان بەهرە دەبەن و ژنان بە سەرمایەی خۆیان دەزانن و هەر چەشنە دەستدرێژی و چاولێکردن بەوان بە عەیب و سەرشۆڕی دەزانن و بۆیە لە وڵاتانێک کە ژنان پێگە و مافی کۆمەڵایەتی دابین کراویان هەیە کەمتر بەرەوڕووی کوشتنی نامووسی دەبنەوە و بە پێچەوانە لە وڵاتانێک کە پێگەی ژنان لاوازترە کوشتنی نامووسی زۆرتر ڕوو دەدات کەواتە خەڵکی ئاوا کۆڵەڵگایەک رووشانی شەڕەف و ئابڕووی خۆیان زۆر بە ژان تر دەزانن تا بە لەدەست دان یا مردنی کەسووکار یا خۆشەویستەکانیان لە وەها کۆمەڵگایەک نامووس وەکوو پێوەر و سەرچەشنێکە بۆ هەڵسەنگاندن، هەژین، و پێگەی ئەندامی خۆی ئەژمێردە دەکات، لە کۆمەڵگایەکی نەریتی، شەڕەف و داوێن پاکی ژن تەنیا هی ژن نییە بەڵکوو سامانێکی هاوبەش و گشتی بنەماڵە و تایبەت بە خزم و کەسوکارە، جگەلە ئەوە هۆکاری کە وەکوو باوەڕ و غیرەتی عەشیرەتی، زاڵێتی پیاوسالارانە، زاڵێتی فەرهەنگی، بنەمای دەسەڵاتداری، هەبوونی داب و نەریتی هەڵەی هاوسەررگیری، شەڕەف پەرەستی، تێڕوانینی نەریتی سەبارەت بە ژنان و کچان و بە تایبەت لە ناوەندی قەومی ئیرانی لە پارێزگەکانی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، کوردستان، ئەردەبێل، ئیلام، سیستان و بەلووچێستان، خوزستان و فارس لە ڕەوتی ڕوودانی کوشتاری نامووسی دیمەنێکی بەرچاوتریان هەیە.

و زۆر بە ژانە کاتێک کە ئەو پیاوانەی قەتڵ دەکەن، زۆر کات ژنان بە هۆی بوونی پێوەندی سێکسی ناکوژن و هێندێ جار ژنان بە هۆی هەڵاتن لەماڵ، مل نەدان بە هاوسەرگیری زۆرەملێی و زۆر جاریش بە هۆی دەنگۆ و دڵ پیسی سەبارەت بەژنان دیان کوژن، هەمووی ئەو نموونانە بەستراوە بە کولتوور و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایە کە لە گەڵ ئابڕوو، شەڕەفی پیاوان لە دژایەتی دایە و بەرەنجامەکەی کوشتنی نامووسیە، زۆر بە ژانتر ئەو بارودۆخەیە کە لە نێوی دا ژنێک بە زۆر دەستدرێژی بەسەر دابکرێ و هەم ببێتە هۆی سەرشۆڕی و بێ نامووسی بنەماڵەکەی و کوشتنی دەبێتە هۆی پاراستنی ئابڕوی بنەماڵەکەی.

ڕیشەی تەواوی ئەو هۆکارانە بۆ کوشتنی ژنان بیر و باوەڕی هەڵەیە کە لە ڕابردووە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە بەجێماوە یاسای نابەرابەری ئایینیش بۆتە هۆی پایەدار بوونی ئەو جۆرە باوەڕانە و دەتوانین بڵێین کە یاسای ئایینی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەستێنی بۆ برەوی ئەو جۆرە توندوتیژیانە دژ بە ژن دابین کردووە و لق و پۆی حوکمە شەرعییەکانی ئیسلام کە تەنیا سەرچاوەی پێڕاگەیشتن بە تاوانەکان لە وڵاتی ئێرانە، لە پێناوی پێشێل کردن و گرنگی پێنەدان بە مافی ژنان بڕیار دەدات لە ئەو یاسایانەدا ژنان ژێرفەرمانی بڕیاری مێردەکانیان و پیاوان بەرپرسی ژنان وگرینگ تر ئەوەیە کە داوێن پاکی و ناپاکی هەر لە لایەن ئەو ئامۆژیارە ئایینیانە بە خەڵک دەناسرێن و هەر بەم هۆیە لە وەها کۆمەڵگایەک کەمترین سزا بۆ بکوژانی نامووس




دیاری دەکرێت بە داخەوە لە ئەو کۆمەڵگایانەدا ئەگەر پیاوانیش ژنان بۆ کردەوەی بە ڕواڵەتی داوێن پاکی سزا نەدەن، خۆدی دەزگای قەزایی ئەوان بە تاوانبار دەناسێنێ و سزایان پێ دەدات.

کەواتە لەوەها کۆمەڵگایەک، وشەی ناموس لەو ڕەستانەیە کە نرخێکی یەکاویەکی هەیە و پێشاندەری ڕاستێتی کۆمەڵگا و فەرهەنگە و خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە وا لە نێو دۆب و نەریتی کۆن قوم بوون کە کوشتن بە بیانووی ناموس و پاراستنی شەڕەف تاوان ئەژمێردە ناکرێ بەڵکوو بە جۆرێک ئەو هەنگاوە پارێزەری لە ناموسە و بەداخەوە لە وڵاتی ئێران لە لایەن دەسەڵاتدارانیش بە ئاشکرایی لایەنگری لە ئەو کەسانە دەکرێت و بە پێدانی کەمترین سزا بۆ تاوانکاران دادەپۆشرێ، ئێستاکە لە ئێران بە هەبوونی کەلێنی نەسڵی و ڕووبەڕووبونەوەی نەسڵی نوێ لەگەڵ بەهاکانی دونیای ئێمڕۆیی و بەیارمەتی پانتای مەجازی نەسڵی نوێ توانیویانە تاڕادەیەک خۆیان لە چەنگی بیروباوەڕی غەڵەت سەبارەت بە ناموس و ژنان ڕزگار بکەن، بەڵام ئەوە بەو مانای کەم بوونەوەی کوشتنی ناموس لە ئێران نییە، چۆنکە هەڵکەوتی نوێ دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبونەوەی دوو نەسڵی کۆن و نوێ بەم پێیە کاتێک کە دابین کردنی پێوەندی لە گەڵ غەیری هاوڕەگەز لە نێو فەرهەنگێک مانایەکی خەراپی هەبێ، نەسڵی نوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری مودێڕن و تاکخوازی و کەڵک وەرگرتن لە پانتای مەجازی و میدیاکانی دەرەکی بەبێ ئاوێتەکردنی فەرهەنگی کەڵک وەرگرتن لە ئەو تێکنۆلۆژییە لە گەڵ فەرهەنگی کۆن و بە دابین کردنی پێوەندی لە گەڵ غەیری هاوڕەگەز و بە نۆڕماڵ بوونی ئەو مافە بۆ خۆیان لە بەرامبەر نەسڵی ڕابردووی پیاو سالاری ڕووبەڕوودەبنەوە کە چاوەدێری ناموس و هەڵسوکەوتی ژنان گرێدراو بە خۆیان دەزانن و ئەو بەرامبەری و دواکەوتنی فەرهەنگی بەستێن بۆ کوشتاری ناموسی دابین دەکات و زۆر جێ سەرسامی نییە کە هەموو ڕۆژێک شایەتی کوشتاری ناموسی دزێو و دڵتەزێن لە ئێرانین.

کۆمەڵگایەک کە بنەماکەی لە سەر پیاوسالاری دابین کراوە و دەسەڵاتدارنی هیچ بایەخێک بە ژنان نادەن لە وەها وڵاتێک پیاوان چۆن پشتیان گەرمە لە لایەن بڕیاردەرانی دژ بەژن، ژن بە سامانی خۆیان و تەنیا وەکوو ئامرازێک بۆ زاووزێ و پێویستی سێکسی خۆیان ئەژمێردە دەکەن و بۆیە دەستدرێژی و چاولێکردنی ژنەکانیان وەکوو دەستدرێژی غەریبەیە بە ملکی خۆیان ڕەچاودەکەن کە دەبێ دژ بە ئەو کردەوەیە نارەزایەتی دەربڕن، لە ئەو کومەڵگایەدا غیرەت بۆ دابین کردنی پێوەندی سێکسی تەنیا بۆ ژنانە و پیاوان بۆ پێوەندی سێکسی مەودا پێدراون و ژنان دەبێ لە هەر بارودۆخێک بە وێنەی ناموس هێژایی خۆیان ڕابگرن چۆن ناموس لای پیاوان یانی پلە و پایە، و لەو کۆمەڵگایە پیاو وەکوو کەسێکی ناموس پەرەست و لەقاڵبی قارەمان دەناسێندرێ و بە لەناوچوونی بەها و ڕێسا گیانی خۆی دەخاتە نێو مەترسی و ئەو پیاوانە نەتەنیا سەرکۆنە ناکرێن بەڵکوو دەسخۆشیان لێدەکرێ و بە جۆرێک ئەو کردەوەیە بڕەوی پێدەدرێ.

لە کۆتایی دەبێ بڵێین کە کوشتاری ناموسی هەمان فەرهەنگی توندوتیژی دژ بە ژنانە کە لە کومەڵگەی نەریتی دەسەڵاتدارە و گۆڕانکاری ئەو فەرهەنگە پێویستی بە زمانێکی زۆرە و ناتوانین بە ئاسانی دڵ بەوە خۆش کەین کە کوشتنی ژنان بە بیانووی پاراستنی ناموس پیاوان ڕوو بە پووکانەوە بەرێت و لە ناو بچێت ئەو دیاردە گرژە ڕیشەی لە بەها و ڕێسای غەڵەتی ڕابردوو هەیە، کە بۆ لە ناوبردنی ئەو ڕێسا غەڵەت و نایاسایی و نائینسانییە، دەبێ چالاک وانانی بزوتنەوەی ژنان لە تەنیشت چالاک وانانی بزوتنەوەی مەدەنی دەست بە دەستی یەکتر بدەن و یاکوو بە ئاشکرا کردنی بیر و باوەڕی هەڵە جێگەی ڕاستەقینەی ژنان لە کۆمەڵگەدا برەو بدەن و هەروەنا ئاگادار کردنەوەئ ژنان سەبارەت بە مافی خۆیان و پیاوان سەبارەت بە جێگە و پێگەی بە نرخی مرۆڤ بەڵکوو ڕێگە چارەیەک بێ بۆ ئەو جۆرە توندوتیژییانە.

# کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی ژیلا حسێنی و چەند هۆندراوەی



**ئامادەکردنی:تریفەفاتیحی**



#ژياننامه

#ژیلا_حسێنی لە رۆژی ٣١ ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ئایینی و لایەنگری ئەدەب و هونەر لە شاری سەقز چاوی بە دونیا هەڵیناوە ،رەحمەتی شێخ عبالقادر باپیرەی ژیلا خۆشنوس و شاعیر بوە و هەر وەها شێخ مێهران حسەینی باوکی دادوەرێکی رۆشنبیر بوە و تا ئاخرین کاتەکانی ژیانی پشتیوانی گەورەی ژیلا بوە .
شاعیری ڕەچەشکێن و نوێگەرا هەموو کات لەناو بەرهەمە شێعریەکانیدا لەبەرانبەر کۆمەڵگای پیاوسالاری لە رێگەی زمانی ئەدەبیەوە دەنگی نارەزایەتی خۆی هەڵبڕیوە و زۆر بوێرانە و چاونەترسانە بەرانبەری هەموو یاسا و داب و نەریتەکانی دژەژن ڕاوەستاوە .
خاتوو ژیلا خاتون زور جار بەفروغی کوردان دەناسێندرا .ژیلا خانم تەواو ئازارەکانی ژنانی بەشمەینەتی کوردستانی بەدڵ و گیان هەست پێکردبوو کە بە زمانی شیعر دەری دەبری ،دەبین کە لەشیعری بیوە دا چون دەرد و مەینەتەکانی بێوەژنێک بە شیعر دەردەبڕی

**لەبەشێک لە شیعری بیوەگی دا دەڵێ....**

**شغل من خیاطی ست**
**بهترین جامه غم میدوزم**
**اشکهایم تکمه**
**نخ من اهمن است**
**کەبەهم میدوزد**
**شب تنهایی و فردای پراز غوغارا**
**من بەهم میدوزم ننگ وحق را جفا مشتریم**
**کارو کسبم خوب است**
**مشتریهای قشنگی دارم**
**روزگارم تاریک**

**من به مهمانی خورشیدومه خوشبختی**
**بالباس غم خود خواهم رفت**
**رنگ ورویم چون زر**
**دل من یاقوت است**
**دستهایم پراز تحفەنامردیهاست**
**در مملکت پرازرمزونیازشب**
**من حاکم بیزوال غمهاهستم**

دەتوانین،بەڕاشکاوانە وە بڵێن کە زۆرینەی ئەو خاتونانەی کە ئێستا لەبواری شیعر دا سەرکەوتوون بێ شک شیعرەکانی خاتوو ژیلا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەریان،خاتوو شیلان گیلانی شاعیرونوسەری بەتوانای شاری سنە دەلی:ڕاستە من لە مندالیەوە خولیای شیعربووم بەڵام خاتو ژیلا هاندەریکی باش بۆم .
ژیلا لەتەمەنی پازدە ساڵی دا لەگەڵ ئامۆزایەکی ژیانی هاوبەش پێک دێنی کەبەرهەمی ئەو ژیانە کچێکە بەناوی بەهارە، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئامۆزاکەی تەنیا پێنج ساڵ دەخایەنێ و دواتر لێک جیا دەبنەوە.
دوای حەوت ساڵ لە جیابوە لە،هاوسەری یەکەمی،لەگەڵ شاروخ نوسودی ژیانی هاوبەش پێک دێنێ کە بەر هەمی ئەو ژیانە کچ و کوڕێکە بەناوەکانی ڕامین و ژینا

ژنە شاعیری جوانییەکانی شاری سەقز لە ڕۆژی ١٣٧٥/٧/٦ هەتاویدا لە کاتێکدا کە لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ بینینی شاعێری کۆچکردوماموستا شێرکۆ بێکەس ڕێگای تاران دەگرنە بەر لە ڕێگای سنە_دێولان تووشی کارەساتی وەرگەڕانی ماشین دەبن و ژیلای حسەینی لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا لەگەڵ کچە تەمەن بچووکەکەی بە ناوی ”ژینۆ“ گیانیان لە دەست دەدەن .
مەرگی ژیلا خەسارێکی یەکجار گەورە بوو بۆ ئەدەبیاتی کوردو بەتایبەت بۆ ئەدەبیاتی ژنان ڕوحی ژیلا شاد و یادو ناوی هەردەم زیندوو

#بەشی_دواویی
بەرهەمەکانی ژیلا لە تەمەنی کورتیدا بریتین لە :
١.چیرۆکی ”بر باد رفته “ کە بە زمانی فارسییە
٢.دیوانە شێعرێک بە ناوی ”گەشەی ئەوین“
٣.دیوانە شێعر و چەند چیرۆک بە ناوی ”قەڵای ڕاز“ کە لە ساڵی ١٣٧٨ و لەدوای مەرگی شاعێر لە سێ بەشدا چاپ و بڵاو کرایەوە
بەشی یەکەم :پاشماوەی شێعرە کوردیەکانی ژیلا
بەشی دووەم :هەڵبژێردراوی کورتیلە چیرۆکە کوردییەکانی ژیلا
بەشی سێهەم :کۆمەڵە شێعری ژیلا بە زمانی فارسی بە ناوی ”باران“
٤.وەرگێڕانی ڕۆمانی ”دێزیرە“ لە فارسیەوە بۆ کوردی
٥.کۆمەڵە شێعرێک بۆ منداڵان

# لەناو وشەکانیا هەمیشە من

نەتەنێ لەپەنجەکانتا،
کە دووری دوورن لێم!!
نانا
لەسەر توێی ڕوحیش ،
ڕەنگی هیچ گوڵە گەنمێکی،
ئەوینم
نەگوشیوە بە خۆمەوە.
لەژێر سێبەری هیچ وەرزی
من و تۆ ماچی یەکترمان
نەکردوە!!!!
کەچی
لەناو وشەکانتا
خۆشەویستیەکی شێتانە و
خەیاڵێکی ڕەنگ نارنجی تا ئەبەد
دەبینم.
هەمیشە ئێڵنج دەدەم من ،
ڕشانەوەی ئەو هەموو سۆزەت
پڕی کردوم لەغرور،
دوور لە ون بوونی تاڵ تاڵی ژنانەم
لێرە شاگەشکە دەبم،
بە قاقای درێژ.
تۆ جوانتر دەدوای لە وەی من دەم دی!!!
نیگات پر لە خۆشەویستی
و
خەیاڵت پشکۆی ئەوینی
تێدا دەدرەوشایەوە.
تۆ ئیترکارمامزی خەیالی ئەوینمت
گرتوە،
تۆ پڕی لە جوانی عەشق
لە چرپە بارانی گەرموو
مەرەبانیەکی سەرشێت
موتوربەی کردوی بەخۆتەوە.
لەناو وشەکانتا
شکۆفەم دەچنی
لەئەوینتا سۆز ی پر خەیاڵم
دەهۆندەوە،
لەناو وشەکانتا هەمیشە من و
لە خەیاڵما هەمیشە تۆ
پەیژەی شێعرم هەڵدەچنی.

کوێستان عومەرزادە





لەیلا قادری/ساکار

# حومێڕا،

## (چیرۆکی ڕاستەقینە بە هێندێ گۆڕانکارییەوە)

حومێڕا و یاقوب بە ویست و خواستی خۆیان و پاش دوو ساڵ نامە گۆڕینەوە و ژوانی کەلێن و قوژبنان، چوونە ژێر میچێکەوە.

کارم بەوە نییە کە خەسووی چەندی خۆ لە دار و بەرد دا، چەندی هەڕەشە و گوڕەشە بۆ ناردەوە، چیها نوشتەی لێکرد، چەندە دەستەوداوێنی شێخ و مەلایان بوو، کەچی ئەوەی کردیان، هەر کردیان و یاقوب دەستبەردار نەبوو.

تکای خوێنێکی لە یاقوب کرد، زۆری لەبەر خوێند، بەرۆکی خۆی دادڕی، دوعا و نزای کرد، وەک خەڵاتەکەی برایماغا، ماشێنەکەی لێ ئەستاندەوە.

یاقوب کۆڵی نەدا و شێلگیرتر بوو، بە تاقی تەنێ، بێفێڵ و فەرەج و بە گیرفانی بەتاڵ و حەتاڵ، لە پێشخانەی ماڵی بابی حومێڕا چۆکی دادا، سینگی هێنا پێشێ و نەیهێشت تاقە چڵەشەمچەیەکی ماڵی بابی، بەو لایەدا بێ و لەسەر تەقتەقانەکەی بەر ماڵان، داوەتێکی چاکی بۆ گێڕا.

پاش چەند مانگێک، خەزووری هۆی داوە و خانووبەرەیەکی چاکی لە نێوشاری بۆ کڕین و گەردنی خۆی پێ ئازا کردن و وردەوردە گیسکە لەڕە کوژراوە و پێی قەوم و خوێش کراوە...

بیستبوویەوە وەجیهای خەسووی نیولیرەی پەهلەویی بووکێنیی خۆی فرۆشتووە بۆ سەرقەڵەمانەی دوعای ڕەش و لە مستی مەلا کوێرەی کردووە...بە گوێیان هەڵێنابوو وەجیها چ داوێکی بۆ ناوەتەوە و گوتبوویان ئامان سەد ئامان نەهێڵی تخوونی نان و چێشت و ئاوی سەماوەرت کەوێ.

لەقسان مەلا پێی گوتبوو: "نوشتەکە، مێو کە و دوو جار لە پەرداخێک ئاوی شیلەوگەرمی هەڵکێشە و پاشان ئاوەکەی بە جۆرێک دەرخوارد دە و ڕۆژی چوارشەممە، تەنگی شێوان بیبە قەبرستانی کۆن و لەبن سەری منداڵی نابالغی نێ."

داخی نەدەچوو، دەیگوت: پاش برینگەریی(عەمەل) منداڵدانی چەندەم خزمەت کرد و چەندەم پیسایی لەبەر گرت، بەرگەدە خاوێنکردنەوە و قامک بە کۆمدا کردنەکەم هەر ناچێ لەبیر... کچەکانی خۆی بێزیان نەدەهات قۆتراشەکەش بەدەستەوە بگرن، ئەیامێکی چاک قەبز بوو کەچی منی گەوج و بێئاوەز، ڕۆژێ دوو جارم بە قامک گوو پێ دەکرد، دەمگوت بەشکم لووتم پێدا بێنێ و قەڵسەم لێ نەگێڕێ و نێوچاوانم لێ گرژ نەکا و لەولاولا و پاشملە نێوی بابم نەهێنێ.

دەمزانی ڕۆژێک وەک ماری کەڕە پێمەوە دەدا و وام بە سەرەوە ناچێ...

پیس دۆڕابووم، دانیشتم، بە هەر دوو دەست لە ڕانی خۆم دا و زۆرم پەکوو پەکوو کرد، جا ئەوجار دەورێکی چاکم بۆ کەرەژنی و گەوجی و ساویلکەیی و دمچەوتیی خۆم هەڵگرت.

دوو سێ جار، جیفڕکم لە خۆم دا، گوتم دەچمە جەستەی ئەو دەڵەدێوە و خەشی خۆمی پێ دەڕێژم و ئەوی خراپە پێی دەکەم، کەچی دەستی خەزوورم کول بوو...چون بۆخۆی پیاوێکی وێچوو، بەخزمەت و ماقووڵ بوو. قەت لە گوڵێ کاڵتری پێ نەکوتم، زۆر جار هومایی دەکڕی، دەیگوت کڵاوێک بۆ خەزوورت بچنە، لەکن دۆست و برادەران دەڵێم دەستوکاری بووکەکەمە و خۆی پێوە ڕادەنێم.

دارێکم پێ بوو، هەر دوو سەری گواوی بوو، ئەخە زۆرم پیش بردەوە بەرە خۆم و سەبرێکم ڕاگرت و متەقم نەکرد چەند مانگی تێوەرسووڕا...

ڕۆژێک لە یاقوب بەشک بووم، سوور سوور دەمزانی بەینێکە خەریکی چییە و کەینەوبەینەی لەگەڵ کێ هەیە...بۆسەم بۆ ناوە و وەک مشک،کلکی پێوە بوو.

ئەوجار شەڕ گەیشتە قۆپی و هەر دەهات و خەستتر دەبۆوە، یاقوب حاشای لێ نەکرد و گوتی مەیلم چۆتە سەری و تۆش سەرپشک بە، یان دانیشە و هەوێساری قەبووڵ کە یان چیت دەکەوێ، دەتدەمێ و...

هەتا دەست دەیگرت و شان شل دەبوو، مستێکم لەبەر دمی دا، ئەویش دەستی کردەوە و بە تەقڵەکوت ماڵی خەزوورم هەموو تێوەگلان و هەر کەسەو لەقەدەر خۆی، ترش و خوێی لێدا و خۆی تەکاند و کشاوە.

خەسووم، گەزارەی کێشابوو، بزەبزێکی بوو نەبێتەوە، داوێنی کراسی بەلادا دا و لەچکەی توندوتۆڵ لە پشتە ملی گرێ دا و هەر دووک دەستی لە کەلەکەی نا و جا بەرامبەرم ڕاوەستا:

ئایارۆ حومە ڕەش، ئەوە لەبیرت چۆتەوە، تکا لە تکاکار بڕا، هێندەی خەڵکمان لێ ڕاسپێری؟! کووچە و کۆڵانی وڵات نەما تۆ ماچت لێ نەدابێ، بەزازی ئەو شارە نەما تۆ پێی قەرزدار نەبی، ژنی ئەو ناوەناوە نەما دەلاڵی بۆ تۆ نەکردبێ، هەتا خۆت بەسەر کوێرەکەی کوڕمدا بڕی...ئەی بۆ ئەودەم ئاوا دەنگ دڵلێر نەبووی؟ شەرمەگێلاخەت دەکرد؟

بەرخم تۆ شەش ساڵە بووکی منی، هێشتا نەمدیوە جووتە گۆرەوییەک بۆ ئەو مێردەت بشۆی، ئێستاش نازانی دوو میوان بەخێرهاتن کەی و بە ڕووسووری بەڕێی کەی، ئەلحانیش نازانی چۆن لەگەڵ مێردەکەت جووت بی، ئەوەنێ کۆشت چەند پڕە!

کوڕی من دەتگوت کاکە مەمی ڕۆمێیە، تاقە تاڵێکی ڕەشت بۆ دەرمان بە سەرییەوە نەهێشت، هێندەت گوت "دایکت وای کرد، خوشکت وا ڕۆیشت"...

هەی لینگ دارەلۆتی! لە سایە سەری تۆوە، جێژناوجێژن کوڕەکەمان دەبینین، تەرخی خوشک و برات پێ کرد، لە ماڵە بابەکەشیت کردووە.

یاقوب دەتگوت سەنگی محەکە، ئەها شەش دانە ساڵی ڕەبەقە دزی و گوێبڕی دونیا نەما بۆت نەکا.

ڕۆژەکە بیستم بەربووکت نەبووە و پەڕۆی ڕووسپێتیت کەس نەیدیوە، زوو زمانی خۆم گەزت، بەڵام ئاخ هەتیوەکەی خۆم خوێڕی بوو و ئاوری کردبۆوە. ئێستاش خۆ شەریک و برابەشمان نی، مارەییەکەت نۆزدە مسقاڵ زێڕە، کچی بابی خۆم نەبم ئەگەر

ئەورۆ بۆت نەکرم. ئیدی هەتیوەکەم مەخەسێنە و دەغزداری مەکە، شەرت بێ بە شەرتی خودا و ڕەسووڵان، گەردنکێلێکی چاوبەڵەکی بۆ بێنم، خەڵک دەستەدەستە بێنە سەیری. ئێ! ڕەنگە پێت وابێ کوڕی من پەکی بە تۆ کەوتووە، لینگ تووزەلە(دووزەلە)!

خەزوورم: کچێ تۆ من بە پیاو نازانی، شەرمێک شکۆیەک لەو بووک و زاوایانە بکە...باشە ئەوە بۆ من ئەوەندە پیاو نەبووم و جەنگای چەند ساڵە دەستم لە دەستی تۆ نەبۆوە، خۆ منیشماڵێکی زۆر و زەوەندم هەیە، مارەییەکەی تۆش هەر بیست و پێنج سەر مەڕە...

هەی بابی خێوت(...) بۆ ڕێ و شوێن و قسەی لە گوێی منداڵی خۆتی دەئاخنی، چاکە!

بە لەشی ناخێرمان دوو کچی خەڵکمان لەپاڵ دایە و دوو زاوات گوێدێرن، جڵەوت نەگیرێ، ناهێڵی تاقێکیان دانیشن، دە بەسە هەموو وەزاڵە هاتووین لەدەست تۆ، تێکڕا وەرهەمی ڕەشمان هەڵێناوە.

+ مامە گیان، لەسەر من خۆت پیاوخراپ مەکە، من بەو کراسەی بەرم لەو ماڵە دەچمە دەرێ و لە خێر و بیرتان دەردەچم، دەست لە مارەیی و دۆدوی بۆدیش دەشۆمەوە، تازە پشتی دەستی خۆم داغ دەکەم لە خۆشویستن...بەڵان هەتا بە روح زیندوو بم، قەرەواشی ئەو کەوشانەی تۆم و چاکە و پیاوەتیتم هەر لەچاو دایە.

یاقوب: ئەو بەر و بوخچەیەت بۆ ماڵی بابت تێک ناوە؟ دەچییەوە دەبێ هەفتەی حەوت ژەم مەزراویلکە و شۆرباوهێلکە بخۆی، جارێش دەبێ بە مارەوتەڵاقی منەوە بتلێیەوە.

+ سێودووت لەگەڵ ناکەم، تۆ عیشق لە کەللەی داوی و دڵت گەرم داهاتووە، ئەلحان من وەک دێوەزمە وام لەبەر چاوت، بەڵام جوان گوێ شل کە یاقوب، من بەو مەزراویکە و شۆرباوە گەورە بووم، بۆیە مەچەکم دەتکوت ئی پاڵەوانە، زرمەی پێم ئەو ماڵەی دەلەراندەوە، گوللەم بەدەست دەگرتەوە، کاری ژن و پیاوم دەکرد هێشتا دەتگوت خۆری سەرکەڵم. تۆ نەبووی بە بەژن و باڵاتدا هەڵدەگوتم!؟ ئێستاش قسەکانت لە گوێمدا دەزرینگێنەوە، هەر هاتم لەو بەقوڕێگیراوەوە، وەک بەزی سەر مەنجەڵ توامەوە و هەڵقرچام.

تۆش تەڵاقم دەدەی یان نا، چ گونی خاڵم پێی ناچێ. خۆ دڵ گۆشتی سەر چەپەر نییە، تازە حاشاوەلیللا لە دڵداری.

ئەو ڕۆژە، گورجێکی، ساکێکم شڕەوبڕە تێک نا و ئەڵقەی دەزگیرانی و سێ چەکە پووڵ و دوو سێ کلیلی ژەنگاویم لەسەر تاقەی وەتاخێ بەجێهێشت و بە کۆڵێک ڕەنجەڕۆیی و کوڵوکەسەر و دوو چاوی تەڕ و قالبێکی شەکەت، وەختێ ئارەقە لە بەری پێم دەڕژا و لاقم لەدوو نەدەهات، لە نێو گۆڵگەشە و هاتوهاواری ماڵی خەزوورمدا، بەرەو کارێژی سەیفالی وەڕێ کەوتم. لەو کۆڵانانە، بە بانگ و سەڵا دەگریام و زۆر جار لاقم دەفیزا. گەیشتمە کن ماشێنەکان و شوناس و ناسیاوم لێ پەیدا بوو... هەرکەس تووشم دەبوو دەیگوت: حومێڕا ئەوە بۆ وا پەشۆکاوی، ناکا موو لە زمانمان بێ، دایە حولەیما شتێکی لێ هاتبێ!

ئەی ئەوە میرزا یاقوب کوا؟ ئەو بەروبوخچەیە چییە؟ ناکا تۆرابێتی؟ "سەلیم"ە کوردە گوتی: "هەی لە کاکی خۆت نەکەوێ هەی، تێکچوونێ لەگەڵ یارێ، ئاشتبوونەوەی زۆر خۆشە. مەگری، خۆ کاکی خۆت نەمردووە، وەڵڵا بزانین پەل ببزێوێ، ئەلێرە ئەتکی دەکەین. ڕەنگە پێی وابێ چاوسوورت نییە، دەتوانێ بە کەیفی خۆی ڕایدا؟".

نیو سەعاتی نەگرت گەیشتمەوە ماڵێ، ڕەببی لاڵاییم دایە بۆ دایکی هەناسەساردم، مەنجەڵێکی زنجیرداری لەسەر ماتۆڕی وەسەر نابوو، خێراخێرا ناسووسی لێ دەدا و ڕووبەکەی هاتبووە نیزیک دەرچوون.

هەر سەری هەڵێنا، دەستی لە ناسووس بەردا و توند لە باوەشی گرتم و گوتی: "ئەوە بەروبوخچەت هێناوەتەوە حومێڕا؟ ماڵی باب، ڕووگەی منداڵە،لە کچ و لە کوڕ...بەخێرێیەوە، هەر کچەکەی جارانی، ئەمان خۆزگە کوێر بایەم و تۆم ئاوا لێوبەبار و چاوبەفرمێسک نەدیتبایە. چەند بێکەسین ڕۆڵە! بۆیە دەڵێن بەختی دایکان، گیازی/جیازی کچانە. لێت بەزیاد نەبێ خودایە بۆ بەشت.

باشە بۆ دەبێ بەختمان بە بەختی ئیستیفا کەلوکۆمیش نەبێ!؟ دەترێ و دەڵێ شازدەی مانگە.

ئەورۆ بەیانی، حانێکی چووم تفاق لەبەر ماڵاتی کەم، تەمەشا دەکەم گوێلکێک و مەڕەزاوێکم مردوون. لە تاوانیان لەسەر دونیایە نیم، ئەو زەرەدەشم هاتە سەر، کاکم هەردووکیانم پێ دەبژێرێ."

+سێ مانگەی پاییزێ دانیشتم، عەبدێک نەهات بڵێ قوونت چەند جەواڵ کا دەبا. چاوەڕێ بوون بۆخۆم شکایەت بکەم. دایکیشم دەیگوت:

:چوارخاڵم بکێشن نابێ لینگ لە دادگا نێی. لەسەر دەستی دوو کەیخودا و مەلایەک تەڵاقی لێ بستێنە و هەستە حەوا. "

دەروجیران لەگەڵ خۆیان دام و لە نیزیک ڕەزایە، سێوی "باوەرێن"مان بۆ کارخانەکان کۆدەکردەوە و نیوە نەغد و نیوە قەرز، چەند سەرم مەڕی پاییزەزێ بۆ دایکم کڕییەوە، ئیدی ئەوجار لەبن ترڕ و منەتی ماڵی خاڵم هاتە دەرێ. ڕزقی خۆمانی دەگرت و پەسمەندەکەی دەبردە مەیدانی ماستی/بۆکان و دەیفرۆشت.

بە تەواوی مەیلی یاقوبم نابوو، دایکم تاقە جارێکی بەچاودا نەدامەوە و ڕووی لێ گرژ نەکردم، ئەننەهوو دەتگوت قەت مێردیشم نەکردووە. دەروجیرانیش بە قوونی دڕاویانەوە، نە پللاریان تێگرتم و نە پێمەوە ماندوو بوون و نە چڵکیان شوشتم.

دوو سێ دۆج/گاز( کۆمپرێس ماشێنی بارهەڵگری قەدیمی) کاریان بۆ دەکردم، سەرەندی گەورەم دەبردە ئیشکەڕۆکەی بەرماڵان و شەوی دەما دەستم دەکرد بە خیز دابێژتن... خیزێکی چاکم لێ فرۆشت، لەولاشەوە، هەشت هێکتار زەویی دێمم بە دەودوو هەڵگرتبۆوە و پاییزێ بە نۆکە سپیلکە دامچاندبوو... ڕۆژی خۆی گەورەکچ و کوڕەجحێڵەی کانیتۆمار و نۆباریشم قاو دا و بە هەرەوەز تەقەمان لێ هەستاند.

ساڵ و نیوێکی تێوەرسووڕاوە، یاقوب ژنێکی لەسەر دوو منداڵان هەڵپچڕیبوو، لە بێنەوبەرەی ژنخواستندا بوو، دوو پیاوی لێ ڕاسپاردبووم هەتا بە پووڵێکی کەم چاوم ببەستێ و تەڵاقم دا. منیش لێی هەستامە سەر پاشوو و داوای نەفەقەی ئەو ١٨ مانگەشم کرد و زویر و ناقایل، ڕاسپاردەم بەڕێ کردەوە.

ئەو باس و خواسە دە ڕۆژێکی خایاند، لەو ماعبەینەدا کابرایەکی چاکیان پێ ناساندم، لە ئورووپا دەژیا و شاش و واش پووڵی بۆ خزم و کەس دەناردەوە، هەموو پێی خەنی ببوون.

کابرای گۆرین ژمارەی بۆ ناردبووم و گوتبووی ئاوی بە دەستەوەیە داینێ و قسەم لەگەڵ بکا"..

دەزبەجێ زەنگم بۆ لێدا و پاش من خۆش و تۆ خۆش، کابرا دەستی کرد بە پێداهەڵگوتن و بۆم بوو بە شایەر و ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە. دەیگوت: "دەڵێی ئەسپی خۆشبەزی، بەقوربانی ئەو دایکە بم مەمکی لە زارت ناوە، دەستی شکاوم چەند درەنگم تۆ ناسی!"

چوومە بەر ئاوێنەکەی دیوی دایکم و چاوێکم لە بەژن و باڵا و قەڵافەتی خۆم کرد، گوتم ئەی بۆ

خەسووم پێی دەگوتم:" ریقنەی، مارمژیوی ڕیوەڵە!!"

خەسووە بێچاوڕووەکەم، چاوی پێم هەڵنەدەهات و وەک دەڵێن کەسێک ڕقی لە کەسێک بێ، خەونی گولی پێوە دەبینێ.

هەموو ڕۆژێ هەتا شەویلکەمان شلشل دەبوو، قسەمان دەکرد و کامێرامان دەکردەوە و گوڵ و جەرگ و دڵ و هەناومان بۆ یەک دەنارد.

پاش دە ڕۆژەکە، زەنگم بۆ خەزوورم لێدا، گوتم من سازم. کوێ دەڵێن دێمە ئەوێ و دوو قڕانێکی سووتاوم لێتان ناوێ. هیچمان لە هیچ.

دڵم گەرم داهاتبوو، خۆم لە شەقامەکانی ئۆسلۆدا دەدیتەوە. جا ئەوە تەنگەی شێوانە و دەستم لە دەستی ئەسعەد دایە و نەرمنەرم شەقاو هەڵدێنینەوە و جاروبارە سەرم بە نازەوە لەسەر شانەکانی دادەنێم و ئەویش قژەکانم لادەدا و لاجەیانگم ماچ دەکا.

دایکم گوتی: "

ڕۆڵە دونیایە، ئەوە من نەمام، دوژمن بە خۆت خۆش نەکەی، تۆ سێحەب سۆرەوتۆرەی، چاوت لەو نەبێ ژنی هێناوەتەوە، بچی ملی خۆت لە چەقۆ هەڵسووی و تۆرەمە سەگێکی وەک یاقوب گیان، لەسەر خۆت بکەیە ماڵ."

گوتم:

"دایە گیان، کەسێکی وا هەیە، قەولی داوە، هەر دووکمان دەبا بۆ خاریج، دەڵێ دایکت بۆ کێ بەجێ دێڵی...نانێکم بێ لەگەڵ دایکت دەیخۆم و کەسێک شیری پاکی خواردبێ، قەت بۆ تاقە سەعاتێک فەرقی دایکی و خەسووی ناکا."

– بەو خودایەی شادەم پێ هێناوە، بەقام بە یەک پیاو نییە. گووی سەگ بە ڕیشی ئەوی چاکەکەیان، بزانم کێهایان دەگرێتەوە، من تازە عومری پیرەمەرێکم ماوە، چم لە غەریبایەتی و نێو ئەو ڕووت و قووتانە داوە!! هەر زەلیل نەبم و خودا ئیمانم داتێ، هیچم ناوێ".

نان و ئاوم لێ حەرام ببوو، گنجم لە خۆم بڕیبوو هێندەی خۆ بەقوربان ئەسعەد کەم.

پاش دوو مانگ، بە دەستی پڕەوە هاتەوە کوردستان و خۆم تیف‌تیفە دا و چوومە ژوانێ. دایکم نەیزانی دەنا تۆخماخی سەری دەکردم.

گوتی:

"وەرە مەهاباد، لەوێ کەس نامناسێ."

لە باغی میکاییل یەکترمان دیت، دەتگوت خودا خەنی کردووم.

گوتی:

" دەبێ سەبارەت بە کاروباری کەیسەکەت قسە بکەین و ڤیدیۆیەک زەفت کەین، چون دەوڵەتی نۆرویژ داوامان لێ دەکا، با زوو کارەکانت جێبەجێ بێ و منیش لەو سەڵتی و ڕەبەنییە بێمە دەرێ".

منیش هەستام وەک مەڕ وەپێشی کەوتم و چووینە ماڵێکی خۆش و بەرفەریحەوە. کوڕێکی باڵابەرزیش لەوێ بوو. هەر پێم لە ژووری نا، خۆی ڕووت کردەوە و دەستی بۆ مانتۆ و لەچکەکەم هێنا.

گوتم:

" کەنگێ قەراری ئەوەمان بوو؟ تۆ کڵاوت لەسەر نام، ئەو نێرەکەرە کێیە لێرە؟"

گوتی:

" بۆ کەیسەکەت پێویستە، کەیفی خۆتە، وادیارە لێم پەشیمان بوویەوە، دەزانم جوانچاک نیم و تۆ بەسەر منەوەی، چ بکەم وەستا کەریم نەیدا."

بەو قسانە دڵم نەرم بوو، چووینە وەتاخەکە و بە کەیفی ئەو ڕووت بوومەوە و بە دڵی خۆی لەگەڵ کردم و کوڕەش دووربینەکەی دامەزراند و ڕۆیشتە دەرێ.

پاش چەند خولەک وەخۆ هاتمەوە، سەرم هەڵنەدەهات، بەدم خۆکۆکردنەوەوە: "دایکم بزانێ روح بۆ کوێ بەرم! دەستەوبەجێ سەکتە دەکا. ئەی لە خۆم خەجاڵەتێ، ئەوە چم کرد!"

ئەسعەد توند لە باوەشی گرتم و گوتی: "ئەگەر تۆم نەبا بۆ ڕازی ژیانم چ کەسێک دەبوو بە بەردەنیانم"

بەو جۆرە دیسان هیوا چەقەرەی داوە.

هەر ڕۆژنارۆژێک بە بیانووی دوکتور و ماڵی رەفیق و تاناکۆڕا، دەچوومە مەهاباد و بە لاقی خۆم دەچوومە باوەشییەوە.

پاش بیست ڕۆژ گەڕاوە ئوورووپا و منیش ئەوە سوێم دێتەوە بۆی. دونیام لێ ببووە چەرمی چۆلەکە. دەستم بۆ هیچ نەدەچوو، زوو زیز دەبووم، بیانووم دەگرت، چاوم بەسەر مۆبایلە ڕەشدا داچەقاندبوو.

خەزوورم لێی ڕاسپاردبووم و گوتبووی دەمهەوێ سەد میتری زەوی لە بەرامبەر شیرکەتی نەوتی عەولاغا بەنێو بکەم، ویژدانم ناحەسێتەوە ئەو کچە بە جلی بەریەوە لەو ماڵە چۆ دەرێ و دەستی لە هەموو شتێک شۆردەوە.

پرس‌وڕام بە ئەسعەد کرد، گوتی:

"یەک و دووی لێ نەکەی، بەغار سجیل و کارتەکەت بەرە با بە نێوت کا، قاحبەباب کەمی هەیە!"

خاکەکەم بەنێو کرا و قەباڵەم لە تەنگەی باغەڵم نا و هاتمەوە.

ماشێنێکی چاکیشم بە ڕەنجی شان و پیلم کڕیبوو، شایی دونیام پێی بوو...جاروبارە دایکە خۆشی‌نەدیوەکەم سوار دەکرد و گۆرانی ماملێ و حەسەن‌زیرەکم بۆ دەخستە سەر و دایکم سەری بۆ دەلەقاندن . دیار بوو دەیگوت ئەوە منم، لەژێر سێبەری کچۆڵە بەدبەخت و بنەڕەشەکەم حەساومەتەوە!؟

چ حەفتەی پێ نەچوو، کوڕێک نامەی نارد و گوتی: فیلمی نیزیکی تۆ و کابرایەکمان پێیە، چی لێ بکەین؟ بڵاوی کەینەوە یان بێدەنگانەکەمان بۆ لەو ژمارە حەسێبە دەکەی؟

تەمێک بەرچاوی داگرتم، هەچەندی لە ئاوێنە باڵانوێنەکەدا لە خۆم ڕوانی، ژنێکی زرت و زەلامی بیرکۆڵ و مێشکی کەرخواردووی مارانگەستەم بەدی دەکرد کە بە گۆترەکاری و بیرچەوتی، عومرێکە ئاسنی سارد دەکوتێ و ناگا بە مراد.

حەک ڕەببی سێبەندەی پشتم شکێ و ڕاست نەبمەوە، خۆ من دەمگوت تازە ببڕە و ببڕەوە، ئاو بمبا، ناچمە سەر پردی نامەرد...جا زیندەخەوەکانم دەستیان پێ کرد. زاتم نەبوو بە ئەسعەد بڵێم چۆن لە یەکەم ڕۆژەوە بە زینەوە لێم هاتۆتە پێشێ و چۆن قولاپەی گرتووم و بە دمەوە لە عەرزی داوم. سەد کێچ لە کەوڵم کەوتبوو. نامەم نارد بۆ کابرا و گوتم: من ئەوە خۆم دەخنکێنم، جا تۆش چ لەو فیلمە دەکەی ئیختیار بە خۆتە. دایکم لە حەسارێ خەریکی شیلاوک خاوێن کردنەوە بوو، تاو دایهێزاندبوو...سووکێکی، بەبێ هەست و خوست چوومە دەرێ...ڕووم لە چۆڵگەیەک کرد، پەپوو لێی نەدەخوێند. تاقە دارێکی بە پەل و پۆی لێبوو، کەندرێکم لە دار گوێزەکە هاڵاند و قولفەم کرد و گوتم: " دایە گیان، سەرم هەڵنایە لە حاندت، با لەوە زیاتر ئابڕووت نەچێ، هیچ ڕێی دیکەم شک نەدەبرد."

چاوەکانم قووچاند و گوریسم لە مل کرد و خۆم هەڵاوەسی(هەڵئاوەسی)، ویرەی بەردێک لەبن گوێم هات...

حاجی عەلی چێودار بوو، لەقسان دوور و نیزیک هەڵێنابووم و ...

باوەشی بە نێوقەدم داکرد و فڕێی دامە عەرزی و دوو تفی لە ڕووم کرد و گوتی:

"هەی جەرگت هەلاهەلا بێ ڕۆڵە، چۆنت ئەمەگی ئەو پیرەدایکەت داوە. بە بۆنەی تۆوە دڵمان بە کچەکانمان خۆش بوو، دەمانگوت کاری حەوت کوڕ بۆ دایکی دەکا و تێی



هەڵێناوەتەوە. پەحا بە حاستەم و دووبەڵا هەناسەت مابوو".
خۆم لەو خۆڵە دەگەوزاند و سەرم بە ئانیسکەوە هەڵدەقەندرا.
حاجی، کەشیدەکەی داکەند و سەروگوێلاکی بۆ سڕیمەوە و گوتی: "لێت ناکەمە زۆرەملێ، ئەگەر ئەو گرێیە بە مامی خۆت دەکرێتەوە، درێغی مەکە با تەگبیرێکی لێ بکەین، بەو کابەتوڵڵایەی زیارەتم کردووە، مەگەر گڵ لێم ببیستێ، تۆش یەکێکی وەک ئاڵتوون و خاتوون."
دیتم ئەو حاڵە بەو حاڵە ناشێ، گوتم:
"مامە حاجی لەخۆم خەجاڵەتێ، ڕووزەرد و سەرشۆڕ خۆم".
جا ئەوجار سفرەی دڵم هەڵڕشت.
حاجی کرووشمەی کردبوو و تێمابوو چ بڵێ.
هەر ئەوەندەی گوت:
" باشە دێڵە سەگ تۆ تۆپیبای، کێ گونی بۆ لە خمی دەدای؟ ها؟ کێ؟
لەگەڵ کابرا جووت بووی و کامێرای تێگرتووی، ئەویش نە جارێک و نە دوو جار. ئەخە بە خشەخشەکەی نەتزانی مارە، بە مشەمشەکەی نەتزانی!!!
تازە لەپاش چووان نەچین باشە، دەبێ بیکەیە تەجرەبە و دونیا قوونەکەو کەی... کچم! هەڵە و لەبیرچوون جاروبارێکە، دەڵێن هەر عەقڵەی لە خەسارێکە. هەستە خۆت بتەکێنە با بچینەوە نێودێ.
ئەو ژمارەیەش بدە بە مامی خۆت، دەیدەم بە کوڕەکانی ئەودیو...ئەوان چارەی دەکەن و ئاوای بەسەرەوە ناچن."
چوومەوە ماڵێ، دایکم هەر لەبەر شێرەکە خەریکی سەروپێ خاوێنکردنەوە بوو.
گوتی:
"کچم ئەو تەلەیفوونەت دینی خۆی گا، نازانم کێیە، پەیتاپەیتا زەنگ لێدەدا...ون بووی، هەر نەمای!"
دیتم ئەسعەد سەد زەنگی لێداوە و نامەی ناردووە:
" تۆ ژنێکی سووک و چرووکی و چۆن خێرا بۆ منت داکەند، ئاواش بۆ خەڵکی دادەکەنی. بۆیە دەمهەوێ هەرچی زووتر لە ملی خۆمت کەمەوە. خێزانم پێی زانیوە و شکایەتی لێ کردووم، ئێستاش جەریمەیەکی چاکی دەوڵەتم بۆ هاتۆتەوە، هەمووی لە چاوی تۆ دەزانم و دەبێ نیوەی زیادی ئەو پارەیەم لەگەڵ بدەی، دەنا فیلمەکە دەنێرم بۆ ئەوانەی بڤەن و نابێ بیبینن. هێشتا نەڕێسرابوو، نەپێچرابوو، تۆ باسی شایی و لۆغان و هەڵەکە سەمات دەکرد. کۆڵەوەژ خانم، خۆت بخورێنە، خۆ تۆ زۆر ئەبلەخەرج بووی! زەمین و ماشێن و زێڕ و ...چیت هەیە تا پازدەی سەرماوەز سازی کە، ئامۆزاکەم دەنێرم، بیدە دەستی."
لەگەڵ مامە حاجی قسەم کردەوە و نامەکانم نیشان دا...حاجی گوتی:
"کچم، گوێت نەبزوێ، ئەو پیاوە نییە. بزانە چۆن دەیخەسێنن."
کابرا کاری هەڵخەڵەتاندنی ژنانی دەوڵەمەند بوو، زۆر کەسی لە نەغەدە و شنۆ و پیرانشار بەو دەردە بردبوو... کوڕەکان، خەساندیان، بەڵام زۆر حەستەمە جارێکی دی بەقا بە پیاو بکەمەوە...چون نازانم "شەنگەبی"م یان"کۆڵەوەژ"...

# کۆچی دوایی خاتوو نەجیبە ئەمینی



سەر لەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە ڕێکەوتی ٦ی بانەمەڕی ١٤٠٠هەتاوی دایە نەجیبە ئەمینی هاوسەری کەسایەتی دێرینی دێموکرات خوالێخۆشبوو "مامە قالە عەبدوللاهی" ناسراو بە "مامە قالە سووتوو" و دایکی کادری حیزبی دێموکرات کاک "حەسەن عەبدوللەهی" دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لە گەڵ پەتای نەگریسی کۆڕۆنا کوچی دوایی کرد.

دایە نەجیبە ژنێکی بەئیمان و شۆڕشگێر و ڕۆح سووک بوو کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو حیزب و ئامانجی گەلەکەی هاوڕێ لەگەڵ هاوسەر و تاقانە کوڕەکەی کاک حەسەن دا بردە سەر .

دایە نەجیبە بەهۆی ماندوو بوون و دڵسۆزییەکانی زۆر جار لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە ڕێزی لێگیراوە، بەداخەوە ئاوات و ئامانجەکانی بە چاوی خۆی نەبینی و بەکۆڵێک حەسرەتەوە سەری نایەوە.

لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی بەڕێزی مامە قالە و کاک حەسەن و هەموو ئازێزانی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین ڕوحی دایە نەجیبەش شاد .

دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
٦بانەمەڕی ١٤٠٠هەتاوی

# کۆچی دوایی ئەندامێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئۆرێبرووی وڵاتی سوئید

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٩ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی خاتوو "نازدار مەحمودزادە" ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی دڵ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری یئ"ئۆرێبروو"دڵە مێهرەبانەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

خاتوو نازدار ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە گوندی "قووڵەسویرو" لە داوێنی بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بوو. دواتر ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خەباتکاری نەسرەوتووی کوردایەتی کاک مەلا برایم مەسڵەحەت پێک هێنا.

دوای ساڵانێک ژیانی پێشمەرگایەتی، کاڵەی غەریبیان لە وڵاتی سۆئێد کردەوەو هەتا دوا ساتەکانی ژیانیان لە شاری ئۆرێبروو ژیان.

ئەندامەتی خاتوو نازدار مەحمودزادە لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٩٠ی زایینی. سەرەڕای نەخوێندەوار بوونی ئەندامێکی دڵسۆز و چالاکی یەکیەتیی ژنان بوو و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەکەی دا بەشداری دەکرد. هەر وەها ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و هەر لە ڕێگای ڕزگاری کوردستان دا برایەکی شەهید بوو.



بە کۆچی دوایی خاتوو نازدار یەکیەتیی ژنان ئەندامێکی دڵسۆزی خۆی لە دەست دا.

هەر بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان و جگەر گۆشەکانی و هەموو دۆستان و هاوڕێیانی دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین.

**دەستە ی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**کومیتەی سوید**
**١٠ی ئاوریلی ٢٠٢١**
**٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠هەتاوی**



# پرسەنامە

هەر وەک ئاگادارین پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی پێشمەرگەی بە بیرو باوەر و فیداکارو خەباتکاری ڕاستەقینەی حیزب، هاوڕێ "مستەفا حەکیم زادە" ناسراو بە "حەکیم " دوای ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکی سەخت ماڵئاوایی لە هاوسەنگەران و تێکۆشەرانی دێموکرات کرد.
جێی ئاماژەیە کاک حەکیم ماوەی زیاتر لە چل ساڵ بوو لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دڵسۆزانە تێدەکۆشا، و پارێزەری ڕێبەرانی شەهیدمان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هەروەها لە دوای شەهید بوونی دوکتور سەعید پارێزەر و یاری وەفاداری کەسایەتی گەورەی حیزب و گەل بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بوو.
ئەو تا دوا هەناسەی وەفادار بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدمان سەر بەرزانە مایەوە.
بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا ئەو ڕێباز و ئامانجەی زیاتر لە چل ساڵ بوو کاک حەکیم خەباتی بۆ دەکرد بەرهەمەکەی بەچاوی خۆی ببنێ و چووە نێو ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە.
لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی گەورەی حەکیم زادە هاوسەری خۆشەویستی خاتوو عیسمەت حەسەن پوور کادری لێهاتووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، هەروەها کچە ئازیزەکانی کە هەموو کات خەمخۆرانە لە خزمەت یەکیەتیی ژنان دابوون و ئەندامی چالاک و دیاری یەکیەتیی ژنان بوون، دەکەین و لەو خەمە گەورەیەدا خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

**١٧ی بانەمەری ١٤٠٠هەتاوی**
**دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

## کۆچی دوایی دایکێکی نیشتمانپەروەر



دایە گوڵخاتر ئامانی(کاکاڵە) سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوای ماوەیەک لە بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و دوا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. شایانی باسە دایە گوڵخاتر لەبنەڵەیەکی کورد پەروەر و نیشتمان پەروەری شاری شنۆ لەدایک بووە و تا دواساتەکانی ژیانی تووشی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بۆوە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران. جگە لەوەش سێ لە جگەر گۆشەکانی لەڕیزەکانی حیزب دا خەباتیان کردوە. یەکێک لەوان خوشکە "خەدیجە مەعزوری" ئەندامی ڕێبەری حیزب و کادری لەمێژینەی یەکیەتیی ژنانە کە لەتەمەنێکی کەمدا دەستی داوەتە چەک و دژی زوڵم و زۆرداری وەستاوەتەوە.
بەو بۆنەیەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی گەورەی مەعزووری و ئامانی دەکەین و ئاواتەخوازین دوا ناخۆشی بنەماڵەیان بێت.
دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

## هەڵوەرینی خونچەیەک لە نێو باخچەی منداڵانی دێموکرات

بەداخەوە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٢بانەمەری ١٤٠٠ی هەتاوی "شایان غەوارە"ی یازدە ساڵان جگەر گۆشەی کاک "شەهاب غەوارە" پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و خاتوو "فریشتە مەجیدی " ئەندامی بەوەجی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کورستان دوای نزیک بەدوو ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.
لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پرسە و هاوخەمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی غەوارە دەکەین و خۆمان بەشەریکی خەمیان دەزانین . هیواداریین دوا کۆست و ناخۆشی بنەماڵەیان بێت.



**دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**١٣بانەمەری ١٤٠٠هەتاوی**

# قارەمانی موتورکراسی ژنان



قوڵ بەستکرانی شەهرزاد نەزیفی قارەمانی موتور کراس و مامۆستای فێر کاری موتور یەکێک لەو ژنە سەرکەوتوانەیە کە بێ ئەوەی حوکمی یاساییان پێ بێ هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵەکەی و دوای دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانی و کچەکەی بە ناوی "نورا نەراقی"دەست بەسەر کرا.
ناوبراو لە لەقی ٢٦دادگای ئێنقلاب بە هەشت ساڵ زیندانی و سە مانگ خزمەت کردنی زۆرە ملێ بە کەم ئەندامانی زێنی و دو ساڵ مافی چونەدەرەوەی وڵاتی نەبێ .
ئەوە یەکەم جار نیە دەسەڵات ژنانی لێهاتووی وڵاتمان بە تاوانی جۆراوجۆر ڕادەستی گرتووخانەکان دەکات و ئێزنی گەشە و هاتنە نێو مەیدانەکانی وەرزشی و پاڵەوانەتی لە ژنان زەوت دەکا.

## بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکەی کوردیی لە ساڵیادی لە سێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی لە سەقز

چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنیی لە شاری سەقز بە بۆنەی یازدەهەمین ساڵوەگەڕی لەسێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی کوردییان لەو شارە بڵاو کردەوە.
ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی، خەڵکی مەدەنی و چالاکانی فەرهەنگیی شاری سەقز، بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ١١ ساڵەی لە سێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی جۆراوجۆر(ڕێنووسی کوردیی، شێعری منداڵان ، مێژووی کوردستان) یان لە گەڕەکەکانی بەردبڕان،سیلۆ و نەشمیلان بەسەرخەڵک و ماڵەکاندا بڵاو کردەوە کە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی بێوێنەی لێکرا.
شایانی باسە کە فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی،شیرین عەلەمهوولی و فەرهاد ئیسلامیی لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ساڵی ٨٩ی هەتاویدا لە لایەن تاریکپەرەستانی کۆماری پەت و سێدارەوە لە دار دران و شەهید کران کە تائێستاش تەرمەکانیان ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکراوەتەوە.



## بەشداری‌نەکردنی کچانی ژیمناستیک‌کاری ئێرانی لە کێبەرکێ جیهانییەکان

وەزارەتی وەرزشی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندووە کە، بەهۆی شێوازی جلوبەرگی کێبەرکێیەکان، کچانی ژیمناستیک‌کاری ئێرانی، لە کێبەرک جیهانییەکاندا ناتوانن بەشداری بکەن.
مەهین فەرهادیزاد، جێگری بەشی گەشەی ژنان لە وەزارەتی وەرزش و لاوانی ڕێژیمی ئێران، پاش پەسەند نەکردنی جلوبەرگی ژیمناستیک‌کارانی ژن بۆ ڕۆیشتنە کێبەرکێیەکانی دەرەوەی وڵات وتوویەتی: لە وەرزشەکانی مەلە و ژیمناستیک بەهۆی جلوبەرگی "پێوەرمەند" لە جیهاندا کچانی ئێمە ناتوانن بەشدار بن.
ناوبراو هەروەها ڕایگەیاند؛ کچان و ژنانێکی قارەمانمان لەو بوارانەدا هەیە کە بە دانانی کێبەرکێی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی ئیسلامی و لە نێوخۆدا، هەوڵ دەدەین بۆیان قەرەبوو بکەینەوە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە بە پێچەوانەی روانگەی بەرپرسانی ڕێژیم، وەها ڕێگرییەک تەنیا لەنێوبردنی وزە و پەراوێز خستنی توانای وەرزشوانانی بەدواوەیە و هاوکات ئاشکرایە کە بەرپرسانی پێوەندیدار، تەنیا وادە و بەڵێنی بە وەرزشوانان دەدەن و بەڵێنییەکانیان هیچکات بە کردەیی ناکەن.



## دادوەری ناوبژیوانە ژنەکانی ئێران لە یاریەکانی پلی ئاف ی  پیاوان دا





ڕۆژی ٣٠ی بانەمەڕ، هەردوو یانەی فوتسالی میوانداریی فووتسال دەکەن، کە چوار تیمی عێراق، تایلەند، ڤێتنام و لوبنان دەبن بەم پێیە ئیبراهیم مێحرابی ئەفشار، گلارە نازمی و زەری فەتحی، سێ ناوبژیوانە فوتسالیە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتەکەمان دەستنیشانکراون بۆ ئەوەی ناوبژیوانی ئەو هەڵمەتانە بکەن، کە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو بۆ دادوەریی کردنی خولەکە ئەنجام دەدریت.

## کچە وەرزشوانێکی ئیلامی لە کێبرکێیەکانی کرواسی سەرکەوتنی بەدەست هێنا




"ئارمینا سادقی" کچە وەرزشوانێکی "ئیلامی" لە کێبرکێیەکانی تیرهاوێژی لە وڵاتی کرواسی سەرکەوتنی بەدەست هێنا.
"سادقی" لە بەشی تیرهاوێژی بە درێژبوونەوە میداڵی "زیو"ی ئەو کێبرکێیانەی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە.
ئەو کێبرکێیانە بە بەشداریی ٢٨٠ وەرزشوان لە ١٥ وڵاتی جیهان لە وڵاتی کرواسی بەڕێوە دەچێت.
لە پارێزگای "ئیلام" ٨٠٠ وەرزشوانی ژن و پیاو لە بواری تیرهاوێژی بە بەردەوامی چالاکیی وەرزشییان هەیە و سەرەڕای بوونی لایەنگر و سەرکەوتنی چالاکوانان لەو بوارە وەرزشییەوە بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسان ئەو وەرزشە لە حاڵی لەنێوچووندایە.

## نەهێشتنی یاری بۆکسێن بە بیانووی ئەوەی کە ژن ڕەیحانەیە!



زۆر پێش ئێستا مەهین فەرهادیزاد، جێگری سەرۆکی وەزارەتی وەرزش و لاوانی ژنان، وتی: بە باوەڕی ئێمە ژن بە ڕەیحانە ناوزەند دەکرێت، ناتوانین دیسپلینێک قبوڵ بکەین کە کاریگەری لەسەر تەواوی سیستمی جەستەیی و فیزیۆلۆژیی ئەو بکا.
لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئارمین غوبادی پاشا، بۆکسێنی ئێرانی ئیلاهی سێفیدی ئاماژەی بە سەرنجەکانی ماهین فەرهادیزاد کرد و وتی: لە ئێران یاری بۆکسێنمان نییە، بەڵام ئێمە گرنگی بە ژنان دەدەین لە ڕاهێنان و زۆر هاندەرین لەو کۆبوونەوانەی کە لە وەزارەتی تەندروستی هەمان بوو بەڵێنیان داوە کە بۆکسێنی ژنان فەرمی بێت، بەڵام بەدواداچوونەکە کار ناکات

بەشێوەیەکی زانستی نەسەلمێنراوە کە ئاستی تێستریسۆنی ژنان لە بۆکسێندا بەرزدەبنەوە.

## کاردانەوە بەرامبەر بە بەشداری نابەرابەری ژنان لە گفتوگۆی ئاشتیدا: "من بەشی یەکسانم دەوێ"

گروپی هونەرسالار لە نارەزایەتی دەربڕین لە بەشداری نابەرابەری ژنان بۆ گفتوگۆکانی ئاشتی ئەفغانستان، دروشمی "من بەشی یەکسانم دەوێ" لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی نێو جەرگەی کابولی نەخشاند بۆچی دەبێ ئەو ژنانەی کە زۆرترین ئازاری شەڕیان چەشتووە کەمترین نوێنەرایەتییان لە گفتوگۆی ئاشتیدا هەبێ؟
ئەم گروپە خۆبەخشە زۆرجار مامەڵە لەگەڵ چەند پرسی وەک دژبەری کردنی گەندەڵی و یاخیبوون و پاراستنی مافی ژنان و کەمینەکان و چەند پرسی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکا.
بەشداری نابەرابەری ژنان لە گفتوگۆی ئاشتیدا هەمیشە نیگەرانی و ڕەخنەی خەڵک و چالاکانی مافەکانی ژنانی لەلا دروست بووە.




## کارێکی جوان و پیرۆز

لە شاری بیجاری ئازیز ،بە بۆنەی نەورۆزی کوردی و بۆ ڕێز گرتن لە زمانی دایک فسیڤالێک بۆ مندالە چاوەگەشەکان بەڕێوە چوو ، هەر سەربەز و سەربڵند بن هاوشاریانی بیجاری

بیجاڕ وەهار ساڵ ٢٧٢١کوردی
یەکەمین فستیڤاڵ زوان کوردی زاڕووەگان



# بەڕێوەچوونی وێبیناری ئۆنلاین سەبارەت بە بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانی ئێران و نەچوون بۆ سەر سندووقە کانی دەنگدان


ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی٢٠٢١/٦/١٢، کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، وێبینارێکی بۆ بەڕێزان موژگان عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و بەڕێز خالید حەسەنپوور ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا.

سەرتای وێبینار بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان لەتیفە جەباری بە نوێنەرایەتی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات بە خێر هاتنی بەشداربووان و کۆرگێڕانی کرد و باسێکی کورتی لە سەرهەڵبژاردنەکان و ئەرکی ڕێکخراوەکەمان لەو پێوەندییەدا پێشکەش کرد و لە سەر چۆنیەتیی و شێوەی بەڕێوەچوونی کۆڕەکە زانیاری پێویستی دایە بەشدار بووان.
بەشی یەکەمی وێبینار تەرخان کرابوو بۆ موژگان عەلیپوور و باسەکەی لە ژێر سەردێڕی، بۆچی ژنان لە ئێران نابێ بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.
لە سەرەتای قسەکانیدا، موژگان عەلیپوور باسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئێران کرد و گوتی کە هەڵبژاردن لە ئێران نەک لەسەر بنەمای دێموکراسی نییە، بەڵکوو گاڵتە کردنە بە دێموکراسی. هەڵبژاردنێک کە خەڵک تێیدا نەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن هەڵبژاردن نییە.
هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا پرژایە سەر بارودۆخی ژنان لە ئێراندا و وتی هەرلە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامییەوە و بە هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە، ژنان لە زۆربەی مافەکانی خۆیان بە یاسا بێبەش کراون و تەنیا مافی دەنگدانیان پێدراوە کە ئەویش بۆ ئیعتبار بەخشین بە دەسەڵاتی خۆیان بووە. کە وابوو ژنان نابێ دەنگ بدەن بە دەسەڵاتێک کە لە ئەوان تەنیا وەک دەنگدەر کەڵک وەردەگرێ.
لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، عەلیپوور باسی لە ئاڵۆزی و ناکۆکی نێوان باڵەکانی ڕێژیم کرد و گوتی: کاتێک بەو بەربڵاوییە تەنانەت لە خودی مۆرەکانی ڕێژیم ڕەدی سەلاحییەت دەکرێ، نیشانەی بێ متمانەیی و ناکۆکی لەنێو خودی باڵەکانی نیزامە و لەوەها دۆخێکی سیاسیدا دەبێ گرینگی بە زەروورەتی بایکۆت بدەین کە نارەزایەتی دەربڕینێکی کاریگەر و کەمتێچوو دەبێ.
لە بەشی دووهەمی وێبینارکەدا خالید حەسەن پوورئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات باسێکی لە ژێر سەردێڕی، کاتێک ئامادەبوون لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ ڕێژیم پێویستە، تەحریم کاریگەرترین هەڵوێستە پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.
سەرەتا خالید حەسەنپور لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا گوتی، ڕەدی سەلاحییەتی بەشێکی بەرچاو لە بەربژێران و بە تایبەتی بەربژێری نیزیک لە بەنێو بەیتی ڕێبەری، نیشانەی نەعێک جەراحی سیاسی و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کۆماری ئیسلامییە.
هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا حەسەنپور ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو ڕەدی سەلاحییەتانەی شورای نیگەهبان کردوونی، نیشانەی قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی کۆماری ئیسلامی، و بە پێوەرە نادێموکراتیکەکانی ئەو نیزامەش زۆر نادێموکراتیکن و دوور لە عوورفی کۆماری ئیسلامین.
هەرلە درێژەی قسەکانیدا حەسەن پوور گوتی کۆماری



ئیسلامی هەتا ئێستا دوو قۆناغی لە ژیانی خۆی تێپەڕاندووە. و ئێستا و لەو هەڵبژاردنەشدا چۆتە نێو فازێکی دیکەی ژیانیەوە کە، ئەو ڕێژیمە بە کردوە بەرەوو دیکتاتۆری ڕووت دەبا.
لە درێژەی باسکەیدا حەسەنپور پرژایە سەر کارتێکەری ئەو فازە و پێی وابوو کە ئەو ڕەدی سەلاحییەتانە بەرەی دژبەرانی دەسەڵات و بەیتی بە نێو ڕێبەری لە لایەک بەرینتر دەکا و لە لایەکی دیکەوە ڕادیکاڵتر دەکا.
هەروەها مەودای نێوان دەسەڵات و خەڵک زۆرتر دەبێ و دژایەتی سیستەم لەلایەن خەڵکەوە دەگۆڕدرێ بۆ دوژمنایەتی سیستەمی کۆماری ئیسلامی.
لە بەشی دووهەمی باسەکەیدا حەسەنپوور، ئاماژەی بە هۆکاری ئەو جەراحییە سیاسییە کرد و گەڕاندییەوە بۆ شکستی هەنارده کردنی شۆڕشی ئیسلامی، شکستی کۆماری ئیسلامی وەک مۆدێلێکی سیاسی، ئیدئۆلۆژیکی و ئابووری لە جیهان و ناوچەدا و گەڕانەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو پێستی خۆی.
هەروەها حەسەن پوور، هۆکاری ئەو فازە نوێیەی بەستەوە بە مەودای نێوان خەڵک و حاکمییەت و پێیوابوو بەیتی بە نێو ڕێبەری لە دوور دیمەنی سیاسیدا ئەوە دەبینێ کە ئەگەر ئەوجار خەڵک بێنە سەر شەقامەکان، ئیعترازات توندووتیژ دەبێ و لە حاڵەتێکی وادا لە ڕوانگەی بەیتی ڕێبەری یەوە، پێویستە هەستەی قودرەت یەک دەست بێ بۆ ئەوەی نیزام تووشی دارمان نەبێ.
بەشی کۆتایی وێبینار تەرخان کرابوو بۆ پرسیاری بینەرانی وێبینارەکە، کە لە لایەن هاوڕێ لەتیفە جەباری یەوە ئاراستەی کۆرگێران کران و وەڵام درانەوە.
سێمینار دوای نیزیک بە دوو کاتژمێر کۆتایی پێ هات.

فارسی



شهاب کاکه‌خزری

# تجاوز در بستر زناشویی

**موضوع مقاله :**
**بررسی تطبیقی خشونت و تجاوزهای جنسی در ازدواجهای مشروع از لحاظ حقوقی و پیامدهای روان شناسی در رابطه به موضوع مورد بررسی :**

**چکیده :**
**تجاوز زناشویی به هر فعالیت جنسی که توسط یک فرد ازدواج کرده یا ازدواج نکرده که با دیگری رابطه همزیستی دارد ، بدون رضایت فرد دیگر انجام گیرد، اطلاق می گردد. شامل نوازش کردن، رابطه جنسی دهانی ، آمیزش مقعدی یا سایر فعالیت های ناخواسته یا اجباری می باشد ، این تعریف همچنین اعمال جنسی را که فرد قصد دارد بر خلاف میل فرد مقابلش انجام دهد را شامل می شود.**
**زنان بصورت بالقوه نه تنها در عرصه ی عمومی مورد تجاوز قرار می گیرند بلکه درخانه در بستر زناشویی هم از این گزینه در امان نیستند به گونه هایی که می توان گفت این شکل از تجاوز شایع ترین فرم تجاوز حتی بیشتر از هر دو شکل تجاوز توسط آشنا و بیگانه است .تجاوز جنسی زناشویی در تمام حد مرزهای اجتماعی ، اقتصادی ،سن ، نژاد،تومیت ها ،سطوح آموزشی می تواند اتفاق افتد و همین باعث شده که در بسیاری از کشورهای جهان ازلحاظ حقوقی قوانینی برای حفظ و کاهش این موارد انجام گیرد .**

در سال ١٩٤ در دادرسی ٢٢٣/٩٤٧ دادگاه استیناف لوگزامبورگ تایید شد که قابلیت اجرای دستورات قانون کیفری تجاوز جنسی برای تجاوز جنسی زناشویی نیز قابل اجراست (٦٨)

در یونان ٢٠٠٦ قانون ٢٠٠٦/٣٥٠٠ تحت عنوان برای مبارزه با خشونت خانگی تصویب شد که تجاوز زناشویی را جرم اعلام کرد . این قانون در ٢٤ اکتبر ٢٠٠٦ به اجرا گذاشته شد همچنین این قانونگذاری انواع دیگر خشونتهای درون ازدواج و روابط هم باشی و انواع دیگر سوء استفاده از زنان را ممنوع کرد (٧٩)

ماده ٣٧٥ قانون جزایی هند(IPC) سکس تحمیل شده در ازدواجها را فقط تحت شرایطی غیر قانونی اعلام کرد که روجه زیر ١٥ سال باشد از این رو تجاوز زناشویی هنوز یک جرم کیفری تحت IPC نیست.(٨٨) قربانیان مجبورند که به قانون ٢٠٠٥ حمایت از زنان در برابر خشونت خانگی هند (DWDV٤) مراجعه کنند(٨٩) کشورهایی که به تازگی تجاوز زناشویی و غیر قانونی کرده اند

زیمباوه (٢٠٠١)، مالزی (٢٠٠٧) تایلند (٢٠٠٧) رواندا (٢٠٠٩) نیکاراگوئه (٢٠١٢) کره جنوبی (٢٠١٣) آمریکای جنوبی که در سال ١٩٩٣ تجاوز زناشویی را غیر قانونی کرد (١١٣) اولین محکومیتش برای تجاوز جنسی زناشویی در سال ٢٠١٢ به خود دید (١١٤)

پیامدهای خشونت های جنسی و تجاوز در بستر زناشویی در بین زوجها

بررسی های علمی نشان داده است که زنانی که همسرانشان آنها را به زور وادار به رابطه ی جنسی می کنند دچار آسیب های هیجانی، جسمانی و رفتاری زیر میشوند.

هیجانی: افسردگی، ترس، اضطراب، کاهش اعتماد به نفس، احساس گناه، خشم – سرکشی و سرزنش خود.

جسمانی: سردرد، تنش عضلانی، به هم خوردن معده (تهوع) دردهای ناحیه ی تناسلی، زخم های گوناگون بدنی و بارداری ناخواسته

رفتاری: پرخاشگری – اقدام به خودکشی – سو به مصرف مواد، گوشه گیری – اختلال خوردن، بی خوابی یا پرخوابی

تجاوز یک همسر یا شریک زندگی در بیشتر موارد همراه با خشونت فیزیکی می باشد. یک مطالعه در اروپا نشان داد حدود ٢٥ درصد از مرتکبان تعرض ها، شرکای فعلی یا سابق زندگی بودند. در حالی که تجاوز یک غریبه یک روحی شدید است، اما به طور معمول رویدادی ست که فقط یک بار اتفاق می افتد و به وضوع به عنوان تجاوز جنسی برداشت می شود در مورد تجاوز توسط شوهر یا شریک جنسی بلند مدت، پیشینه ی آن رابطه بر واکنش قربانی تاثیر می گذارد. یک تحقیق نشان داد که آسیب های تجاوز زناشویی از نظر روانی و فیزیکی می توانند بیشتر یک فرد غریبه باشد (١٦٨) تجاوز زناشویی می تواند به عنوان بخشی از رابطه ی توهین آمیز رخ داد. آسیب های روحی تجاوز به دیگر تأثیر رفتارهای توهین آمیز یا سوء استفاده یا حرف های تحقیر کننده افزوده شود. به علاوه تجاوز زناشویی به ندرت رویدادی است که یک بار رخ بدهد و معمولا تکرار می شود.(١٦٩)

زمینه های خطر ساز:

در آغاز با این سوال مواجه می شویم که:

عوامل و زمینه هایی که باعث می شوند بعضی مردان زنان خود را به زور به تماس جنسی بکشانند چیست؟ جواب این سوال را می توان به استناد به تحقیقی که راشناهاز ٢٠٠٢ انجام داد پاسخ داد. که عوامل شخصیتی و روانی تجاوزگر را بدین شرح مینویسد.

خشم: یکی از اجزاء درونی هر نوع خشونت خشم است. افرادی که نمی توانند احساس ناامنی و ترس خود را با روشهای درست و هوشیارانه ابراز کنند به راه های ویرانگری روی می آورند، پرخاشگری کلامی و برخوردهای فیزیکی یکی از جلوه های اصلی رفتاری است.

افسردگی: کوچران ورامینو (٢٠٠٠) گزارش دادند در مردانی

فارسی

که به انواع خشونت های خانگی می پردازند بیش از مردان سالم نشانه های افسردگی و احساس بی کفایتی دیده می شود.

حسادت عاشقانه: پژوهشگران بین حسادت عاشقانه یا غیرت منفی مردان با زور گویی و خشونت علیه آنها را از جمله تجاوز زناشویی، ارتباطی معنادار و قوی پیدا کرده اند (داتن و ونگینکل ۱۹۹۵).

سلطه گری: یعنی نپذیرفتن رابطه ی برابر بین دو فرد، مرد سلطه گری که می خواهد پیوند زناشویی او با همسرش حالت ارباب – را داشته باشد به جای تفاهم و گفت و گوی منطقی از قدرت و گفتمان «حق من بر تو» استفاده می کند و در نزدیکترین، عاشقانه ترین و لذت بخش ترین تماسهای خود یعنی تماس جنس مقدس و مشروع، مانند برده داران دوران بربریت ، جسم ناتوان همسرش را می آزارد و به جان و احساس لطیف او آسیب می رساند.

تحمیل رابطه ی جنسی برخلاف میل زوجه اغلب به عنوان یک خطا کاری غیر اخلاقی شناخته نمی شود و از این رو تلاش برای متوقف کردن این سنت بسیار سخت است (اغلب مردانی که همسرانشان را به یک عمل جنسی وادار می کنند معتقدند که کارهایشان شرعی است حتی اگر با زور همراه باشد تحمیل شده باشد در بخش هایی از جهان به واسطه ی سنت شیر بهاست. پرداخت شیر بها در ایران هم باید این موضوع از دیگاه مختلف و در حوزه های فرهنگی، قانونی، سیاسی همزمان به موازات هم انجام شود.

تغییرات در حوزه ی فرهنگی بسیار تاثیر گذارتر و ماندگارتر از تغییرات قانونی و اصطلاحات نجیه گرایانه ای است که از بالا تصویب می شود و حق و حقوقی موقتی و بازگشت پذیر به زنان می دهد بنابراین اگر خواهان که مطالبات و حقوق زنان پس گرفتنی نباشد احتیاج به تغییرات فرهنگی داریم.

باید تصاویر و کلیشه های خاص زنانگی و مردانگی را از بین برد تا تعدیل کرد. باورهایی که مردان را از نظر جنسی فعال و آنان را اسیر شهوت و غیر قابل کنترل می دانند و زنان را همچون کالایی می داند که نمی تواند شخصیت واحد و مستقلی داشته باشد نگاهی به تمام معنای جنسی و درونی، عقایدی بدین سان می تواند نتایج رفتاری مختلفی در مردان و زنان بوجود آورد، در مردان می تواند به شی انگار زنان شود و زن شی برای ارضای نیازها باشد. تلاش برای تغییرات فرهنگی همه جانبه و بلند مدت باشد.

در حوضه ی حقوقی:

وقتی عدل و برابری رکن ذاتی انسان است، این باید در قوانین و مقرارتی که رابطه بین زن و مرد و حقوق مربوط به آن را تنظیم می کند هم منطبق باشد. باید دانست که تحقق عدل اسلامی در دنیای مدرن بدون مدرن سازی و دموکراتیک کردن دیدگاه های حقوقی امکان ناپذیر است. اصولا حقوق مدنی ایران از فقه اسلامی تبعیت می کند و اینجاست که در کنار تلاش ها ی روشنفکران، نقش روحانیون روشن فکر می تواند بسیار مهم باشد و تاثیر گذار باشد.

حوزه ی سیاسی:

در ایران باید برای گسترده کردن تعریف تجاوز و تحول در قوانین مربوط به تجاوز تلاش های بیشتری کرد و قانون گذاران و مردم هم باید آزادی و حوزه ی خود مختاری جنسی را مورد احترام و حمایت قرار دهند و به وسیعت بشناسد، همچنین چیزی را که باید به مبارزه طلبی دیدگاه عرضی رایجی است که جرایم واقع در حوزه ی خانگی را مسئله ای خصوصی و خارج از حیطه وظایف پلیس و دستگاه قضایی می داند. متجاوز به عنف است و این مسئله ارتباطی به رابطه ی خویشاوندی ندارد، پس از ازدواج نباید حق یک زن را برای حمایت در مقابل خشونت از بین برد، پس با اقدام جهت تصویب قانون جهت محکومیت تجاوز به همسر می توان به نتایج مفید به آن در آینده امیدوار بود.

نتیجه گیری:

با توجه به تحقیقات انجام شده در بسترهای حقوقی و روانی که بررسی نموده ایم و در حوزه های فرهنگی، اجتماعی، سیاسی و اقتصادی در باب مسئله تجاوز جنسی به صورت تطبیقی نگاه کرده ایم به این نتیجه رسیدیم که ایم مسئله به عنوان یک جرم اگر در قوانین کشور تصویب شود بسیاری از خشونت های جنسی در درون خانواده از بین می روند. بنابراین در خصوص این مطلب باید در مورد قانون تمکین بازبینی هایی صورت پذیرد تا از حقوق زنان در برابر خشونت جنسی که مردان انجام می دهند، دفاع به عمل آید.

همچنین با توجه به اینکه این موضوع را از بعد روانشناختی مورد بررسی قرار داده ایم به این نتیجه رسیده ایم که این افراد( زنانی که مورد تجاوز زناشویی قرار گرفته اند) از لحاظ روانی در معرض ابتلا به بیماری هایی مانند افسردگی، اختلالات اضطرابی و حتی در حالت حاد بیماری های سایکوتیک، هستند و آسیبهای روحی جبران ناپذیری را بر خانواده و جامعه وارد می آورند.

این مقاله در مجله (گوڤار) «ژنان» به چاپ میرسد

پایان



# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan
No : 53 Date: June 2021



## پوورە نەجیب

### شۆڕەسواری مێژوویەك